کەبات XEBAT

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (6021) سێشەممە 13ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

ئەحمەد سەفار: بە دەنگدان لەسەر ئەو پڕۆژەیاسایەی وەرگرتنی قەرز بوودجەی چوار مانگی ئەمساڵ دابین دەکرێت



ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەحمەد سەفار رایگەیاند، بە دەنگدان لەسەر ئەو پڕۆژەیاسایەی کە حکوومەت بە ئامانجی وەرگرتنی قەرز بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بوودجە رەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کردووە، ئەوا بوودجەی چوار مانگی ئەمساڵ دابین دەکرێت و ئاماژە بەوەیش دەکات کە ئەگەر دەنگ لەسەر ئەو پڕۆژەیاسایە بدرێت، ئەوا مووچەی چوار مانگی داهاتووی ئەمساڵی فەرمانبەران دەستەبەر دەبێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکۆماری عێراق دۆخی وڵات تاوتوێ دەکەن

بە پەرۆشییەوە دەڕوانینە ئەو بارە قورسە دارایی و ئەمنی و تەندروستییەی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە



نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 12/10/2020 لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەرسێ سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ کۆبوونەوە.

کۆبوونەوە تایبەت بوو بە بارودۆخی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی. دەربارەی دۆخی عێراق، کۆبوونەوە بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە ئەو بارە قورسە دارایی و ئەمنی و تەندروستییەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئاراوە و پشتیوانیی هەرێمی کوردستانی بۆ هەنگاوەکانی حکوومەت و دامەزراوە دەستوورییە فیدراڵییەکان دووپات کردەوە بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی وڵات، بەتایبەتی ڕەخساندنی کەشێکی سەقامگیر و لەبار بۆ کار و ئەرکی نوێنەرایەتیی وڵاتانی دۆست و نێردە نێودەوڵەتییەکان لە عێراق.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

خەسرۆ گۆران: بە پێی کۆتای ئافرەتان یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق دیاریکرا



ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بە پێی کۆتای ئافرەتان یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق دیاریکرا، بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت، عێراق بۆ 83 بازنە دیاریکرا و لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی کۆبوونەوە و باسمان لە تەواوی یاساکە و ناکۆکییەکانی سنوری ماددەی140ـی ناوچە کوردستانییەکان کرد.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

وەڵامێک بۆ ئەو شەتاحەتەی لە PUK میدیا و کوردستانی نوێ بڵاو دەکرێنەوە

5



13

د.جێگر عەزیز عەلی:

ئەستەمە لە عێراق بتوانرێت پیشەسازی نەوت و گاز لەلایەن وەزارەتی نەوت و حکوومەتی عێراقەوە بە ڕەهایی کۆنترۆڵ بکرێت

لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و بە جینۆسایدناساندنی کەیسی ئێزدییەکان کۆبوویەوە



دوای پەلاماردانی گرووپە تیرۆریستییەکانی داعش بۆ عێراق و دواتریش ئەنجامدانی تاوانەکان، لیژنەیەك لە هەرێمی کوردستان پێکهات بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و هەریەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، ئاوەدانکردنەوە، پێشمەرگە، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و فەرمانگەی هەماهەنگی بەدواداچوون تیایدا ئەندام بوون.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



5

مانی ئێزیدیان لە کالکاری ئەڵمانیا پشتگیری لە ئاساییکردنەوەی شنگاڵ دەکەن



کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان:

دابەشکردنی بنکەکانی دەنگدان کارەکانمان ئاڵۆز دەکات

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق رایگەیاند کە دەستپێکردنەوەی کارەکانیان، پەیوەستە بە دەنگدان لەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە.

ئاژانسی هەواڵیی فەرمی عێراق باڵاوی کردەوە کە نووسینگەی راگەیاندنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەداوە کە لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران لەگەڵ تیمی هونەری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان کۆبوونەتەوە.

بەپێی راگەیەندراوەکە لە کۆبوونەوەکەدا، کێشە و ئاستەنگە هونەرییەکان کە بوونەتە بەربەست لەبەردەم کارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەگەڵ ئامادەکارییەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە خراونەتەبەر باس و لەو بارەیەوە ئاماژە بەوەدراوە کە دەرکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان بە سیستەمی فرەبازنەیی هەڵبژاردن لە یەك پارێزگادا لە پێناو بەدیهێنانی نوێنەرایەتیکردنی زۆرینەی هاوواڵاتیان بووە، هەروەها بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردانێکی بێگەرد بووە کە جێگەی متمانەی شەقامی عێراقی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی بێت.

لە راگەیەندراوەکە باس لەوەشکراوە کە تیمی هونەری کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان رایگەیاندووە کە دەستپێکردنەوەی کارەکانیان، پەیوەستە بە دەنگدان لەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە، لەگەڵ دابینکردنی بوودجە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە و ئەوەیشی خستووەتەڕوو کە دابەشکردنی ناوەندەکانی تۆماری بایۆمەتری دەنگدەران و بنکەکانی دەنگدان، کارەکانی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن تایبەت بە ئامادەکردنی تۆماری نوێی دەنگدەران ئاڵۆز دەکات.

ئەحمەد سەفار: بە دەنگدان لەسەر ئەو پڕۆژەیاسایەی وەرگرتنی قەرز بوودجەی چوار مانگی ئەمساڵ دابین دەکرێت

هەر کاتێک قەرز زیاد بکات کاریگەریی لەسەر قەبارەی یەدەگی نەختینە لە بانکی ناوەندی دەبێت



ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەحمەد سەفار رایگەیاند، بە دەنگدان لەسەر ئەو پڕۆژەیاسایەی کە حکوومەت بە ئامانجی وەرگرتنی قەرز بۆ چارەسەرکردنی کورتهێنانی بوودجە رەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کردووە، ئەوا بوودجەی چوار مانگی ئەمساڵ دابین دەکرێت و ئاماژە بەوەیش دەکات کە ئەگەر دەنگ لەسەر ئەو پڕۆژەیاسایە بدرێت، ئەوا مووچەی چوار مانگی داهاتووی ئەمساڵی فەرمانبەران دەستەبەر دەبێت.

ئەحمەد سەفار لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی هەواڵیی فەرمی عێراق رایگەیاند کە حکوومەتی عێراق پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرز بە ئامانجی چارەسەرکردنی کورتهێنانی بوودجە، بۆ چوار مانگی داهاتووی ئەمساڵ رەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران کردووە و گوتی: بە دەنگدان لەسەر ئەو پڕۆژەیاسایە، حکوومەت دەتوانێت بوودجەی چوار مانگی ئەمساڵ دابین بکات، چونکە خەرجی و قەرزەکانی مانگەکانی رابردوو لەگەڵ خەملاندنەکانی بۆ چوار مانگی کۆتایی ئەمساڵ لەخۆدەگرێت.

ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەحمەد سەفار سەبارەت بە کورتهێنانی بوودجە ئەوەی خستووەتەڕوو کە لە پڕۆژەیاساکەدا ئاماژە بەوەدراوە، 41 تریلیۆن دینار کورتهێنان لە بوودجەدا هەیە، بەڵام ئەو کورتهێنانە تەنها چوار مانگی ئەمساڵ ناگرێتەوە، بەڵکو قەرزەکانی پێشووی تیایدا کە گواستراوەتەوە بۆ بوودجەی چوار مانگی ئەمساڵ بەتایبەتیش ئەوەی کە پەیوەستە بە گرێبەستەکانی نەوت، قەرەبووکردنەوەی کوێت لەگەڵ قەرزەکانی دیکە.

ئەحمەد سەفار باسی لەوەشکردووە کە لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران لەگەڵ ئەم پڕۆژەیاسادا نابێت، ئەگەر حکوومەتی فیدرال پاکێجی چاکسازیی پێشکەش نەکات و جەختیکردووەتەوە کە وەزیری دارایی عێراق بەڵێنی داوە کە بە چەند قۆناغێك، پاکێجی چاکسازیی پێشکەش بکات.



ئەندامی لیژنەی دارایی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەحمەد سەفار سەبارەت بە لێکەوتەکانی وەرگرتنی قەرز گوتی: هەر کاتێك قەرز زیاد بکات، ئەوا کاریگەریی لەسەر قەبارەی یەدەگی نەختینە لە بانکی ناوەندی دەبێت کە ئەوەیش کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی دارایی و بازرگانی عێراق لەگەڵ وڵاتانی دیکە دروست دەکات».

ئەحمەد سەفار سەبارەت بە دەستەبەرکردنی مووچەی فەرمانبەران رایگەیاند، ئەگەر دەنگ بدرێت لەسەر پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرز کە حکوومەتی عێراق رەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی کردووە، ئەوا مووچەی چوار مانگی داهاتووی ئەمساڵی فەرمانبەران دەستەبەر دەبێت و جەختیشی لەسەر ئەوە کردەوە کە جگە لە دەنگدان لەسەر پڕۆژەیاسای وەرگرتنی قەرز هیچ چارەسەریەکی دیکە نییە، بەڵام بەو مەرجەی حکوومەتی فیدرال پاکێجی چاکسازی پێشکەش بکات کە تا ئێستا رەوانەی ئەنجوومەنی نوێنەران نەکراوە.

لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و بە جینۆسایدناساندنی کەیسی ئێزدییەکان کۆبووەوە



دوای پەلاماردانی گرووپە تیرۆریستییەکانی داعش بۆ عێراق و دواتریش ئەنجامدانی تاوانەکان، لیژنەیەك لە هەرێمی کوردستان پێکهات بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و هەریەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، ئاوەدانکردنەوە، پێشمەرگە، فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم و فەرمانگەی هەماهەنگی بەدواداچوون تیایدا ئەندام بوون.

دوێنێ دووشەممە لیژنەکە بە ئەندامێتی هەریەك لە، وەزیری ناوخۆ، رێبەر ئەحمەد، وەزیری پێشمەرگە، شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری ئاوەدانکردنەوە، دانا عەبدولکەریم، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری بەغدا، خالید شوانی، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێم، سەفین دزەیی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران ئامانج رەحیم و، بەرپرسی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، عەبدولحەکیم خەسرۆ کۆبوونەوە.

دوای کۆبوونەوەکەش بەرپرسی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، عەبدولحەکیم خەسرۆ لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانییدا تیشکی خستە سەر ناوەرۆکی کۆبوونەوەکە و گوتی: ئەم لیژنەیە بە بڕیاری ژمارە ٢٠ی ساڵی ٢٠١٤ پێکهاتووە بۆ لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی تاوانەکانی داعش و بە جینۆساید ناساندنی کەیسی ئێزدییەکان لە شنگال و پێکهاتەکانی دەشتی نەینەوا، بە دڵنیاییەوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە گرنگی دەزانێت کە ئەم تاوانانەی داعش بە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بناسێنێت کە دژی خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە».

عەبدولحەکیم خەسرۆ گوتیشی: لەم کۆبوونەوەیەدا جەخت لەوەکرایەوە کە هەموو هاوکارییەك بکرێت لە نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق بۆ ئەوەی بتوانین دەرەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە بەدەستبهێنین و، لە دادگاکانی ناوخۆ لە چوارچێوەی یاسای دادگاکانی عێراق دادگایی بکرێن».

بەرپرسی فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوەشکردەوە کە ئەم پڕۆسەیە بۆ ئەوەیە کە مافی خەڵك بگەڕێتنەوە و قەرەبووی ئەوانەش بکرێتەوە کە لە ئەنجامی کارە تیرۆریستییەکانی داعش تووشی زەرەر و زیانمەند بوون.

کۆمکاری عەرەبی دووچاری قەیرانی سەرۆکایەتی بووە

دوای ئەوەی فەڵەستین لە سەرۆکایەتیکردنی کۆمکاری عەرەبی کشایەوە و بەدوایدا پێنج وڵاتی دیکەش گرتنەدەستی ئەو پۆستەیان رەتکردەوە، لە ئێستادا کۆمکاری عەرەبی بەدوای وڵاتێکدا دەگەڕێت کە ببێتە سەرۆکی ئەم خولە. کۆمکاری عەرەبی کە لە ساڵی ١٩٤٥وە دامەزراوە لەئێستادا، دووچاری قەیرانی سەرۆکایەتی بووە.


ئەمەش دوای ئەوە هات کە یەکێتییەکە رەشنووسێکی تایبەت بە ئیدانەکردنی رێککەوتنامەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئیماراتی رەتکردەوە و بەمهۆیەوە لە ٢٢ی ئەیلوولدا، فەڵەستین دەستبەرداری پۆستی سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی بوو.

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەو وڵاتەی سەرۆکایەتی یەکێتییەکە دەکات بەپێی ریزبەندی پیتەکان هەڵدەبژێردرێت.

دوای کشانەوەی فەڵەستین هەریەکە لە وڵاتانی کوێت، قەتەر، دوورگەکانی کۆمۆرۆ، لوبنان و لیبیا پۆستی سەرۆکی کۆمکاری عەرەبی-یان رەتکردەوە. ئەمەش یەکەمجارە لە مێژووی یەکێتییەکەدا، شەش وڵات پێکەوە وەرگرتنی پۆستی سەرۆك رەتبکەنەوە. ئامانج لە دامەزراندنی کۆمکاری عەرەبی رێکخستنی پەیوەندییە ئابووری، فەرهەنگی، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەب بوو، بەڵام بەردەوام بەهۆی ناچالاکییەوە، رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە. بەڕای چاودێران زۆرینەی بڕیارەکانی یەکێتییەکە کە ٢٢ وڵات تیایدا ئەندامن تەنها لەسەر کاغەز ماوەتەوە و هیچ کارێکی پێنەکراوە.



دۆناڵد ترەمپ: تەندروستیم باشەو ئامادەی رکابەری سەرۆکایەتیم



سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپ کە لە ماوەی رابردوودا، بەهۆی دووچاربوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە نەخۆشخانە بوو، دوای چاکبوونەوەی لێدوانی بۆ کەناڵی فۆکس دا و باسی لەوە کرد کە لە ئێستادا، تەندروستی زۆر باشە و ئامادەی رکابەرییەکانی سەرۆکایەتییە.


واش چاوەڕوان دەکرێت دۆناڵد ترەمپ بۆ ئەنجامدانی میتینگێك سەردانی ویلایەتی فلۆریدا بکات و دواتریش رۆژانە لە یەك یان دوو ویلایەتی دیکە میتینگ ساز بکات. سەرۆکی ئەمریکا لە دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانە بۆ یەکەمجار بەشداری چالاکییەکی جەماوەری کرد و گوتاری بۆ سەدان ئەمریکی دا.

شەوی یەك لەسەر دووی ئەم مانگە، دۆناڵد ترەمپ تووشبوونی خۆی و هاوسەرەکەی بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ راگەیاند و گواستراوەتە بۆ نەخۆشخانە، دوای سێ رۆژ لە وەرگرتنی چارەسەر نەخۆشخانەی بەجێهێشت.

سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکۆماری عێراق دۆخی وڵات تاوتوێ دەکەن

بە پەرۆشییەوە دەڕوانینە ئەو بارە قورسە دارایی و ئەمنی و تەندروستییەی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا هاتووەتە ئاراوە

جەخت لە زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووانە لە عێراق کرایەوە



نیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 12/10/2020 لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، هەرسێ سەرۆکایەتییەکانی هەرێمی کوردستان و سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ کۆبوونەوە.

کۆبوونەوە تایبەت بوو بە بارودۆخی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی. دەربارەی دۆخی عێراق، کۆبوونەوە بە پەرۆشەوە دەڕوانێتە ئەو بارە قورسە دارایی و ئەمنی و تەندروستییەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئاراوە و پشتیوانیی هەرێمی کوردستانی بۆ هەنگاوەکانی حکوومەت و دامەزراوە دەستوورییە فیدراڵییەکان دووپات کردەوە بۆ پاراستنی ئاسایش و سەقامگیریی وڵات، بەتایبەتی ڕەخساندنی کەشێکی سەقامگیر و لەبار بۆ کار و ئەرکی نوێنەرایەتیی وڵاتانی دۆست و نێردە نێودەوڵەتییەکان لە عێراق.

کۆبوونەوە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراقی تاوتوێ کرد و پشتیوانیی خۆی بۆ زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردنێکی سەرکەوتووانە لە عێراق دەربڕی. ناوچە کێشە لەسەرەکان و جێبەجێکردنی ماددەی (140)ی دەستووری عێراق، بەشێکی دیکەی کۆبوونەوە بوون و ئامادەبووان هاوهەڵوێست بوون لەسەر بەردەوامیی گفتوگۆ بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی ئەو ناوچانە و پاراستنی مافەکانی تەواوی پێکهاتەکان و گەرەنتیکردنی کەشێکی لەباری پێکەوەژیان لەو ناوچانە.

کۆبوونەوە پشتگیریی خۆی بۆ دواییەن ڕێککەوتنی حکوومەتی فیدراڵی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی شەنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکان دووپات کردەوە، هەروەها هەموو هەوڵێکی گۆڕینی دیموگرافی لە ناوچە کێشە لەسەرەکان ڕەتکردەوە و داوای کرد حکوومەتی فیدراڵی عێراق میکانیزمی ئارامی و ئاسایشی ناوچە کێشە لەسەرەکان دەستەبەر بکات.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باسی هەنگاوەکانی گفتوگۆی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرا و کۆبوونەوە پشتیوانیی خۆی بۆ هەوڵ و هەنگاوەکانی هەردوولا بۆ چارەسەری یەکجارەکیی کێشە و بابەتە هەڵواسراوەکان دەربڕی بە ئاراستەیەك کە تایبەت ماف و شایستە دەستوورییەکانی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق بەگشتی پارێزراو بن.

دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەکە بوو، تایبەت باسی ئەو کێشە و گرفتانە کرا کە وەك هەموو جیهان لە دەرەنجامی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتەکانییەوە هاتوونەتە ئاراوە، بەتایبەتی کێشە و قەیرانی دارایی.

کۆبوونەوە جەختی لەوە کردەوە کە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە سەختە و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان، پێویستە سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی کوردستان توانایان یەك بخەن و یەکڕیز و یەکهەڵوێست ڕووبەڕووی ئەم دۆخە هەستیارە و ئەگەرەکانی داهاتوو ببنەوە.

کۆبوونەوە شەهیدکردنی ئەفسەری ئاسایش غازی سالح ئالیخانی لە سنووری پارێزگای دهۆك شەرمەزار کرد.

د.ئەنتوان حەداد بۆ (خەبات):

هەرێمی کوردستان دیپلۆماسییەتێکی هێمن و سەرنجراکێش پەیڕەو دەکات



خەبات – مەریوان نەقشبەندی


سیاسەتوانێکی لوبنانی ئاماژە بۆ ئایندەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست دەکات و دەڵێت بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دیپلۆماسییەتێکی هێمن و سەرنجراکێش لەعێراق و ناوچەکە پەیڕەو دەکەن و ئەوەش وادەکا ئایندەیان پارێزراو بێت.

د.ئەنتوان حەداد جێگری سەرۆکی بزووتنەوەی نوێبوونەوەی دیموکراسی لە لوبنان لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: کێشەی سیاسی و ئابووری و تەندروستی بۆتە کێشەی هەموو جیهان بەڵام جگە لەم سێ کێشەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەکێشەی چوارەمیشەوە دەناڵێنێت کە کێشەی مەزهەبیە و ئەم کێشەیە بۆتە کێشەیەکی ئیقلیمی کە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراستی پێوە مەشغوڵ بوە»بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەو گوشارە هەمەلایەنە ئیقلیمی و ناوخۆییەی لەسەریەتی بەڵام هاوسەنگیەکی باشی لە دۆسێی کێشە مەزهەبییەکان ڕاگرتوە و بەرپرسانی هەرێم توانیویانە خۆیان لە کێشەی سوننە و شیعە «موسڵمان و مەسیحی بپارێزن و بەپێچەوانەوە توانیویانە نمونەیەکی زۆرجوانی پێکەوەژیان لەناوچەکەدا پێشکەش بکەن کە خەیکە بەهۆیەوە حکومەتی عێراق و حکومەتەکانی ناوچەکەش ئیحراج بکەن.

د. ئەنتوان حەداد کە سااڵی ڕابردو سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد لەبارەی هەنگاوەکانی ئەم چەند مانگەی ڕابردوی حکومەتی هەرێم و باشتربونی پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی ناوچەکە گوتی: چاکسازی گەرەنتی سەرکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکی ناوچەکەیە و ئەگەر هاوسەنگی لەپەیوەندیە سیاسیەکانیشی بخرێتەسەر ئەوە دەکرێ بڵێین هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم ڕێگا ڕاستەیە.

ئەمەریکا.. لە کۆکردنەوەی کۆمەکی داراییدا

بایدن لە پێش ترەمپەوەیە



لە میانی بانگەشەکانی هەڵبژاردن لە ئەمریکا، کاندیدی پارتی دیموکرات، جۆ بایدن لە کۆکردنەوەی کۆمەکی داراییدا پێش کاندیدی پارتی کۆماری، دۆناڵد ترەمپ کەوتووە. کەمتر لە مانگێك ماوە بۆ هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ئەمریکا کە بڕیارە لە سێی تشرینی دووەمدا ئەنجام بدرێت.

ئەمەش وای کردووە ڕکابەری نێوان کاندیدەکان توندتر ببێتەوە و کۆکردنەوەی کۆمەکی داراییش بەشێکە لە ڕکابەرییەکان کە تیایدا کاندیدی پارتی دیموکرات، جۆ بایدن لە پێش کاندیدی پارتی کۆماری، دۆناڵد ترەمپ-ەوەیە.

بەگوێرەی ئەو زانیارییەکان تا ئێستا ٧٠٨ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار پێشکەشی هەڵمەتی بانگەشەکانی بایدن کراوە و لە بەرمبەردا، ٥٩٥ ملیۆن دۆلار کۆمەکی دارایی پێشکەشی هەڵمەتی بانگەشەکانی ترەمپ کراوە. گرووپە سیاسییەکان گەورەترین کۆمەکی داراییان پێشکەشی هەڵمەتەکانی بایدن کردووە کە زیاتر لە ٨١ ملیۆن دۆلارە. لە دوای ئەوانیش خانەنشینان دێن کە بڕی ٥٣ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار دۆلاریان پێشکەشی هەڵمەتەکە کردووە.

بەهەمان شێوە زۆرترین ئەو هاوکارییانەی پێشکەشی هەڵمەتی بانگەشەکانی ترەمپ کراون لەلایەن خانەنشینانی ئەمریکاوە بووە کە بڕی ١٢٧ ملیۆن و ٧٠٠ هەزار دۆلارە.

خەسرۆ گۆران: بە پێی کۆتای ئافرەتان یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق دیاریکرا



ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بە پێی کۆتای ئافرەتان یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق دیاریکرا، بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت، عێراق بۆ 83 بازنە دیاریکرا و لەگەڵ فراکسیۆنی پارتی کۆبوونەوە و باسمان لە تەواوی یاساکە و ناکۆکییەکانی سنوری ماددەی١٤٠ی ناوچە کوردستانییەکان کرد.

١٠ی ١٠ی ٢٠٢٠ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری دا کە ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمان بگاتە ٣٢٩ کورسی و کۆتای ئافرەتان لە ٢٥ی سەدا بێت.

گۆران، گوتیشی: یاسەکە بە فرەبازنەیی تێپەڕینرا، بەڵام شێواز و ڕێکاری بازنەی هەڵبژاردنەکانیان یەکلایی نەکردۆتەوە، لە دانیشتنی ئایندەی پەرلەمان یەکلا دەکرێتەوە. بەرپرسی کوردستانی ڕاگەیاند: یاسای هەڵبژاردن لە ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیاری لەسەر درا، کە بەشێوەیەکی فرەبازنەیی بێت عێراق کرابە ٨٣ بازنە چونکە ٨٥ کورسی ئافرەت هەیە، بەپێیی کۆتاکان دەبێ لەسەدا ٢٥ی ئافرەت بێت.

گۆران، گوتیشی: یاسەکە بە فرەبازنەیی تێپەڕینرا، بەڵام شێواز و ڕێکاری بازنەی هەڵبژاردنەکانیان یەکلایی نەکردۆتەوە، لە دانیشتنی ئایندەی پەرلەمان یەکلا دەکرێتەوە. بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، زیاتر گووتی: «سنوری بازنەکان مشت و مڕی لەسەر دەکرێت، بەتایبەتی ناوچەکانی ماددەی ١٤٠ کە ناوچەی تێکەڵاوە لە کورد و عەرەب و تورکمان و شیعە و سوننە و ئێزیدی، بۆ نمونە پارێزگای هەولێر پێشوتر یەك بازنە بوو لە هەڵبژارنی ٢٠١٨ ئەمجارە دەبێتە چوار بازنە چونکە هەولێر پانزە کورسی هەیە لە پەرلەمانی عێراق ئەو پانزەیە چواری ئافرەتە.»

قایمقامێ شنگال: لایەنێن نە شەرعی تێکڤەدانا ڕەوشا شنگالێ دکەن



خەبات - دهۆك :

قایمقامێ قەزا شنگال دیارکرکو هەر پێنگاڤەکا دبەرژەوندیا شنگال و چارەسەرکرنا ڕەوشا شنگال بهێتە هاڤێتن لایەنێن سیاسی پێن نە شەرعیی تێکڤەدانێ دکەن».

مەحما خەلیل قایمقامێ قەزا شنگال ڕاگەهاند کو لایەنێن نە شەرعی دەست ب تێکڤەدانا ڕەوشا شنگال کرینە کو لایەنێن نە شەرعی دناڤ شنگال دڤێت شنگال بێ یاسا بیت چونکو دبەرژەوندیا وان دایە یاسا ل شنگال نەبیت لەورا ژی دەست ب پێنگاڤێن تێکڤدانێ دکەن ژبەر کو ئەو لایەنێن نەشەرعیی باش دزانن بریارەکا ڕاست و دروست بۆ چارەسەرکرنا ڕەوشا شنگال هاتیە دان و ئێدی جهێ هێزێن نەشەرعی دناڤ شنگال دا نەما لەورا ئەو هێز یێ خەلکی پاڵدەن بۆ خۆ پێشاندانێ دخوازن تێکڤەدانێ بکەن بۆ مەرەمێن خۆ پێن سیاسی.

هەروسا گوت: ڕێکەفتنا دناڤبەرا حکومەتا هەرێما کوردستانێ و عێراقێ دا ل سەر ئاساییکرنا ڕەوشا شنگال دێ بیتە لەورا ژی دەست ب پێنگاڤێن نە شەرعی دناڤ شنگال دا نەمینن لەورا ئەو هێزێن نە شەرعی دێ پێنگاڤان هاڤێژن دا ڕەوشا شنگالێ پتر لاواز بکەن وبەرژەوەندییێن خۆ پێن سیاسی ب دەست خۆ ڤە بینن.

قایمقامێ شنگال دیارکر کو: هەر خۆ پێشاندانەك و تێکڤەدانەك بهێتە کرن هیچ گرنگیەك بۆ خەلکێ شنگال نینە ئەو ڕێکەفتنا هاتیە کرن دناڤبەرا هەولێر و بەغدا دێ هێتە بجهئینان و ئاڤەدانی و تەناهیی ل شنگال بەرقرار بیت.

45 پێگەی شوێنەواریی دۆزرایەوە

رووپێوی شوێنەواریی لە ناحیەی سکتان-کۆیە کۆتایی هات



خەبات: عەلی بانیشاری

تیمێکی هاوبەشی شوێنەواری باشووری کوردستان لە سنووری ناحیەی سکتانی سەر بە قەزای کۆیە پاش دوو هەفتە لە کارکردن توانیان 45 پێگەی شوێنەواری بدۆزنەوە. سەرپەرشتیاری پڕۆژەکە دەڵێت: یەکەمجارە لەو سنوورە رووپێوی شوێنەواری ئەنجام دەدرێت. تیمەکە توانیوویانە لە ماوەی کارکردندا 24 ئاشی ئاو و 45 پێگەی شوێنەواری بدۆزنەوە.


لە رووپێوییەکەدا ئامێری GPS، GIS بەکاردێت و وێنەی ئاسمانی ناوچەکە دەگیرێت، هەروەها پێگە شوێنەوارییەکان و سەردەمە میژوویییەکان دیاری دەکرێن، پاشان شیکردنەوە و بەراوردکردن بۆ شوێنەوارەکان دەکرێت.

رووپێوی شوێنەواری لە سکتان بەهاوبەشی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر و فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە ئەنجام دەدرێت. نادر بابەکر، بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر و سەرپەرشتیاری پڕۆژەی رووپێوی شوێنەواری لە سنووری ناحیەی سکتان بە (خەبات)ی گوت: سنووری سکتان تائێستا رووپێوی شوێنەواری تێدا ئەنجام نەدرابوو، بۆیە بەپێویستیان زانی بۆ یەکەمجار لەو ناوچەیە دەست بە رووپێوی بکەین، ئەمە ئەزموونێکی باشە بۆ ئێمە. گوتیشی: وەکو ستافی تیمەکە دەمانویست بزانین سکتان لە رووی شوێنەوارییەوە چەندە دۆڵەمەندە.

بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر دەشڵێت: تیمەکە توانایەکی کەمیان بۆ رووپێوویەکە لەو ناوچە فراوانەدا لە بەردەست بوو. پێشی وایە رووپێوی شوێنەواری لە سنووری ناحیەی سکتان کاتی زیاتری دەوێت، چونکە ناوچەیەکی شاخاوی و سەختە. نادر بابەکر باسی لەوەشکرد تیمە بیانییەکان لە زۆر ناوچەی هەرێمی کوردستان رووپێوی شوێنەواریان ئەنجامداوە، بەڵام هیچ تیمێک تائێستا رووی لە سکتان نەکردووە.

محەمەد لەشکری، سەرۆکی تیمی رووپێوی شوێنەواری لە ناحیەی سکتان دەڵێت: لە ماوی دوو هەفتە لە کارکردن توانیمان 45 پێگەی شوێنەواری و 24 ئاشی ئاو و گۆڕستان و قەڵا و شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵ و شوێنی شاری گەورە بدۆزینەوە. دەشڵێت: دۆزینەوەی پێگە شوێنەواریی‌کان و شوێنەوارەکانی دیکە لە ناوچەکەدا گرنگیەکی زۆری هەیە و جێگەی دڵخۆشییە. گوتیشی: پێشبینی دەیکەن ئەگەر رووپێوی شوێنەواری لە داهاتوودا بەردەوامی هەبێت پێگەی زیاتری شوێنەواری بدۆزینەوە. ناحیەی سکتان ناوچەیەکی شوێنەواری فراوان لە خۆ دەگرێت لە ئەنجامی فراوانبوونی شارەکە و کاری کشتوکاڵی و پرۆژەکانی دیکە پێگە شوێنەواریەکان دەکەوتنە ژێر هەڕەشەی لەناووچون. رەفیق برادۆستی، بەڕێوەبەری بەشی پشکنین لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەواری کوردستان دەڵێت: رووپێووی شوێنەواری لە سکتان لەسەر بوودجەی بەڕێوەبەرایەتیان ئەنجام دەدرا و 10ی ئەم مانگە کۆتایی هات. ئاماژەی بەوەشدا لەسەر داوای دانیشتووانی ناوچەکە و خەمخۆرانی شوێنەوار و میژوو هەستاون بە ئەنجامدانی پرۆژەکە. ناوبراو ئەوەشی گوت: لە ئەتڵەسی عێراقی 1975 کە تایبەتە بە تۆماری پێگە شوێنەوارییەکان هیچ پێگەیەکی شوێنەواری لە سکتان دەستنیشان نەکراوە. رەفیق برادۆستی دەشڵێت: لە سکتان زۆربەی سەردەمە میژوویییەکان هەبوون، بەتایبەت سەردەمی ئیسلامی. گوتیشی: لە ماوەی کارکردندا چەندین پارچە گۆزەی سەردەمی پێش میژوویان دۆزیوەتەوە.

سکتان بەدوری 80 کیلۆمەتر دەکەوێتە رۆژهەڵاتی شاری هەولێر، 30 کیلۆمەتر لە باکووری قەزای کۆیەوە دورە. رووبەڕووی ناحیەکە 129 هەزار و 819 کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. 11 گوند لەخۆ دەگرێت. پێگەی فەرمی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شوێنەوار لە کوردستان بڵاویکردوەتەوە: رووپێووی شوێنەواری لە سکتان پرۆژەیەکی دەگمەن بوو.





شەپۆلی دووەمی کۆرۆنا خاوی برێنتی دابەزاند



دوێنێ لە کاتژمێر ٠٩:٢٧وە نرخی خاوی برینت بە بەراورد بە کاتی داخستنی بازاڕ بەڕێژەی لەسەدا ١،٠٣ دابەزی و بە ٤٢ دۆلار و ٤١ سەنت مامەڵەی پێوە کرا. لە هەمان کاتدا یەك بەرمیل خاوی رۆژئاوای تێکساس WTI بە ٤٠ دۆلار و ١٧ سەنت فرۆشرا.

ئەو مانگرتنەی لە ٣٠ی ئەیلوولدا لە نەرویج دەستپێکرد و نزیکەی سەدا ٢٥ بەرهەمی نەوت و غازی سروشتی لەو وڵاتە رووبەڕووی مەترسی کەمکردنەوە کردەوە و بە رێککەوتنی لایەنەکان لە رۆژی هەینیدا کۆتایی پێهات، هۆکار بوو لە دابەزینی نرخی نەوت.

هەروەها شەپۆلی دووەمی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ نیگەرانییەکانی سەبارەت بە ئاسایی بوونەوەی داخوازی بازاڕ لەسەر نەوت لە کاتێکی کورتدا زیادکردووە، ئەیوەش بووەتەهۆی ئەوەی نرخەکەی بەردەوام دابەزێت.

شیکاری نەوت و مەترسی سیاسی، جۆس جالهوب باسی لەوە کرد کە لەگەڵ دووبارە دەستپێکردنەوەی بەرهەمهێنان لە کەنداوی مەکسیك لە پاش گەردەلوول، نرخی نەوت کرووی لە داکشان کراوە، هەروەها بەرهەمی رۆژانەی نەوت لە لیبیا کە لە مانگی کانوونی دووەمەوە تووشی کێشە بووە و ئامانج ئەوەیە ٣٥٥ هەزار بەرمیل زیاد بکات، کارێگەری لەسەر نرخی نەوت دروست دەکات کە رەنگە داکشانی دیکەی تووش بێت.

جۆس جالهوب ئاماژەی بەوە کرد بەهۆی ئەوەی شەپۆلی دووەمی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا رووی لە ئەورووپا کردووە، ئاسایی بوونەوەی لایەنی کرییاری نەوت لاوازە. ئاماژە بەوە دەدرێت کە رەنگە لە ڕووی تەکنیکییەوە خاوی برێنت لەنێوان ٤٢ دۆلار و ٥٥ سەنت بۆ ٤٢ دۆلار و ٦٧ سەنت بەرهەڵستی بنۆێنێت و نرخەکەی لەنێوان ٤٢ دۆلار و ٤٣ سەنت بۆ ٤٢ دۆلار و ٣١ سەنت بمێنێتەوە.

عێراق... کۆی گشتیی تووشبووان بە کۆرۆنا گەیشتووەتە زیاتر لە 405 هەزار کەس



وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق رایگەیاند دوێنێ ئێوارە رایگەیاند کە لە میانی 24 کاتژمێری رابردوودا، سێ هەزار و 107 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COV-ID-19)، بوون و 60 کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە. وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق لە راگەیەندراوێکدا، دواییین ئاماری سەبارەت بە ژمارەی قوربانییانی ڤایرۆسی کۆرۆنا بڵاوکردەوە. لە راگەیەندراوەکە ئاماژە بەوەدراوە کە لە میانی 24 کاتژمێری رابردووی پێش ئەو راگەیەندراوە کە دوێنێ بڵاوکرایەوە، 60 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، گیانیان لەدەستداوە و سێ هەزار و 107 کەسی دیکەیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون. باس لەوەشکراوە کە هەر لەو ماوەیەدا، سێ هەزار و 893 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، چاکبوونەتەوە.

بەپێی راگەیەندراوەکە، کۆی گشتیی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە عێراق، گەیشتووەتە 405 هەزار و 437 کەس و لەو ژمارەیەش نۆ هەزار و 912 کەس گیانیان لەدەستداوە و 340 هەزار و 50ی دیکەیش چاکبوونەتەوە.

ئەمەریکا..

گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا بۆ 219 هەزار و 708 کەس بەرزبوویەوە

ژمارەی ئەو کەسانەی دوای تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (COV-ID-19) لە ئەمریکا گیانیان لەدەستداوە گەیشتە ٢١٩ هەزار و ٧٠٨ کەس.

ئەمریکا کە ناوەندی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێیە لە جیهاندا، بەردەوام لە ریزبەندیی یەکەمدایە و بەرزترین ئاماری گیانلەدەستدان بەو پەتایە لەسەر ئاستی جیهاندا تیایدا تۆمارکراوە.

بەپێی زانیارییەکانی مالپەڕی کە دوێنێ بڵاوی کردەوە «Worldometer» کە پشت بە ئاماری نوێکراوەکانی پەتاکە دەبەستێت لە جیهاندا، لە ئەمریکا لە ماوەی ٢٤ کاتژمێری رابردووی پێش راگەیەندراوەکە بە زیادبوونی ٤٣ هەزار و ٨٦٤ کەس ژمارەی ئەو کەسانەی کە تووشی ڤایرۆسەکە بوون گەیشتووەتە حەوت ملیۆن ٩٩٣ هەزار و ٢١٥ کەس. هاوکات بە زیادبوونی ٤٠٨ کەسی دیکە، ژمارەی ئەوانەی لە دوای تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە گەیشتە ٢١٩ هەزار و ٧٠٨ کەس. هاوکات پێنج ملیۆن و ١٢٨ هەزار کەس لە ڤایرۆسی کۆرۆنا چاکبوونەتەوە و زیاتر لە ١١٨ هەزار ملیۆن و ٤٨٩ هەزار پشکنین ئەنجامدراون. لەسەر ئاستی ناوخۆی ئەمەریکاش کالیفۆرنیا لە ریزبەندیی یەکەمی ویلایەتەکاندا دێت لەڕووی ژمارەی حاڵەتەکانی تووشبوون کە ٨٥٥ هەزار و ٣٨٩ حاڵەتی تیادا تۆمارکراوە و لەدوای ئەویش بە ٨٣٥ هەزار و ٨٣٢ حاڵەت تێکساس و بە ٧٣٤ هەزار و ٤٩١ حاڵەت فلۆریدا دێن. لەرووی ژمارەی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدانیشەوە، ویلایەتی نیویۆرك بە ٣٣ هەزار و ٣٧٩ حاڵەت لە ریزبەندی یەکەمی سەرجەم ویلایەتەکاندایە. ئەمەریکا لەسەر ئاستی جیهان پلەی یەکەمی گرتووە لە تۆمارکردنی بەرزترین ژمارەی توشبووانی پەتاکە، پاش ئەویش هیندستان دێت بە نزیکەی حەوت ملیۆن و ١٣٣ هەزار توشبوو، پاشان بەرازیل کە لە سەرووی پێنج ملیۆن و ٩٤ هەزار حاڵەتی توشبوون بە پەتاکەی تێدا تۆمارکردووە



هەرچەندە ماوەی دوو هەفتەیە شەڕ لە نێوان ئەرمینیا و ئازربایجان هەڵگیرساوە، بەڵام بە یەکێک لە خوێناویترین شەڕ دادەنرێت لە جیهاندا

ماڵی ئێزیدیان لە کالکاری ئەڵمانیا پشتگیری لە ئاساییکردنەوەی شنگاڵ دەکەن بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی خۆیان



ساسان دەرویش – ئەڵمانیا

لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017 وە دەڤەری شنگال دۆخێکی نائاسایی بەخۆیەوە دیوە بەتایبەتی دوای ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچانە نەماون و خەڵکی ناوچەکەش بەتەواوی نەگەڕاونەتەوە بەهۆی وێرانی شار و گوندەکانیان و نەبوونی ئاوەدانکردنەوە لە دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش لە 3ی ئابی 2014 بۆ ناوچەکەیان و داگیرکردنی و وێرای ئەوەی لە 13ی تشرینی دووەمی 2015 بەسەرپەرشتی سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگە جارێکی تر ناوچەکە ڕزگار کرا، کاولکاری و داڕمانی شار و گوندەکان و بەردەوامی جەنگی تیرۆریستان و قەیرانەکانی ئابوری بواری ئەوەیان نەدا دەستی ئاوەدانیان بگاتێ لەگەڵ ناپاکی دەستی دەرەکی، لە ئێستاشدا هەبوونی میلیشیای چەکداری نایاسایی لە ناوچەکەدا هۆکاربوون بۆ ناسەقامگیری، بە هەوڵێکی بەردەوامی چڕوپڕی نێوانی تیمی دانوستانکاری حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنامەیەك پێکهاتن لە هەینی 9ی تشرینی یەکەمی 2020، بەپشتگیری باڵیۆزخانەی ئەمەریکا و نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ئاساییکردنەوەی ڕەوشی ناوچەکە و گەڕانەوەی ئاوارەکان و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوە و گەڕانەوەی یەکەیە ئیدارییەکانی خزمەتگوزاری و بەڕێوەبردنی ناوچەکە لە کەسانی دڵسۆزی خۆیان لەسەر چەند خاڵێك ئەو پرۆسەیە جێبەجێ دەکرێت .

بە پێویستم زانی بۆ ئەم پرسە گرنگ و مێژوویییە بیرو بۆچوونی ماڵی ئێزیدیان لە شاری کالکاری وڵاتی ئەڵمانیا وەربگرین بۆ ئەو مەبەستەش، ئۆسمان گودن سەرۆکی ئەم ماڵەمان دواند بۆ خەبات :

چەند وێستگەیەکی خێرا لە ژیانی ئۆسمان گودن

ڕێزدار ئۆسمان گودن لە یەکێك لە گوندەکانی باکوری کوردستان لە نێو خانەوادەیەکی نیشتیمانپەروەر و ڕۆشنبیر چاوی بە کوردستانی داگیرکراو هەڵهێناوە، بە هەمان هۆکاریش لە تەمەنی 19 ساڵیەوە هاتۆتە وڵاتی ئەڵمانیا و بەهەوڵ و هیمەتی خۆی خۆیگونجاندووە و نزیکەی 40 ساڵ دەبێ لەو وڵاتە نیشتەجێیە، ماوەی 36 ساڵیش کاری ڕێکخراوەی دەکات لە خزمەتی ئێزیدی و گەلێك خزمەت و کاری جوانی نیشتیمانپەروەری و نەتەوەیشی ئەنجامداوە بۆ ناسادنی کلتور و ناسنامەی کوردایەتی و بۆتە کەسێکی دیاریش لە نێو کۆمەڵگەی ئەڵمانی و سیاسییەکانیان لە دەستەڵات، لە سەرەتاوە بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەك دەستی پێکردوە و دواتر بە ئەندازەیەکی جوان و شایستە و لەسەر بنەمای پەیڕەوانی ئێزیدیان ئەم ماڵەیان بە هاوکاری هەمووان پێکهێناوە و بەڕەوی بەکار و چالاکییەکانیان داوە و سەرۆکی ئەم ماڵەییە، هاوکات بۆ شادبوونی ڕەوانشاد کەسایەتیی دیاری کوردانی ئێزدی بابە شێخ ڕابەری ڕۆحیی ئێزدییان کە 11 ڕۆژی تێپەڕاندووە لە کۆچی دوایی، لەڵایەن کەمال ئیسماعیل ئەندامی ڕێڤەبەری مالا ئیزدیان لە کالکار خێری بۆ ئەنجامدا بە ئاماەکردنی خوانێك بۆ بەشێکی بەرچاو لە بەشداربووانی کوردانی ئێزدی ناوچەکە .

پێشوازییەکی گەرم لەم ڕێککەوتنە دەکەین و پشتگیری لێدەکەین

سەرەتا ئۆسمان گودن لەمەڕ ئەم ڕێککەوتنە گوتی : ئێمە وەکو ماڵی ئێزدیان کە بریتین لە خەڵکی ناوچەی شنگال و ناوچەکانی تری ئێزدیان لە کوردستان و وڵاتانی تر، پێشوازیەکی گەرم لەم ڕێککەوتنە دەکەین و پشتگیری لێدەکەین ئەوە پێویستییەکی مێژوویی بووە کە دەبوو زۆر زووتر بکرایە بۆ یەکلای کردنەوەی پرسی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوە و پاراستن و ئاسایش و ئارامی ناوچەکان لە دوای ئەو هەموو ماڵوێرانییەی کە بەسەرمان هات لەسەر دەستی تیرۆریستانی داعش، ئێمە خۆمان بەگەلێك مەغدور دەزانین بەوەی پەنابەرین لە ناوچەیەك و شارێك لەسەر خاکی کوردستانی خۆمان، کە دوورین لە گوند وشار وکانی و ئاو دارو درەخت و کێڵگەکانمان و چیاکان، بۆ ئێمە ئەمە ژانێکی گران و برینێکە لە جەستەماندا بەتایبەتی شنگال، ئێشێکی گرانە بەسەرمانەوە و لە دنیادا بلاوبۆتەوە کە لەسەر خاکی خۆمان کوردستان پەناهەندەین، بەزووترین کات داخواز و هێڤی ئێمەیە و خەون وخەیاڵمانە کە ئەوخەڵکە بگەڕێنەوە سەر گوند و شارو ماڵی خۆیان کە هەر کوردستانە و چیتر لەژێر خنوەت و هەڕەشەی سارد و سەرما نەمێنن، ئێمە لە بەڕێوەبەری ماڵی ئێزیدیان خەڵکی شنگاڵمان لایە هەمیشە نزا دەکەین بۆ گەڕانەوەی کەسوکارمان بۆسەر واری خۆیان کە ئەمەش داواکاری هەموومانە وەك ئەم ماڵەی کە هەموومانی لە ئامێزە .

پشتگیری خۆمان بۆ ئەو ڕێککەوتنەی بەگەشبینیەوە لەم ڕێککەوتنە دەڕوانین نەك بەتەنها بۆ شنگال بەڵکوو بۆ تەواوی ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان بە کەرکووکی دڵی کوردستانیشەوە ماددەی 140 سەرلەنوێ زیندوو بکرێتەوە بۆ گەڕانەوەیان بۆ سەرهەرێمی کوردستان.



سوپاسی هەموولایەک دەکەین بۆ بەشداربوونیان لەم پرسەدا


پاشان ئۆسمان گودن بە هەڵکێشانی هەناسەیەك و سەرکەوتن بۆ ئەم پرۆسەیە گوتی : سوپاسی هەموولایەکیش دەکەین بۆ هاوکاریکردنیان لەم کێشەیە بەتایبەتی لایەنی ناوبژیوان لە سەرۆکی حکوومەتی کوردستان و عێراق و تیمی دانوستانکاری هەردوو لایەن ولایەنی پشتگیر لە ئەمەریکا و نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان کە هەوڵ و ماندووبونێکی زۆریان کێشا تاگەیشتنە ئەم قۆناغە و ڕێککەوتنە کە چەند خاڵێکی گرنگ و مێژووی لە خۆ دەگرێ بۆ سوود مەندبوونی ئیزدیەکان، بوونی چاودێری ڕێککەوتنەکەش لەلایەن ئەمەریکا بۆ دروستکردنی ئیدارەیەکی هاوبەش لە شنگال و ئاسایکردنەوەی دۆخی شارەکەش گرنگی خۆی هەیە وبەچاوی ڕێز و سوپاسەوە لەو پشتگیریەش دەڕوانین کە کۆتایی بێت بەگروپە دەستەڵاتدارەکانی ئەو ناوچەیەو جێهێشتنیان و سەرلەنوێ پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەی شنگال دەست پێ بکرێت ئەمەش بێتە هۆی گەڕانەوەی ئەو هەموو ئاوارەیەی کە چەند ساڵێکە لەژێر خێوەتەکاندا ژیانی قورسوگران بەڕێدەکەن بەدڵخۆشی و ئارامی وسەقامگیری بۆ ناوچەکانیان بگەڕینەوە، پەیامەکەی نێردەی تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق جێگایی دڵخۆشیان بوو کە جەخت لە هاوکاریکردنی ئاوارەکان و پشتگیرکردن لە پرۆسەکە دەکات بە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان و خۆبەڕێوەبردنیان و جارێکی تریش سوپاسی هەموولایەك دەکەین بۆ بەشداربوونیان لەم پرسەدا.

هێشیدارم چیتر واری خۆمان جێنەهێڵین وبچینە وڵاتانی تر

لە کۆتایشدا ئۆسمان گودن نیگەرانی خۆی دەربڕی بەهۆکاری جەنگ و ناسەقامگیری ناوچەکەیان کوردانی ئێزیدی کوردستان جێدەهێڵن و بەرەو وڵاتانی ئەوروپا و دنیا کۆچیان کردوەوخاکی باوباپیرانیان جێهێشتووە لەوبارەیەوە گوتی : هێشیدارم ئەم پرۆسەیە ببێتە قۆناغێك بۆ کۆتایی هاتن لە چوونە دەرەوەی ئێزیدیەکان لەسەر خاکی خۆیان و کوردستان وجێهێشتن بەرەو ئەوروپا و وڵاتانی تر، من کوردێکی باکوری ئێزیدیم وپشتگیری خۆم دەربڕیم وکەیف خۆشم بەم ڕێککەوتنە کە زیاتر لە 40 ساڵە لەم وڵاتی غەریبایەتیەم، پەیوندێکی باشم لەگەڵ هەموو کوردستان بەگشتی هەیە و بەتایبەتی باشوور بە هەموو دەستەڵاتداران و سیاسییەکانیان، من گەلێك جار چوومەتە شنگال و چیای شنگال، پێش هێرشی تیرۆریستانی داعش و دوای ئەوەش هەرچووم لەگەڵ پێسمەرگە چوومە سەنگەرەکان دژی تیرۆریستان، من سەیرکرد خەڵکی خۆمان بەکۆمەڵ زەوییەکانیان دەفرۆشن وەدەڕۆن بۆ وڵاتان، من وەك ئۆسمان وخەڵکانی تریشم هانده لە ئەوروپا ئەو زەویانە بکڕنەوە باکەسانی بێگانە نەیکڕن و جوگرافیایی ناوچەکەمان بگۆڕن ئەمەش تەنها بۆ هاندان بوو کە کەس زەوی خۆی نەفرۆشێت و خاکی کوردستان هی هەموومانە و هێشیدارم چیتر واری خۆمان جێنەهێڵین وبچینە وڵاتانی تر داخوازم هەنگاوەکان خێراتر بکرێت لەو بڕیارە گرنگانەی داویانە بۆ جێبەجێکردنیان .

وەڵامێك بۆ ئەو شەتاحەتەی لە PUK میدیا و کوردستانی نوێ بڵاو دەکرێنەوە

ئێمە و کوردستانیان بەوپەڕی شکۆوە یادی ریفراندۆممان بەرز ڕاگرت، بەوپەڕی ئەسەف و ئیحراجیشیەوە باسی 16ی ئۆکتۆبەر هەر دەکەین



سەردار حوسێن

چەند ڕۆژێکە سایتی PUKمیدیا و ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ هێرشێکی بێسانسۆر دەکەنە سەر پارتی دیموکراتی کوردستان، هەڵبەت لە سۆشیال میدیاش تەقسیریان نەکردووەو ئەوەی لە شەڕیشدا کەس نەیگوتووە، ئەوان لە ئاشتەواییدا دەیڵێن، بەڵام ئێمە هەندەمان کات لەبەردەست نییە وەڵامی سۆشیال میدیا بدەینەوەو بەگرنگیشی نازانین، ئەوەی جێگەی نیگەرانییە بەلامانەوە ڕۆژنامەیەکی موعتەبەری وەك کوردستانی نوێ (کە ئێمە بەڕێزەوە لێی دەڕوانین و زمانحاڵی فەرمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە) بێتە ئەو ئاستە نزمەی، دەرگا بۆ چەند فەریکە نووسەرێکی سمۆڵ بکاتەوە، ئەوانیش بە ئارەزووی خۆیان پەلاماری پارتی بدەن.

وتار و نووسینەکانی ئەو نووسەرە سمۆڵانە، ئەگەرچی لە شەتاحەت و قسەی بێبنەماو هەرزەگۆیی زیاتر شتێکی دیکە نییە، وەلێ مادام لە زمانحاڵی فەرمی و بە مەبەست بڵاوەدەکرێنەوە، ناچارین پێیان بڵێین: ستۆپ، ئەگینا بەبێ ئەوەی لە لووتکە دابەزینە لێرەوارەکانی ئەوان، نهێنی بڵاوکردنەوەو ئامانج و مەبەستەکانیان بۆ خۆیان و خوێنەر ئاشکرا دەکەین.

ئەگەرچی کاتێك مانگ لە چوارەبێت، پێویست بە ئاماژە ناکات، وەلێ بۆ ئەوانەی خۆیان دەخەڵەتێنن، ناچارین بەبیریان بهێنینەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان، پێویستی بە من و هیچ کەسێك نییە پێناسەی بکات و شیکردنەوە بۆ چالاکی و هەنگاوەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی بکات، بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن پارتی لە لووتکەی هەڕەمی دەسەڵاتە لەم هەرێمەی خەڵکێك هەوڵی لەناوبردنی دەدات، کارەکتەرە سەرەکییەکانی پارتی و تەواوی ئەندامەکانیشی لەژێر یەك چەتری گشتگیردا کۆبوونەوەتەوەو هەر هەموویشیان تەواوکەری یەکتر و رکابەری یەکترنین، ئەو چەتری سەرۆك مسعود بارزانی جێگەی هەموو کوردستانییەکی تیادا کردۆتەوەو کەسیش لەسایەیدا پریشکێکی گەرمی بەرناکەوێت، ئەوەی نووسەرە سمۆڵەکانی ئەوان باسی لێوەدەکەن، بەدەقیقی وەسفی حزبەکەی خۆیان و ئەو گەڕەلاوژەییەیە کە بەهۆی فرەبااڵییەوە بەرۆکی گرتوون، نەك پارتی.

ئێمە لە کاتێکدا دەزانین کە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە خیتابە بەفیتی کێ و بۆ چ مەبەستێکە، بەڵام ناشتوانن سەرقاڵمان بکەن بەوەی نەپرژێینەسەر قسەکردن لەسەر خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری سێ ساڵ پێش ئێستا، تاخر لە سەروبەندی یادکردنەوەی ریفراندۆمیش هەر وێستیان سەرقاڵمان بکەن، وەلێ ئێمە و کوردستانیان وەك چۆن بەوپەڕی شکۆوە یادی ریفراندۆممان بەرز ڕاگرت، بەوپەڕی ئەسەف و ئیحراجیشیەوە باسی 16ی ئۆکتۆبەر هەر دەکەین، بۆیە باشتربوو ئەو جۆرە وتارە لەو میدیا فەرمیانەی ی.ن.ك بڵاونەکرێنەوەو ئەگەر ناتوانن پاساوێك بۆ 16ی ئۆکتبەر بدۆزنەوە، بێدەنگبوونایەو پەلاماری پارتی و سەرکردەو ئەندامەکانی نەدەن، چونکە ئەوەی لە 16ی ئۆکتۆبەر کراوە، ئەگەر هیچ کوردێکیش باسی نەکاتەوە، دواجار حەسەن پلایسەکان لەبیریان نەچووەو وەك شانازییەك باسی لێوە دەکەن.

پارتی دیموکراتی کوردستان وەك هەمیشە هەوڵیداوە تەبایی و یەکڕیزی نێومااڵی کورد بەرقەرارببێت، زیاتر لەوەش هەوڵیداوە یەکڕیزی نێو حزبەکانیش بەرقەرارببێت و هیچ حزبێك لە تەنگژەدا نەبێت، بەڵام ئەوەی لەو زمانەی ئێستای میدیای فەرمی ی.ن.ك و هەندێك لە نووسەری سمۆڵ و سەرکردە تەرەفگیرەکانیان دەبیندرێت، پێش ئەوەی پەلامارەدانی پارتی بێت، خۆشکردنی ئاگری دووبەرەکی نێو ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، بەوەی هەمیشە خیتابەکانیان بە ئاراستەی ستایشکردن و پیاهەڵدان و بەرزنیشاندانی یەکێك لە جەمسەرەکانی حزبەکەیانە و بە پێچەوانەیشەوە نزم و بچووك و تانەگرتنە لە جەمسەرەکەی دیکە، بۆیەش حەزێکی کۆن و خواستێکی ئێستایانە کە پارتیش دووچاری هەمان ئەو تەکەتولبازییە بکەن، کە خۆیان بەدەستییەوە دەنااڵنین، بەڵام بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێت و خۆری پارتی هەمیشە لە هەڵاتن و مۆمی هەندێك کوتلەو دەستەو تاقمی ئەوانیش لە کۆژانەوەیە.!

هەڵبژاردنی سەرکۆماری قوبرسی تورکی باکوور کەوتە گەڕی دووەم



دوای ئەوەی هیچ کاندیدێك لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری قوبرسی تورکی باکووردا، نەیتوانی سەدا ٥٠ی دەنگەکان بەدەستبهێنێت، هەڵبژاردنەکان چووە گەڕی دووەم. بە گوێرەی ئەو داتا نافەرمییانەی کە لە لایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە ڕێگەی تەلەفزیۆنی بایراك کە ناوەندەکەی لە کۆماری قوبرسی تورکی باکووڕە، بڵاوکراوەتەوە، لەمیانی جیاکردنەوە و ژمارەدنی دەنگەکان کە لە دوای کۆتاییهاتنی پرۆسەی دەنگدان لە کاتژمێر ١٨:٠٠ دەستپێکردووە، سەدا ٩٨،٦٤ی سندوقەکان کراونەتەوە. بە هۆی ئەوەی هیچ یەکێك لە کاندیدەکان سەدا ٥٠ی دەنگەکانیان بەدەستنەهێناوە، هەریەك لە ئەرسین تاتار کە سەدا ٣٢،٤٥ی دەنگەکانی بردووەتەوە و مستەفا ئاکنجی کە سەدا ٢٩،٧٦ی دەنگەکانی کۆکردووەتەوە، بۆ گەڕی دووەمی هەڵبژاردنەکان ماونەتەوە کە بڕیارە ١٨ی ئەم مانگە بەڕێوەدەچێت.

لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کۆماری قوبرسی تورکی باکووردا، ١١ کاندید کێبڕکێیان دەکرد، کە حەوتیان سەربەخۆ بوون و کۆی گشتی ١٩٨ هەزار و ٨٦٧ هاووڵاتی تۆمارکراو دەنگەکانیان خستە نێو ٧٣٨ سندوقەوە. هاوکات هەڵبژاردنەکانی ئەمڕۆی قوبرسی تورکی باکوور، وەکو زۆرترین کاندید کە کێبڕکێیان کردووە، چووە مێژووەوە. خەڵکی قوبرسی تورکی باکوور، لە ساڵی ١٩٧٤وە بۆ جاری دەیەم چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار.

لە ئێران گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا نزیکبووەتەوە لە 29 هەزار کەس



لە ئێران ٢٧٢ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستدا و چوار هەزار و ٢٠٦ حاڵەتی نوێی تووشبوون بەو پەتایە تۆمارکرا. بە گوێرەی ئامارێکی تەندروستیی ئێران کە دوێنێ بڵاوکرایەوە لە ئێران لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی پێش ئامارەکە، ٢٧٢ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ) گیانیان لەدەستداوە، بەوەیش تێکڕای ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا لە ئێران بەهۆی ئەو پەتایەوە گیانیان لەدەستداوە بەرزبووەتەوە بۆ ٢٨ هەزار و ٨١٦ کەس.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا دوێنێ ئامارەی بەوە کرد کە لە میانی ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی پێش ئامارەکە، ٢٧٢ تووشبووی دیکەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە و چوار هەزار و ٢٠٦ حاڵەتی نوێی تووشبوون بەو پەتایە تۆمار کراوە.

سیما سادات لاری باسی لەوە کرد کە تا ئێستا ٢٨ هەزار ٨١٦ کەس لە ئێران بەهۆی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی تووشبووانیش گەیشتووەتە ٥٠٤ هەزار و ٢٨١ کەس.

لەهەرێمی کوردستان جموجۆڵی بازرگانی 10%زیادی کردووە



گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی، بەهۆی چەندین فاکتەر و باشبوونی دۆخەکە لە ئێستادا جموجۆڵی بازرگانی رۆژ بە رۆژ لە زیادبوون دایە، بە جۆرێک لە مانگەکانی ڕابردووەوە تا ئێستا ١٠٪ جوڵەی بازرگانی زیادی کردووە.

گوتەبێژی وەزارەتی بازرگانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەتحی مەجید بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکرتی کوردستانی ڕاگەیاند: «دوای کرانەوەی ڕێگاکان و ناسانکاریکردن بۆ بازرگانان ڕۆژبەڕۆژ جموجۆڵی بازرگانی لە هەرێمی کوردستان لە زیادبوون دایە و لە ئێستادا بەرەو زیاتریش دەچێت، چونکە وەکو پێشتر نیە هاتووچۆ بۆ بازرگانان زەحمەت بێت و بەئاسانی دێن و دەچن و هاوکاریان دەکرێت، ئەمەش بۆتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ ئەوەی جوڵەی بازرگانی زیاد بێت.

فەتحی مەجید گوتیشی، ئەگەر جموجۆڵی بازرگانی بەراورد بکەین بە مانگەکانی پێش، تا ئێستا ١٠٪ زیادی کردووە، ئەمەش باشە و لە داهاتوش ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێت زۆر باشتر دەبێت. مەجید ڕوونیشیکردەوە، هۆکاری زیادبوونیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دۆخی هەرێم سەقامگیرە و هەرێم و بەغدا خەریکی ڕێککەوتنن، ئەگەر لەگەڵ بەغدا بگەنە ڕێککەوتن ڕێژەکە زۆر لەوە زیاتریش دەبێت بەشێوەیەکی بەرچاو. چونکە جارێکی دیکە کۆمپانیا بیانیەکانیش ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن بۆ ئەوەی کاری بازرگانی بکەنەوە و ڕێژەیەکی باشی کۆمپانیاکان هاتوون.

ئەمریکا بەردەوام دێ پشتەڤانیا هەرێما کوردستانێ کەت



دوهی سپێدێ ١٢-١٠-٢٠٢٠ د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ هەڤدیتنەك دگەل (رۆب وۆلەر) کونسلێ گشتی یێ وەلاتێ ئەمریکا ل کوردستانێ کر. دهەڤدتنێدا ب ئامادەبونا جێگرێ پارێزگەرێ دهۆکێ ب وەکالەت بەحسێ پەیوەندییێن دوو قولی دناڤبەرا هەرێما کوردستانێ و ئەمریکا و رەوشا ئەمنی ل دەڤەرێ و رەوشا ئاوارە و پەناهندا و ئەو خزمەتێن بو دهێنە پێشکێشکرن و پێرابونێن پارێزگەها دهۆکێ گرتینە بەر بو بەرهنگاربونا فایروسێ کورونا هاتە کرن. دتەوەرەکێ دن دا بەحسێ پرۆژێن خزمەتگوزاری ل پارێزگەهێ تایبەت ئەوێن حکومەتا ئەمریکا پشتەڤانیێ لێ دکەن و قەیرانا دارایی ئەوا ژ سالا ٢٠١٤وەرە ب سەر هەرێمێ دا هاتی وکارتێکرنا وێ ل سەر بوارێن ژیانێ هاتە کرن. کونسلێ گشتی یێ ئەمریکا پیروزباهیا پارێزگەرێ دهۆکێ کر ل دور وەرگرتنا پوستێ نوو وتەکەزکر کو حکومەتا ئەمریکا ئاگەهدارە ل سەر رەوشا هەرێمێ نەخاسمە قەیرانا دارایی وئابوری ودێ بەردەوام هەڤکار و هاریکاریێ دگەل حکومەتا هەرێمێ وحکومەتا بەغدا کەن بو وێ یەکێ بگەهنە ل هەڤتێگەهشتنەکێ بو چارەسەرکرنا هەموو ئاریشان.

پارێزگەرێ دهۆکێ خوشحالیا خو ب سەرەدانێ دیارکر وسوپاسیا حکومەتا ئەمریکا وکونسلێ گشتی یێ وی وەلاتی ل کوردستانێ کر ل دور ئەو پشتەڤانیا ل پرۆژێن خزمەتگوزاری دکەن وخواست کو ئاستێ وان هاریکاریا پتر لێ بهێت. هەژی گوتنێ یە ب پشتەڤانیا حکومەتا ئەمریکا پشکە کا نەخوشخانا سوتنێ یا تایبەت بو نەخوشێن کورونایێ هاتیە بەرفرەهکرن و (٢٠) تەختێن دن ل سەر زێدەکرینە هەروسا بگوژمێ (٤) ملیون دولارا پشتەڤانیا زانینگەها ئەمریکی ل دهۆکێ کریە بو پێشێخستنا خاندنا بلند.

دهۆک..پشکا چاڤدێریا چر بۆ تووشبووێن کۆرۆنایێ بگوژمێ ملیونەک و سەد هزار دولاران هاتە ڤەکرن



دوهی ب ئامادەبونا وەزیرێ ساخلەمیێ و پارێزگەرێ دهۆکێ و کونسلێ ئەمریکا پرۆژێ ئاڤاکرنا یەکا ڤەدەرکرنا نەخۆشێن کۆرۆنایێ و دابینکرنا کەل و پەلێن بزیشکی و ئاڤالی هاتە ڤەکرن.

د. عەلی تەتەر، پارێزگەرێ دهۆکێ دیارکر کو ڤەکرنا پشکەکا چاڤدێریا چر ل دهۆکێ گەلەك یا گرنگە کو ئەمریکا و رێکخراوا UNDP رۆل تێدا هەبوویە.


هەروسا گوت: دڤیت خەلکێ مە بابەتی ب رژدی وەربگریت و خو ب پارێزن و پێگیریێ ب رێنمایێن ساخلەمیێ بکەن .

د. سامان بەرزنجی، وەزیرێ ساخلەمیێ دیارکر کو حکومەتا هەرێما کوردستانێ بودجەکا تایبەت ب گوژمێ سێ ملیار دیناران بۆ بەرهنگاریا کۆرۆنایێ تەرخانکریە داکو بشێین لوەرزێ پاییز و زڤستانێ دا پێدڤین ساخلەمیی دابین بکەن هەروسا بریار هاتیە دان هندەك نوشدار بهێنە دامەزراندن ل دووڤ پیدڤیا ساخلەمیێ و خەرجیەکا تایبەت بۆ کەس و کار و خێزانیێن وان نوشدار و کارمەندێن ساخلەمیێ پێن بەرهەنگاریا کورۆنایێ دا گیانێ خۆ ژدەست دای، کە هەتا نۆکە ٤٨ نوشدار و کارمەندێن تەندروستی گیانێ خۆ ژدەستدایە. زێدەتر گوت: ئەنجومەنێ وەزیران بریار ل سەر کارگەهێن ئوکسجینێ و بەرفرەهکرنا کارگەهان بۆ بەرهەنگاریا کۆرۆنایێ دایە.

ریڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ ئاشکەرا کرکو نەخۆشخانا دهۆك یا تایبەتمەند ب چارەسەرکرنا نەخۆشێن کۆرۆنایێ ب کۆژمێ نێزیکێ ملیونەك و سەد هزار دولاران هاتیە ئاڤاکرن ژ بو بهێزکرنا شیانێن نەخۆشێن کوڤید١٩ پرۆژە ب پشتەڤانیا ئاژانسا ئەمریکی یا گەشەپێدانا نیڤدەولەتی و رێکخراوا UNDP ل عیراقێ ب هەڤکاری دگەل ریڤەبەریا گشتی یا ساخلەمیا پارێزگەها دهۆکێ هاتیە ئەنجامدان. دیارکرکو ٢٠ ژوورێن چاڤدێریا چر دنەخۆشخانێ دا هاتینە دروستکرن وئامیرێن هەناسەدانێ و کەلوپەلێن نوشداری و ناڤالی د نەخۆشخانێ دا هاتینە دابینکرن.

دهوک..زانایێن کورد پارچەیەکا تێکستەکا شینواریێ دبین

هەژمارەکا زانایێن کورد پارچەیەکا شینواری ل رۆژئاڤایێ پارێزگەها دهۆك دبینن، دیروکا وێ ڤەدگەریتە پتر ژ ٢٠٠٠ سالان. ریڤەبەرێ شینوارێن پارێزگەها دهۆك دکتور حەسەن قاسم راگەهاند کو تیمەکا زانایێن شینواران پێن کورد پارچەیەکا تێکستەکا شێنواری هلینستی یاکەڤن دیتی یە و ب زمانێ گریکی ل سەر وێ تێکستێ هاتیە نڤیساندن.ریڤەبەرێ شینوارێن دهۆك دیارکر ئەڤ پارچە تێکستە یاکو ل سەر ستونەکا بەری یە،ل روژهەلاتێ رووبارێ دیجلە یێ کو دکەڤیتە روژئاڤایێ پارێزگەها دهۆك هاتیە دیتن و دیروکا وێ ڤەدگەریتە بەری ٢١٨١ سالا. ژهەژی نامازە پێکرنێ یە ژ بەری ماوەیەکێ ریڤەبەریا شینوارێن پارێزگەها دهوك دیتنا هندەك پارچێن دی پێن شینواران راگەهاند، کو دیروکا وان ڤەدگەریتە بەری پتر ژ١٥٠٠ سالان .


A photo of the Hellenistic inscription

Dr. Hasan Ahmed. Qasim
Directorate of Duhok Antiquate
Duhok/ Kurdistan Region/ Iraq
Phone +964 750 4586702
hassan_5618@yahoo.com

Fr.Dr. Ghazwan Yousif BAHO
Kurdistan Archaeology organization
Duhok/ Kurdistan Region/ Iraq
Phone + 964 750 313 8787
ghazwan29@gmail.com

پرسەنامە

بۆ هاوکارمان یاسین هێژا

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی کۆچی دوایی دایکی بەڕێزتانمان پێگەیشت. بەناوی سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەکەمان، پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی ئێوەو تەواوی خانەوادەکەتان دەکەین، لەخوای گەورە داواکارین بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوەیش ببەخشێت.

انا لله وانا اليه راجعون

خەبات

بۆ بەڕێز د.جەمال سالح

بەغەم و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك (لەتیف) ی برای بەڕێزتانمان پێگەیشت، لەم بۆنە خەمناکەدا بەناوی خۆم ڕۆژنامەنووس و کارمەندانی ڕۆژنامەی خەباتەوە، پرسەو سەرەخۆشی بە بەڕێزتان و خانەوادەی کاك لەتیف دەگەێنین،

خوا سەبوری هە موو لایەکتان بدات.

براتان
سەلام عەبدوڵلا
سەرنووسەری خەبات


بەڕپرسی لقی 24ی سەفینی پارتی سوپاس و پێزانینی ئاراستەکرا



(هیوا ئەحمەد مستەفا) ئەندامی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی٢٤ی سەفینی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەگای لق، پێشوازیکرد لە(حاکم فاروق) پشدەری سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ڕێکخراوی چلنگ بۆ دژە گەندەڵی.

لەدیدارێکدا وێڕای دەستخۆشیان بۆ ئەو پێشوازیەی لێیان کرا، بەناوی ئەنجومەنی باڵای ڕێکخراوی چلنگ بۆ دژەگەندەڵی ڕێزلێنانی تایبەتیان ئاراستەی بەڕپرسی لق کرد لەبەرامبەر هەوڵ و تێکۆشانە بەردەوامەکانیان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی کە پێشکەشی کردوون. لای خۆشیەوە بەرپرسی لق سوپاسی سەرۆکی ڕێکخراوی ناوبراوی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن و لەهەمان کاتیشدا پاڵپشتی و پشتیوانی خۆیانی دووپاتکردەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و هەرجۆرە هاوکارییەک کەپێویست بێ.

لقی 16 دیاری ڕێزلێنان دەبەخشێتە قوتابیە یەکەمەکانی ئامادەیی بەستۆڕەی کچان



بەبۆنەی دەسپێکردنەوەی ساڵی خوێندن و بەمەبەستی زیاتر هاندانی قوتابیانی قوتابخانەکەو پێشخستنی ئاستی زانست و زانیاری لەکوردستان , بەئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەك لە کارگێڕانی لق و بەرپرسی لێژنە ناوچەی زانستی مامۆستایان و لێپرسراوی ناوندی باڵای دەوروبەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەڕێوەبەرو مامۆستایان و قوتابیانی قوتابخانەکە , ئامادەیی بەستۆڕەی کچان لەمەراسیمێکی تایبەتدا دیاری ڕێزلێنانی بەخشییە قوتابیە یەکەم و نمرە بەرزەکانی وەرزی رابردووی خوێندن لەقوتابخانەکەیان .

لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێر وێڕای سوپاس و پێزانینی زۆری بۆ بەڕێوەبەرو مامۆستایانی قوتابخانەکە لەبەرامبەر ئەو ئەرك و ماندووبوون و خزمەتە گەورەیەی لەماوەی ساڵی رابردوودا پێشکەش بەقوتابیە خۆشەویستەکانیان کردووە لەپێناو پێگەیاندنیان و پێشخستنی ڕەوڕەوەی زانست و زانیاری و کەرتی پەروەردەو خوێندن بۆ بنیادنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی ژیاریی کە داهاتووی نیشتمان و نەتەوەکەمان بەندە بەئاستی پێشکەوتنی نەوەی داهاتووەمان , هەروەها پیرۆزبایی خۆیشی ئاراستەی قوتابیە یەکەمەکان و نمرە بەرزەکانی قوتابخانەکە کرد و داوای لێکردن لەخوێندنی ئەمساڵ و ساڵانی داهاتووشدا بەهەمان شێوە پەرە بەئاستی زیرەکی خۆیان بدەن و نمرەی بەرز بەدەست بهێنن بۆ بەدیهێنانی دواڕۆژێکی گەش بۆخۆیان .

پۆلیسی هەولێر دەستگیر کردنی تۆمەتبارێکی راگەیاند



پۆلیسی هەولێر رایدەگەێنێت دوای لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی و ساختەکاری و چاودێری چڕ توانرا لە شاری هەولێر تۆمەتبارێك بەناوی (ش.ع.م) دەستگیر بکرێت و دەست بەسەر ئۆتۆمبێلەکەی دابگیرێت کە تابلۆی ساختەی پێوەبووە، لەگەڵ چەکی جۆرۆ کلاشێکۆف و دەمانچە و چەند ئامێرێکی بێ تەل و ناسنامەی سەربازی بە پلەی رائید لە دژەتیرۆری عێراقی، دوای پشکنینی شوێنی حەوانەوەی ٢٢٩ مادەی جۆراوجۆری ساختە دەستی بەسەر داگیرا. پۆلیسی هەولێر راشیگەیاندووە کە تۆمەتبارەکە مۆر و بەڵگەنامەی ساختەی دروستکردووە کە تایبەتن بە حکومەتی هەرێمی کوردستان وعێراق و کونسوڵخانەکان و خاڵە سنووریەکان و چەندان شوێنی دیکە .

گەرمیان...گرفتی پێدانی خۆراک بەخێزانە هەژارەکان چارەسەرکرا

خەبات /سەربە یوسف: لە دوێنێ دووشەممەوە خۆراك بەو خێزانە هەژارانەی گەرمیان دەدرێ کەسەربەری ناو تۆمارکردنیان لەلایەن لیژنەکانی تۆڕی پاراستنی خێزانەوە کەچی ناوەکانیان بۆ بریکارەکانی خۆراك نەگەڕابوویەوە.

سەلاح حەسەن، بەڕێوبەری، بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی پاراستنی خێزان لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گەرمیان، بە (خەبات)ی ڕاگەیاند:» دوێنێ دوو شەممە ٢٠٢٠/١٠/١٢، لەناو بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی پاراستنی خێزان لەکەلار ، دەست دەکەین بەدابەشکردنی خۆراك بەسەر ئەو خێزانانەی کەمانگی رابردوو وەك خێزانی هەژار ناویان تۆمارکرابوو سودمەند بوون لەو بڕە خۆراکەی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆیان تەرخانکراوە.» رونیشی کردەوە :» دەیان خێزان لەئەمڕۆوە گرفتەکەیان چارەسەرکرا و هەرخێزانێکیش سەردانمان دەکات دەبێ ناسنامەو بەڵگەی تەواوی پێبێ.»

بەهۆی هاتنی وەرزی پاییز و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە

پزیشکان پێشبینی دەکەن ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا روو لە هەڵشکانی زیاتر بکات

پزیشکان پێیانوایە ئامارەکانی تایبەت بە کۆرۆنا کە رۆژانە رایدەگەیەندرێت لە 20%ی ژمارەی تووشبووانە

خەبات: عەلی بانیشاری



تادێت ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان روو لە زیادبوون دەکات. پزیشکان لەو باوەڕەدان هۆکاری سەرەکی بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە بە پلەی یەکەم پابەندنەبوونی هاوڵاتیانە بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی. هەروەها پزیشکانی پسپۆڕی هەناو پێیانوایە لە جێبەجێکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان خاوبوونەوە لەلایەن هاونیشتیمانییانەوە بەدی دەکرێت. لەم دیمانەیەدا د. هێرش قادر دەربەندی وەڵامی چەند پرسیارێکی (خەبات) کە تایبەتن بە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەداتەوە. بەپێی ڕاگەیاندراوی ڕۆژی یەکشەممە 11-10-2020 ژمارە 228ـی وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تایبەت بە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تا کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕاگەیەندراوە، ژمارەی تووشبووان 55745 کەسە و لەو ژمارەیەش 34880 کەس چاکبوونەتەوەو 18873 کەس لەژێر چاودێری پزیشکی دان و لە هەموو هەرێمی کوردستانیش 1992 کەس بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە.

پێنج هۆکار بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا؟

د.هێرش قادر دەربەندی، پزیشکی پایەبڵندی هەناوی لەبارەی هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان دەڵێت: ناتوانرێت بەشێوەیەکی زانستی لە 100% بڕیار بدرێت کە ئایا هۆکار چییە ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسەکە تادێت زیاد دەکات، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە دەتوانرێت هۆکارەکان بۆ چەند خاڵێك دابەش بکرێن. لەوانەش: یەکەم: باپەند نەبوونی هاوڵاتیان بە ڕێکارەکانی خۆپارێزی، بەتایبەت دانیشتوانی دەرەوەی سەنتەری شارەکان، چونکە هێشتا لە دەرەوەی شارەکان هاوڵاتیان شەرم دەکەن دەستکێش و دەمامك بەکاربهێنن. دووەم: گۆڕانکاری کەشوهەوا، بەتایبەت لەئێستادا کە وەرزی هاوین کۆتایی هاتووە و پایز دەستی پێکردووە، هاوڵاتیان نازانن ئامێرەکانی فێنکردنەوە کار پێ بکەن یان نا، ئەمەش بووەتە هۆی دروستبوونی دوو هەوا، هەر بەو هۆیەوە کەسانێکی زۆر تووشی پەتای وەرزی بوون. سێیەم: بەردەوامی کۆبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەت لە شوێنە میللییەکان کە خەڵکانێکی زۆر لە ڕووبەرێکی کەمدا کۆدەبنەوە و دووری نێوانیان زۆر کەم دەبێتەوە. چوارەم: نەبوونی هۆشیاری تەندروستی، بەو پێیەی لە بنچینەدا تاکی کورد هۆشیاری لە هەموو کایە و سێکتەرەکاندا کەمە، بۆ نموونە قورسە بە کەسێکی بە تەمەن بڵێیت ماسك ببەستە. پێنجەم: دابین نەکردنی پێداویستییەکانی خۆپارێزی، ئەوەی ئێمە وەکو پزیشکان هەستی پێدەکەین لە ئاستی حکوومەت و بەرپرسانی سێکتەری تەندروستی بەشێوەیەکی گونجاو پێداویستییەکانی خۆپارێزی بۆ هاوڵاتیان فەراهەم نەکراون. بۆ نموونە تائێستاش دەستکێش و دەمامك لە بەردەم دەرگای نەخۆشخانەکان دەفرۆشرێت. ئایا دەبێت کەرتی تەندروستی دەستکێش و دەمامك بۆ سەردانیکەرانی ناوەندە تەندروستییەکان دابین نەکات؟ چۆن دەبێت ئێمە داوا لە کەسێکی ئاسایی بکەین دەستکێش و دەمامك ببەسێت لە کاتێکدا ئەو پێداویستیانەمان بۆ دابین نەکردبێت؟

لە 20%ی ژمارەی تووشبووان رادەگەیەنرێت؟

د.هێرش قادر دەڵێت: لە ڕووی داتا و ئامارەوە کەموکوڕیمان هەیە. دەشڵێت: ئێمە وەکو پزیشکان پێمان وایە ئامارەکانی تایبەت بە کۆرۆنا کە حکوومەت بە فەرمی ڕۆژانە ڕایدەگەیەنێت لە 20%ی ژمارەی تووشبووانە، بەپێی ئەو ڕێنماییانەی لەسەرەوە بۆ پزیشکان دابەزیووە هەر تووشبوویەکی کۆرۆنا کە باری تەندروستی جێگیرە ڕاستەوخۆ ڕێنمایی پێ دەدرێت و ڕەوانەی ماڵەوە دەکرێت و پشکنینیان بۆ ئەنجام نادرێت، بەم شێوەیەش ئەو تووشبووانە داخڵی ئاماژەکانی وەزارەتی تەندروستی ناکرێت. لەلایەکی ترەوە بەهۆی سیاسەتی چەوتی کەرتی تەندروستییەوە لەئێستادا ژمارەیەکی زۆر نۆرینگەی نافەرمی هەن کە لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەبردرێن پزیشك نین و لەناو کۆڵانەکاندا نەخۆش دەبینن، ئەوانە ناتوانن تووشبووان ڕەوانەی نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستییەکان بکەن، هەروەها بەشێوەیەکی نازانستی چارەسەر دەدەنە تووشبووەکان، لێرەشدا ئەو نەخۆشانە ناچنە ناو ژمارەی وەزارەتی تەندروستی کە تایبەتە بە ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا. گوتیشی: ژمارەکانی تووشبووان بە کۆرۆنا هی ئەو کەسانەن کە باری تەندروستیان ناجێگرە و سەردانی نەخۆشخانەکان دەکەن و یان بە ناچاری پشکنین ئەنجام دەدەن.

چی بکرێت تا ژمارەی تووشبووان کەم ببێتەوە؟

ئەو پزیشکەی هەناوی پێی وایە چارەسەر بۆ کەمبوونەوەی ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا بەپلەی یەکەم هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیانە لە مەترسی ڤایرۆسەکە، کە ئەوەش لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەبێت. دەشڵێت: بەشێك لە دەزگا میدیاییەکان لە ڕووی هۆشیارکردنەوەی خەڵکەوە دەورێکی باشیان هەیە، بەڵام بەشێکی تریان کار لەسەر هەستی هاونیشتیمانیان دەکەن و دەروونیان تێکدەدەن، ئەمەش کاریگەریەکی خراپی دروستکردووە. د.هێرش قادر پێشی وایە دەبێت لە ڕێگەی پڕۆژەیەکی نیشتیمانیەوە هەڵمەتێك بۆ ماسك بەستن دەست پێبکات و هەوڵبدرێت ماسك بۆ تەواوی هاونیشتیمانیان دابین بکرێت. زیاتر گوتی: ئێمە وەکو بەرپرسانی کەرتی تەندروستی داوا لە هاوڵاتیان دەکەین ماسك ببەستن، بەڵام بۆیان دابین ناکەین. پێشنیاری ئەوەش دەکات لە ڕێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە و لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکی نیشتیمانیدا ماسك و دەستکێش بۆ سەقامگیری ژیانەوە، خەڵکی لە بابەتی کۆرۆنادا بەسەر دوو لایەندا دابەشبوون کە ئایا ژیانیان ڕابگرێت، یان خۆپارێزی بە بەردەوامی بکەن، سەرئەنجام هێڵی ناوەڕاست دەگرن، کە ئەوەش ئەوەیە لەلایەك ژیانیان بەباشی بەرێ بکەن، لە لایەکی ترەوە بای پێویست خۆپارێزی بکەن. پرسیاری ئەوەمان لەو پزیشکەی هەناوی کرد چی بکرێت بۆ ئەوەی هاوڵاتیان لە خۆپارێزی خاوو نەبنەوە، لە وەڵامدا گوتی: پڕۆژەی نیشتیمانی هۆشیارکردنەوەمان پێویستە کە ئەوەیش لە ڕێگەی مامۆستایانی ئاینی و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دەکرێت، بەشێوەیەك هەردوو لایەن بێنە سەر هێڵ و هانای هاوڵاتیان بدەن باشتر لە جاران ڕێکارەکانی خۆپارێزی جێبەجێ بکەن و لەسەر ئاستی بااڵش حکوومەت بڕیار بدات کە سەرجەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە پڕۆژەیەکی نیشتیمانیدا هەستن بە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان. د.هێرش قادر دەڵێت: لە بری گەنگەشەکردنی داتاکانی مردن لە جیهاندا و شێواندنی دەروونی هاونیشتمانیان پێویستە پزیشکانی پێشەنگی پسپۆڕ ڕێنمایی و زانیاری خۆپارێزی بدەنە هاوڵاتیان.

کردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن ژمارەی توشبووان زیاد دەکات؟

سەرەڕای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە زۆرینەی وڵاتانی جیهان، ناوەندەکانی خوێندن بەڕووی قوتابیان و خوێندکاراندا کرانەوە. لە هەرێمی کوردستانیش بەشێك لە ناوەندەکان کراونەتەوە و چاوەڕێ دەکرێت لە چەند هەفتەی داهاتوودا بەشەکەی دیکەشیان بکرێنەوە. لەبارەی کاریگەری کردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن لەسەر بەرزبوونەوەی ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا، د.هێرش قادر دەربەندی دەڵێت: مەترسی کردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن کەمترە لە کردنەوەی چایخانە و گازینۆکان، چونکە خەڵکانێکی زۆر لە چایخانەکاندا لە ڕووبەرێکی کەمدا بەبێ هیچ ڕێکارێکی خۆپارێزی کۆدەبنەوە. ئەو دەشڵێت: مادام شوێنەکانی بەسەربردنی کات کراونەتەوە، با ناوەندەکانی خوێندنیش بکرێنەوە. ئەو پزیشکەی هەناوی داواش دەکات لەگەڵ کردنەوەی ناوەندەکانی خوێندن ڕەچاوی تەواوەتی ڕێکارەکانی خۆپارێزی بکرێت و هەموو پێداویستەکانی وەکو دەستکێش و دەمامك بۆ قوتابیان و خوێندکاران دابین بکرێت.

پێشبینییەکان بۆ ئەم وەرزە چین؟

بەبۆچوونی د.هێرش قادر ڕێژەی تووشبوون بە کۆرۆنا لەم وەرزەدا بەرەو شەپۆلێکی بەرزتر دەڕوات. ئەو دەڵێت: دەکرێت ئەم شەپۆلە وابەستە بێت لەگەڵ هاتنی پەتای ئەنفلۆنزا. ناوبراو داوا لە هاوڵاتیان دەکات لە کاتی تووشبووانیان بە پەتای ئەنفلۆنزا یان ڤایرۆسی کۆرۆنا وەریان بەرزبێت و ڕێنماییەکان جێبەجێ بکەن و هەرکاتیش هەستیان بە نیشانەکانی ڤایرۆسەکە کرد لە ماڵ بمێننەوە و سەردانی ناوەندە تەندروستییەکان نەکەن، بەڵکوو پەیوەندی بە ژمارە 122وە بکەن یان پەیوەندی بە نزیکترین پزیشکی لە خۆیانەوە بکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە ڕێنمایی وەربگرن و قەرەبااڵخی لەسەر نەخۆشخانەکان دروست نەکەن. ئەو پزیشکە دەشڵێت: ئەگەر نیشانەکانی تووشبووان بە کۆرۆنا زیادی کرد ئەو کات پێویستە نەخۆش سەردانی ناوەندەکانی تەندروستی بکات، لەو حاڵەتەشدا تەنها ڕێنمایی لە پزیشکی تایبەتمەند وەربگرێت کە ئەوانیش پزیشکانی هەناوین، نەك لە نۆرینگەکانی کۆاڵنەکان.

گەنجان ڕێکارەکانی خۆپارێزی جێبەجێ ناکەن؟

پزیشکان پێیان وایە زیاتر گەنجان گوێ بە ڕێنماییەکانی خۆپارێزی نادەن. د.هێرش قادر دەڵێت: بەهۆی کۆرۆناوە ڕۆژانە ئێمە مەرگی ئازیزانمان لە نێو کۆمەڵگەدا دەبینین، بەڵام هێشتا گەنجان باکیان بەمە نییە، ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی جێبەجێکردنی ڕێنماییە خۆپارێزییەکان خاوبوونەوەی تێدا بەدی بکرێت و نەخۆشییەکە دڕێژە بکێشێت. دەشڵێت: بەهۆی نا تەواو هاوڵاتیان دابین بکرێت. ئەوەشی گوت: دابینکردنی دەستەبەك دەستکێش و دەمامك بۆ حکوومەت 10 دۆلاری تێدەچێت کە هەموو خێزانێك دەتوانێت سوودی لێ ببینێت، ئەگەر ئەمە کرا بێگومان هاوڵاتیان باشتر و زیاتر ڕێکارەکانی خۆپارێزی ئەنجام دەدەن.

ڕزگاربوونی کۆرۆنا تا شەش مانگ بەرگری پەیدا دەکەن؟

سەبارەت بە گۆڕانکاری لە نیشانەی تووشبوون بە کۆرۆنا، د.هێرش قادر دەربەندی گوتی: لە دەستپێکی پەتاکەوە تائێستا نیشانەکانی تووشبوون بە کۆرۆنا گۆڕانکارییەکی ئەتۆیان بەسەردا نەهاتووە. لەبارەی دووبارە تووشبوونی ڕزگاربووانی کۆرۆنا بە ڤایرۆسەکە، دەڵێت: بەپێی ئەو توێژینەوانەی کە بەردەستن کەسێکی تووشبوو دەتوانێت دژی ئەم نەخۆشییە بەرگری پەیدا بکات بۆ ماوەی نزیکەی 6 مانگ، واتە ناتوانین بڵێین بەرگرییەکی گشتی دڕێژ خایان دروست دەکات. باسی لەوەشکرد بەهۆی هاتنی وەرزی پایز و گۆڕانکارییەکانی کەشوهەواوە پەتای ئەنفلۆنزا بوونی هەیە، بەتایبەت هەڵامەت و پەسیووی ئاسایی، پەتای هەڵامەت و پەسیوو پەتایەکە زۆربەی هاووڵاتیان لەم وەرزەدا بەشێوەیەکی سادە تووشی دەبن و کەمێك بێهێزیان دەکات، بەڵام ژیانیان ناکەوێتە مەترسییەوە. ئاماژەی بەوەشدا لە ڕووی زانستی کلینیکییەوە قورسە بڕیار بدەیت ئەمە کۆرۆنایە یان ئەنفلۆنزایە، تەنها مەگەر بە پشکنینی PCR بکرێن. چونکە نیشانەکانی کۆرۆنا و ئەنفلۆنزا زۆرکن لە یەکەوە. ئەو پزیشکەی هەناوی جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە لەگەڵ هاتنی وەرزی سەرما ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا زیاتر دەبێت.

د.هێرش قادر دەربەندی:

تا ئێستاش دەستکێش و دەمامك لە بەردەم دەرگای نەخۆشخانەکان دەفرۆشرێت.!

لە ڕووی زانستی کلینیکییەوە قورسە بڕیار بدەیت ئەمە کۆرۆنایە یان ئەنفلەوەنزایە، مەگەر بە پشکنینی PCR دیاری بکرێت



پزیشکی پایەبڵندی هەناوی:

ئەم شەپۆلەی کۆرۆنا هاوکاتە لەگەڵ هاتنی پەتای ئەنفلەوەنزای وەرزی



چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند هەڤاڵی بارزانیی نەمر کە پێشتر لە رۆژنامەی خەبات بڵاو کردەووە.

ئەمڕۆ یادی (75)ەمین ساڵیادی چوونی لە شکری بارزانییەکان بۆ کوردستانی رۆژهەڵاتی ئێران و بەرگری کردنیان لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد (11/10/1945) دەکەینەوە کە خۆی قوناغێکی چارەنووساز بوو لە مێژوویی خەباتی گەلی کورد و بژاڤی رزگاریخوازی کوردستان بۆ زیندوو راگرتنی ئەم یادی مێژوییە، هەروەها چوونی لەشکری بارزانییەکان بە سەرۆکایەتی شێخ ئەحمەدی بارزانی و بارزانیی نەمر و هەروەها رۆڵی ئەوان لە پاراستنی کۆماری کوردستان و ئەو دەسکەوتانەی کە بەدەستیان هێناوە بۆ ئێوەی خوێنەرانی رۆژنامەی خەبات دەخەینە ڕوو.

سەفەر یوسف میرخان ژاژوکی



سەرۆک مسعود بارزانی:

ئامانجی بارزانی بۆ پێکهێنانی ئاواتە ڕەواکانی گەلی کورد بوو، هەموو رەنجێکی دژواریشی لە پێناوی ئەم ئاواتەدا هەڵدەگرت

• جەنابی سەرۆك (مسعود بارزانی) لە کتێبی (بارزانی وبزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد1958-1932) بەرگی یەکەم پێش چوونی لەشکری بارزانییەکان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان دەنووسی؛

شۆڕش لەهەر جێگایەك بێ پێویستی بەوکەسانە هەیە کە لەواتەی شۆڕش تێ دەگەن، شۆڕش دەستەواریەکی بازرگانی نییە و بەڵێنی کار نییە، بگرە کردەیەکی گرانە هەموو کەسێك پێ ناکرێ، دەبێ شۆڕشگێڕ بکاتە مۆڵکی میللەتی خۆی و خاوەنی توانین و هەناسەی درێژ، کە ئەم ڕەشتانەش لە سەرۆك هۆزەکاندا نییە، ئەوان خاوەنی ئاوەزییەکی کەمن و تەنیا لە بەرژەوەندی بچووکی خۆیان تێ دەگەن. پیاوەکانی ئیمپریالیزمی ئینگلیز کە خاوەن مەشق یوون، ئەو ڕاستییەیان باش دەزانی کە هەرچەندە شۆڕشگێڕان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەست هێنابێ بەسەر حکوومەتدا، بەڵام ئەم سەرکەوتنانە بەخوناوکەی ناوچەوان و خوێن هاتووەتە دی و زۆری فیداکاری ویستووە. سەرۆك هۆزەکان بەرامبەر حکوومەت خۆیان بەکەم دەزانی و گۆی لە مستی پۆڵیسێك بوون، کەچی لە گەڵ یەکتر ئاوا بەفیز بوون.حکوومەت زۆری تەقەلا دا سەرۆك هۆزەکان راکێشێتە لای خۆی و دژی شۆڕش چەکیان پێ هەڵگرێ، دەمێ بە هەڕەشە و دەمێ بە تەما وەبەرنان، لەم تەقەلایانەدا ئەفسەرە ئینگلیزەکانیش بەشدار بوون.

• لەبارەی پەنابردنی بارزانی بۆ کوردستانی رۆژهەڵات جەنابی سەرۆك (مسعود بارزانی) لە بیرەوەرییەکان دەنووسی؛

ئامانجی بارزانی بۆ پێکهێنانی ئاواتە ڕەواکانی گەلی کورد بوو. هەموو رەنجێکی دژواریشی لە پێناوی ئەم ئاواتەدا هەڵدەگرت. کاتێ کە بینی شەڕ بووەتە شەڕی ناوەخۆیی کورد و بەچاو بینی، کە سەرۆك هۆزەکان پێش دەستەکانی سوپا دەکەون بۆ گۆڕشگێڕاندا چوون. هەتا دوێنێ لەمانە هەندێکیان لەگەڵ شۆڕش دا بوون و هەندێك هەر تەماشایان دەکرد کە چی سوێند و پەیانیان لە بیر چووەوە، لە باڕێکی ئاوادا درێژەدان بەشەڕ زەحمەت بوو، بۆیە بارزانی بە پەلە ڕاوێژی لە گەڵ هەیئەی ئازادیدا کرد و پاش وەرگرتنی پەسندی شێخ ئەحمەدی بارزان ، بڕیار درا پێش دەستپێکردنی بەفر و باران و ڕێگە کیران، بکێشێنەوە بۆ کوردستانی ئێران، بەتایبەتی کە ریزە چیای سەربڵندی سەر سنوور پاش بەفرباریں ڕێگەی دەرچوون نادەن، واتە پێش ئەوەی دوژمن و سروشت دەوری ناوچەی بارزان بگرن. بارزانی فەرمانی دا بە فەرماندەکانی بەرە تا بە شێوەیەکی ڕێك، پاش ئەوەی ناوچە لە خێزانەکان پاك دەکرێتەوە، بکشێنەوە بۆ سنووری ئێران. لە کۆتاییی ئەیلوولدا شۆڕشگێڕان بە پێی نەخشە ورد دەستیان کرد بە کشانەوە.

• خوالێخۆشبوو هەڤاڵی بارزانیی نەمر و پێشمەرگەی قارەمان مام(حەسۆ کەکشار میرگەسۆری) لە دیداریکی رۆژنامەی خەبات سەبارەت کە پێشتر سەبارەت بە چوونی بارزانییەکان لە 1945-10-11 کە بە ناچاری ڕوویان کردە کوردستانی رۆژهەڵات ،گوتی؛

لە دوای شەڕێکی نابەرامبەر لە گەڵ رژێمی حکوومەتی عێراقی ئەو کات دوژمن لە 3بەرە هێرشیان هێنایە سەردەڤەری بارزان و ناوچەی میرگەسۆر و بەرەو دەڤەری مەزنێ پەرەی سەند کە شەڕ لە مەیدان موریك دەستی پێ کرد، کە تێیدا چەندین دەسکەوت بەدەست هات و چەندین مرۆڤی ئێمە شەهید بوون. لەبەرەی ئاکرێ دا لەوێش حکوومەتی عێراق حەرەکەتی کرد بۆ دۆڵا دینارتە، لەبەرەی دۆڵا دینارتە بارزانیی نەمر خۆی سەرپەرشتی دەکرد، شەڕێکی قورس ڕوویداو کاتێ سوپا و جاشەکان ویستیان چیای پیرس بگرن کە پێیان نەکرا، شەڕێکی گەورە و خوێناوی لە روباری بەرێف شۆکرا کە قورسایی شەڕەکە کەوتە سەر شیڤە هرس و هەموو شوێنك گیرا،دوو فەوجی عەسکەری لە دینارتی گەمارۆ دران، فەوجەکان چاوەڕێ بوون خۆیان تەسلیم بکەن و هیچ ئەرزاقیان پێ نەبوو، بەڵام خیانەتی جاشەکان لە رۆژهەڵات کە لە پشتەوە هاتنە دینارتە و دواتر جەبهە بەرفراوان بوو،هەروەها قوەتی پێشمەرگە وچەك زۆر کەم بوو، پاشان جەبهەی ئامێدی هاتە گرتن و دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی دەکرد و فڕۆکەکانی رژێم بەردەوام دەهاتنە سەر دەڤەری بارزان، بە ناچاری خوالێخۆشبوو شێخ ئەحمەدی بارزان و بارزانیی نەمر بە ماڵ و خێزانەکانیان رووبان کردە ئێران، دوای شەڕ گەیشتینە نزیك شانەدەر لە گوندی مەزنێ لە رۆژهەڵاتی عەشیرەتی دۆلەمەریان، لە جەبهەی ئاکرێش شەڕ هات بۆ بیرەکەپەرو سەری پیرس هاتە گرتن، لە ئامێدیش تا باڵندا پەرەی سەند و لە لای ڕێکانیان تا وەکو دلۆ ستونە و ئەرگۆش شەڕ بەردەوام بوو، بە ناچاری عەشیرەتی بارزانیەکان بە مااڵ و خێزان و ئەو ڕێگای کە سەرسەختترین ڕێگای ناخۆشی و برسیەتی و سەختیان بڕی و مانگێکی خایاند لە ڕێگای کێلەشین، مەرگەوەرچوویەنە کوردستانی رۆژهەاڵت لە ئێران.

• جەنابی سەرۆك(مسعود بارزانی) لە بارەی کاتی بارزانییەکان چوونە کوردستانی ئێران و پێشوازی کردنی خەڵکی کوردستان لەوی دا لە مبارەوە دەنووسی؛

دوای پەیوەندی کردن لەگەڵ سەرکردەکانی بزوتنەوەی کوردایێتی لە کوردستانی ئێران و لەگەڵ لێپرسراوانی لە سۆڤێتیدا، بارزانی و هاوڕێکانی لە لێژنەی نازادیدا پاش رازی بوونی شێخ ئەحمەدی بارزانی، بڕیاریان دا بچن بۆ کوردستانی ئێران کە لەوێ بارودۆخێکی نوێ لە بەردەوم بزوتنەوەی رزگاریی کوردیدا کراوەتەوە بە مەبەستی پاراستنی ئەم هێزە خاوەن ئەزموونە کە یارمەتی جێگیر بوونی ئەم بارە تازەیە دەدا لە کوردستانی ئێراندا. وەکو لە بارزانیم بیست پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە گەڵ لێپرسراوانی سۆڤێتیدا کرا و چەند باوەڕپێکراوێك بۆ ئەم مەبەستە چوونە ئێران، هەروەها هەندێك ئەفسەری سۆڤێتیش هاتن چاویان بە بارزانی کەوت، بەتایبەتی لەم پەیوەندییانەدا سەید عەبدوڵاڵئەفەندی گەیلانی و شێخ عوبێدیلای زینوێ دەورێکی چالاکیان نواند.

کاتی بارزانییەکان لە 11-10-1945 لە ڕێگەی کێلەشین- مەرگەوەر(دااڵمپەر) دەوە، چوونە کوردستانی ئێران، باڵەفڕەی عێراقی تا دوا پنتی سنوور بە دوای ماڵ و خێزانەکانەوە بوو. ئەم کشانەوە زۆر بە وردی و بە ڕێکوپێکی جێبەجێ کرا، بە جۆرێك کە نەیەك خێزان بە جێ ما و نە یەك کەس کەوتە دەستی دوژمن. شێخ ئەحمەدی بارزان خۆی لەگەڵ خێزانەکاندا دەڕۆیشت و هاوبەشی ماندووەتی و ڕەنجیان بوو. شۆڕشگێڕەکانیش بە دوای خێزانەکاوە بوون، دوای ئەوەی خێزانەکان گەیشتنە کوردستانی ئێران، حکومەتیش تەواوبوونی حەرەکاتی سوپای ڕاگەیاند، ئەوانەی خیانەتیان لە میللەتی خۆیان کردبوو، بەم جۆرە لە لایەن فەرماندەی حکومەتەوە پاداشت درانەوە، هەرچەندە زۆریش مەراییان دەکرد و گوندە چۆڵەکانی ناوچەی بارزانیان دەسوتاند تا دڵسۆزی خۆیان بۆ میری بسەلمێنن.لە گەڵ گەیشتنیان بۆ کوردستانی ئێران، زۆر بە گەرمی پێشوازی کران و برا کوردەکانی ئێران کەوتنە یارمەتیدانیان و هەموو جۆرە یارمەتییێکی گونجاویان پێشکێش کردن، پێشەوای شەهید قازی محەمەدیش فەرمانی بۆ ڕێکخراوەکانی حزب دەکرد کە لە هیچ جۆرە یارمەتییێکیان دریغی نەکرێت، دواتر بارزانییەکان بەسەر 49 گونددا دابەشیان کردن، کە مااڵ و خواردنیان لەگەڵدا بەش کردن. بارزانی چوو بۆ گوندی کە فەرماندەی سوپای سۆڤیەتی ئەو ناوچەیەی لێ بوو، لەگەڵیدا ڕێك کەوت خێزانەکان بەسەر گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا بێتە دابەشکردن. (مەرگەڤەڕ،شنۆ، نەغەدە، مەهاباد) داواشی لێ کرد لێژنەیەکی پزیشکی بنێرێ بۆ دەرمانکردنی نەخۆش و بریندارەکان، لەسەر ئەو لێژنەیەکی پزیشکی هات، نەخۆشخانەیەکی مەیدانیی لە گوندی کانی سپی دانددرا و دەست کرا بە تیماری بریندار و نەخۆشەکان، یەك لە بریندارەکان محەمەد سەدیق بوو. ئەو خێزانانەش بەسەر ناوچەکاندا دابەش کران، شێخ ئەحمەد لە مەهاباد دانیشت، بارزانی خۆی و بابۆی بۆ ای و ئیبراهیمی برازای لە شنۆ، شێخ سلێمان لەگەڵ خێزان محەمەد سەدیق دا لە نەغەدە و محەمەد خالید لە گوندی کۆکێ و ئەسعەد خۆشەوی لە ناوچەی تەرگەوەڕ.

نەخۆشی و پەتا بارزانییەکامی قەڵاچۆکرد

• سەرۆك مسعود بارزانی لە بارەی چوونی بارزانییەکان بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان وچۆن تووشی نەخۆشی نەهامەتی بوون لەپەرتووکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەم بارەیەدا دەنووسی؛

کاتێ بارزانییەکان گەیشتنە کوررستانی ئێران، هەرچی شتومەك و کەلوپەلی نێومااڵیان هەیە بەجێیان هێشتبوو و بۆیان نەکرابوو بزگوریك لەگەڵ خۆیانا بەرن، هەرچەندە پیاو هەق بڵێی برا کوردەکانی ئێران ئەوەی لە دەستیان هات و پێیان کرا لە یارمەتی دانی ئەو برا لێقەوماوانەیان دەریغییان نەکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و سەرەڕای ئەو دەسگری و بەدەنگەوهاتنەی وێنەی نەبوو، چونکی هۆیەکانی لەشساخی و خۆپاراستن لە پەتا ونەخۆشی دابین نەدەکرا، نەخۆشی تایفۆئیدیان لە نێودا بڵاوبۆوە بەجۆرێك کە لە ماوەی یەکەم شەش مانگەی ساڵی 1946دا 1500کەسیان لە نێوچوون، لەبەر نەبوونی دەرمان و دوکتۆر قوربانییەکانی پەتا گەلێك پتر بوون لە ژمارەی ئەوانی لە شەڕەکاندا لە دەست چوون، تینی ئەم پەتایە هەتا ساڵی 1947 هەر لە نێویاندا مابوو.

دوای ئەوەی دکتۆرێکی سۆڤیەتی بە خۆی و هەندێ دەرمانەوە گەیشت تینی پەتایەکە خاوبۆوە و دواجار لەکاتی کۆتایی هات کە ژیانی نزیکەی 2000 بارزانی لە پیاو و ژن و منداڵ دڕەو کردبوو، وای لێهات هیچ گوندێك و ئاواییێکی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی مەهاباد و شنۆ و بۆکان نەما گۆڕستانێکی بارزانییەکان لێ نەبێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا بارزانییەکان قورسایی ئەرکی گەورەیان هەڵگرت کە پاراستنی کۆمارەو بوونە شیاوی ئەو بروایەی پێیان کرابوو.

• یەکێك لە بەشداربووەکانی بەرگری کردن لە کۆماری کوردستان لە مەهاباد خوالێخۆشبوو فەرماندەی خەباتکار وهەڤاڵی بارزانیی نەمر بۆ یەکێتی سۆڤیەتی جاران مام(عەلی خەلیل خۆشەوی) بەر لەکۆچی دوایی لە چاوپێکەوتنێکدا بۆ خەبات خستییە ڕوو کە چۆن بارزانییەکان بەرگرییان لە کۆمار کوردستان کرد بووە و چۆن دەستکەوتەکانیانی پاراستووە و بەم شێوەیە باسی بیرەوەرییەکانی کردووە: لە 11-10-1945 هەرچەندە فڕۆکەکانی دوژمن ئێمەیان بە مااڵ و خێزان بۆردومان دەکرا توانیان بگەینە ناو خاکی کوردستانی ئێران و خەڵکی ئەم ناوچانە پێشوازیەکی گەرمیان لە ئێمە

مەسرور بارزانی دوێنێ ئەندازیاری ئارامی و ئەمڕۆ ئەندازیاری چاکسازی و دادپەروەری



ئەحمەد سیروان شوانی

مەسرور مەسعود موستەفا بارزانی، ساڵانێك تێکۆشان و شەونخووتی و ماندووبونی بەردەوامی لە پێناو پاراستن و سەقامگیری و ئارامی هاوڵاتیانی نێو هەرێمی کوردستان کێشاوە و، جەنگاوە لە پێناو بنبڕکردنی ڕەگی تیرۆر و ڕێگەگریکردن لە نەهێشتنی مادەی هۆشبەرەکان و کوشتن و ڕفاندنی هاوڵاتیان، بەم شێوازە ساڵانێك تێکۆشان لە پێناو گەیشتن بە کەناری ئارامی بۆ هاوڵاتیانی نێو هەرێمی کوردستان، لە کۆتاییدا توانی سەرکەوێ بەسەر سەرجەم بەربەست و کێشەکان و بوو بە ئەندازیاری ئارامی و لە سایەی دەزگا ئەمنییەکان و سەرجەم کارمەندانی ئاسایش و دژە تیرۆر و پێشمەرگە قارەمەنەکان لە سایەو هەوڵ و بڕیار و پلانە ستراتیژییە ئەمنییەکانی بەڕێزیان هاوڵاتیانی فرە نەتەوەکانی نێو هەرێمی کوردستانی گەیاند بە لووتکەی ئارامی.

لە دوایی دەست بەکاربوونی ڕێزدار مەسرور بارزانی وەکو سەرۆکی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی نۆیەمی حکومەت دەست بەکاربووە و کاری لە پێشینەی حکومەت چەندین پڕۆژەی جۆراو و جۆر و خزمەتگوزاری گشتی و پڕۆژە یاسای چاکسازی بە تایبەتی بووە، ئەم پڕۆژە یاسایەش لە پێناو دادپەروەری و نەمانی گەندەڵییە، لە پڕ پیاوی ئەرکە سەخت و قورسەکان زەنگی چاکسازی لێدا لە پێناو بەرقەرارکردنی دادپەروەری و نەمانی ڕەگی گەندەڵی، بەم شێوەیە کوردستان پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ حوکمڕانییەوە و دەبێتە دەستپێکی قۆناغێکی پڕشنگداری نوێ بۆ بەهێزبوون و بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز.

بەم هەنگاوە مێژوویییەش ناوی ڕێزدار مەسرور بارزانی دەچێتە مێژووە و بە ئەندازیاری چاکسازی و دادپەروەری دەناسێندرێ و تیشکی ڕووناکی بەهێزی خۆر بە ئاسمانی هەرێمی کوردستان هەڵدێت و دڕووشمی بنیاتنانی کوردستانێکی بەهێز دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و سەرجەم فرە نەتەوە جیاوازەکانی نێو هەرێمی کوردستان لە ژێر سایە و سێبەری ئەم دادپەروەرییەی حکومەت کە لەژێر فەرمانی ڕێزدار مەسرور بارزانی دایە دەژین بە ئارامی و دادپەروەری. تەگەرەکانمان بڕیوە و هەمووان پێکەوە دەست لە نێو دەست هەنگاوی ئەوێنی و کاریگەر دەنێین

داواکارم لە سەرجەم لایەن و دام و دەزگا و بەڕێوبەرە گشتییەکان و هاوڵاتیانی فرە نەتەوەکانی نێو هەرێمی کوردستان پێکەوە دەست لە ناو دەست بە یەکگرتووی هەنگاو بۆ کار ئاسانی و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بنێن و بەردی بناغەی کوردستانێکی بەهێز دانێن و هەموان تێکڕا بە یەکدەنگ بەرەو کوردستانێکی بەهێز هەنگاو بنێن و بە دروشمی چاکسازی و دادپەروەری تێبکۆشین و کار ئاسان بین و پاڵپشتی هەنگاوەکانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بین، لە پێناو داهاتوویەکی ڕووناك و پێشکەوتوو و بەهێزی کوردستان.



کـرد و جـل و بـەرگ و پێداویستیەکان بـۆ ئێمـە دابیـن کـرد. نابـێ هـاوکاری و ئـەو خزمەتـەی کـە خەڵکـی مەهابـاد و لـە مەهابـاد کـە شـەڕی قـاراوە بـوو ئـەم شـەڕە بەسـەرکەوتنی بارزانیـی نەمـر و بەرگـری کـردن لـە کۆمـاری کوردسـتان داگیـر بکـەن بۆیـە ئێمـەش شـەڕی مـان و نەمانمـان دەکـرد و دوایـی ئیـدی هەرچەنـدە کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد زۆری برنـۆ، شەسـت تیـر و نارونجـۆك)،درا بـە 1500 کەسـی بارزانـی کـە کرابـوون بـە سـێ بەتالیـۆن و بەرنامـەی مەشـقی تازەیـان بـۆ رێکخـرا بـوو، وەك مەشـقی سـەربازیی وڵاتـان، 700 چەکـداری بارزانیـش وەکـو یـەدەك مانـەوە.. سـێ بەتالیۆنەکەیـش بەمشـێوە فەرماندەیـان بـۆ دانـدرا:

1.رائـد بەکـر عەبدولکەریـم، فەرمانـدەی بەتالیۆنـی یەکـەم، حەمەدئەمیـن میرخـان، مامەنـد مەسـیح و فـارس کانـی بۆتـی دانـران بـە فەرماندەی سریـە.

2. نەقیـب مسـتەفا خۆشـناو، فەرمانـدەی بەتالیۆنـی دووەم، سـەعید وەلـی بـەگ و خۆشـەوی خەلیـل و مسـتۆ جانگیـر بوونـە فەرماندەی سریـە.

3. نەقیـب میرحـاج ئەحمـەد، فەرمانـدەی بەتالیۆنـی سـێ یـەم ، سـاڵح کانـی لەنجی و حەیـدەر بـەگ عـارف بـەگ و وەهـاب ئاغـا رەواندزی کـران بـە فەرماندەی سریـە.

پـاش رێکخرانـی بەتالیۆنـەکان و تەواوکردنـی مەشـقی سـەربازی، بارزانـی و چەنـد کـەس لـە لێپرسراوانـی کۆمـاری هاتنـە ئـەو ئاهەنگـەی بـەم بۆنەیـەوە رێکخـرا بـوو، بارزانـی لێـرەدا وتارێکـی دا و پیرۆزبایـی لـە ئەفسـەر و سـەربازەکان کـرد بـۆ ئـەم پێشـکەوتنەیان، هانیشـی دان بـۆ پاراسـتنی یاسـای سـەربازی و بەجـێ هێنانـی فەرمانـەکان و گوتـی: هـەر کـەس لـە فەرمانـی ئـەم سـێ فەرمانـدەی بەتالیۆنـەکان دەرچـێ وەکـو نافەرمانـی منـی کردبـێ وایـە. پاشـان سـێ بەتالیۆنەکـە بەرەو شـەڕی سـەقز بـەرێ کـران کـە لـەو کاتـەدا بـە هـۆی بـەرەوڕوو وەسـتانی راسـتەوخۆ لەگـەڵ هێزەکانـی ئێرانـدا زیاتـر مەترسـی لێدەکـرا، ئەفسـەرەکانی دێ لەگـەڵ بارزانـی مانـەوە وەکـو دەسـتەی ئـەرکان.

وەکـو دەزانیـن بارزانییـەکان بـوون بـە هێـزی سـەرەکی کۆمـاری مەهابـاد و زۆریـان فیـداکاری بـۆ کـرد.

• کتێبی : بارزانی و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەرگی یەکەم(1931-1958) نووسینی: جەنابی سەرۆك بارزانی.



سەرۆك مسعود بارزانی: بارزانییەکان بوون بە هێزی سەرەکی کۆماری مەهاباد و زۆریان فیداکاری بۆ کرد

ناوچەکانـی دەوروبـەری کـە بـۆ ئێمەیـان کـردووە لـە بیـر بکەیـن، هەروەهـا دواتـر ئیمەیـان دابەش سـەرگوندەکانی کوردسـتان و ناوچەکانـی دەوروبـەری کـرد و ئێمـە لـە ناوچـەی تەرگـەوەڕ بوویـن و دوایـی ئێمەیـان بارزانییـەکان بـە پیـرو گەنـج و لاو ناونوسـیان کـرد بۆبەشـداری کـردن لـە لەشـکری کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد، ئێمـە دەبوایـە بۆمـاوەی 3 هەتـا 4 مانـگ زیاتـر مەشـقیان بکردایـە و منیـش چەکـم لـە کۆمـار هەڵگـرت و کاتـی هەڵگرتنـی چـەك بـۆ ئـەم کۆمـارە دەبوایـە سـوێندمان خواردبوایـە کـە ئێمـە نابـی خیانـەت لـەو کۆمـارە بکەیـن. چەندیـن خـول و مەشـقی سـەربازیان دیـت و لـە 22/1/1946 کـە یـادی دامەزراندنـی کۆمـاری کوردسـتانە لـە مەهابـاد بـە رابەرایەتـی پێشـەوا قـازی محەمەدکـە بـووە سـەرۆك کۆمـار و هەروەهـا بارزانیـی نەمـر بـە پلـەی ژەنـراڵ بـووە سـەرۆکی عەسـکەری و لەشـکری کوردسـتان، لەهەمـوو شـەڕەکان بەشـداریان لـەم کۆمـارە کـرد بـە سـەرۆکایەتی بارزانیـی نەمـر وگەورەتریـن زەربەمـان لـە دوژمـن دا. هـەر لەشـەڕی یەکـەم لـە پێشـمەرگەکان کۆتایـی هـات و بـووە هـۆی بەرزکردنـەوەی وڕەی خەڵـك هەروەهـا هەسـتی نەتەوەیـی رەنگـی دایـەوە و شـارەزای شـەڕی ئێمـە بارزانیـەکان بـوون دڵسـۆزی و قارەمانانەتـی خۆمـان بـۆ خەڵـك سـەلماند. لـە هەمـوو شـەڕەکان وەکـو مامـەش و شـەڕی قـاراوە و مـل قەڕنـی و سـەقز و..کـە بـە هەمـوو ئیـرادە توانیـان بەسـەر دوژمنـان زاڵ بیـن و سـەرکەوتنان بەدەسـت هێنـا و ئەوەیـش لێهاتوویـی و توانـا و وڕەی بارزانیـی نەمـر بـوو بـۆ ئێمـە کـە خۆڕاگـر و بـە توانـا بیـن و هەرچەنـدە ئێمـە شـەهید و بریندارمـان دەدان و لەشـەڕی مـل قەڕنـی کـە هەندێـك بریندار و بـرام شـەهیدی قارەمـان و فەرمانـدە خۆشـەوی خەلیـل خۆشـەوی بـوو ئەوەیـش وەکـو قارەمانێـك بـوو فەرماندەیەکـی مەزنـی شـەڕ بـوو و ئەوەیـش ڕەوانـە کـرا بـۆ مەهابـاد و بەمەراسـیمی پرشـنگدار و ڕێورەسـمی عەسـکەری لـە شـنۆ نێـژرا و یەکـەم شـەهیدی بارزانییـەکان بـوو، بـەڵام دیسـان وڕەی خۆمـان لـە دەسـت نـەدەدا و بارزانیـی نەمـر دەیوسـت بـە دوژمنـان بڵێـت کـە ناتوانـن بسـتێك لـە خاکـی کوردسـتان نەخایاند،لـەو ماوەیـەی کـە لـە بەرگـری کـردن لـە کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد بووین توانیـان هەمـوو هێـزی خۆمـان بـۆ سـەرکەوتنی ئـەم کۆمـارە تەرخـان بکەیـن.

•سـەرۆك بارزانـی لـە پەرتووکـی بزوتنـەوەی رزگاریخـوازی کـورد باسـی ئـەوەی دەنوسـی کاتێـك بارزانییـەکان گەیشـتنە رۆژهەڵاتـی کوردسـتان و خێزانـەکان دامـەزران، هێزەکانیانیشـان کـرا بـە فـەوج ، رۆڵیـان هەبـووە لـە بەرگـری کـردن لـە پاراسـتنی کۆمـاری کوردسـتان لـە مەهابـاد، لەمبارەیـەوە جەنابـی سـەرۆك مسـعود بارزانـی دەنووسـی:

دوای ئـەوەی خێزانـەکان دامـەزران، هێزەکانیـش کـران بـە فـەوج و چەکـی تازەیـان بەسـەردابەش کـرا، بەبۆنـەی نـەورۆز سـاڵی 1946 ەوە بارزانـی بانـگ کرایـەوە مەهابـاد و باسـی چەکـدار کردنـی بارزانییـەکان کـرا بـە چەکـی نـوێ، بریـار درا کـە هەمـوو پیاوەکانـی لـە تەمەنـی 15سـاڵییەوە تـا 60 سـاڵی بانـگ بکرێـن و ئەمانـە دابـەش بکرێـن بەسـەر مزگەوتەکانـی شـارا. لـە سـەرەتایی نیسـاندا چەکـی تـازە دابەشـکرا (تفەنگـی



سەرۆك وەزیران و وەڵامەکانی لە پەرلەمانی کوردستاندا

یونس حەمەد - ئۆسلۆ

کاتژمێـر ١٠،١٥ ڕۆژی دووشـەممە ٢٠٢٠/١٠/٥ خولـەك بـە کاتـی هەولێـری پایتەخـت بـە ئامادەبوونـی دەوڵەتـی سـەرۆك وەزیـران بەڕێـز مەسـرور بارزانـی وجێگیرەکـەی و وەزیـرە پەیوەندییـەدارەکان لـە تـەلاری پەرلەمانـی کوردسـتان دانیشـتێك بەڕێوەچـوو ، کـە تیایـدا باس لـە چەندیـن تـەوەری گرینـگ سـەبارەت بـە ڕەوشـی ئەمـڕۆی کوردسـتان و ناوچەکـە لـە ئاسـتی سیاسـی و ئابـووری و چاکسـازی وکەرتـی تەندروسـتی و خزمەتگـووزاری زۆر لایەنـی دیکـەدا کـرا، سـەرۆك وەزیـران زۆر بـە وردی ئامـاژەی بـە خاڵـە گرینـگ و پـڕ بەهـا وبایەخەکانـی ئـەم پرسـانە کـرد، لـە ڕووی سیاسـییەوە زۆر بـە بایەخـەوە هەڵوەسـتەی لەسـەر پەیوەنـدی نێـوان حکومەتـی کوردسـتان و فیـدراڵ بەشـێوەیەکی زانسـتی و تێروتەسـەڵ بـۆ پەرلەمانتارانـی شـیکردەوە، ئـەو خاڵانـەی کـە هاوڵاتیانـی هەرێمـی کوردسـتان چاوەڕوانیـان دەکـرد زۆر بـە جـدی و ڕاشـکاوی و ڕاسـتگۆییەوە وڵام دارانـەوە .

دانیشـتینی پەرڵەمـان لـەو کات و سـاتدا یەکجـار گونجاوبـوو بـۆ ئـەوەی هاوڵاتیانـی هەرێـم لـە پرسـە گرینگەکانـی ئـەو ڕەوش وبارووددۆخـەدا وەك پرسـی مووچـە و بوودجـە و قەرزەکانـی سـەر حکومـەت کـە پرسـێکی یەکجـار پـڕ بـە بایەخـە و سـەرۆك وەزیـران بـە زانیـاری ورد ئـەم پرسـەی شـیکردەوە کـە بـە پێـوەر و داتـە و زانسـتییە ئابووریـەکان خسـتیەڕوو، کـە لـەم سـۆنگەوە حکوومەتـی بەغـدا بـە هـۆی ئـەو کێشـانەی کـە تێکەوتـوون ناتوانـن بەڵێنەکانیـان جـێ بـە جـێ بکـەن ئەمـەش بەگوێـرەی وتەکانـی سـەرۆك وەزیـران کێشـەیەکە دەبێـت بەپێـی دەسـتوور چارەسـەر بکرێـت بـە تایبەتـی ناوچەکانـی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـی کوردسـتان ، لـەم میانـەدا وێـڕای ئـەم ئەسـتەنگانە گەشـبینی خـۆی دەبـڕی بـە کێشـەکان لەگـەڵ بەغـدا ،هەروەهـا پرسـی مووچـە و بوودجـە پرسـەکانی گفتوگـۆی هەردوو لایەن کوردسـتان و عێـراق تەوەرێکـی سـەرەکی بـوون کـە شـاندی کوردسـتان زۆر بـە پەرۆشـەوە بـۆ نیـەت پاکـی سـەردانی بەغدایـان کـرد ئەمـەش بەشـێوەی سـەرەکی بـۆ بەرژەوەنـدی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتانە.

ئـەوەی لـەم تەوەرانـەدا پێویسـتە ئامـاژەی پـێ بکرێـت خەمخـۆری حکومەتـی کوردسـتانە بـۆ هاوڵاتیـان کـە سـەرۆك وەزیـران زۆر جدیانـە بـۆ پرسـەکان چـوو، ئەمـەش لـە وڵامـی پرسـیارەکانی ئەندامانـی پەرڵەمـان دەرکـەوت کـە خەمخۆرانـە حکومـەت لـە خەمـی هاوڵاتیانداییـە کـە ئەمـەش بـە ڕوونـی بەرچـاو و بـەدی دەکرێـت ، ئـەو وڵامانـەی بارزانـی زۆر دڵسـۆزانە خـۆی وێنـا کـرد بـە تایبـەت کـە گووتـی: چاکسـازی بـۆ ئـەوەم نیـە ئێـوە رازی بکـەم بـۆ ئەوەمـە ویژدانـی خـۆم رازی بکـەم ، خـوای خـۆم رازی بکـەم. ئەمـەش خـۆی لـە خۆیـدا متمانـە بەخـۆ بوونـی سـەرۆك وەزیرانـە بەرامبـەر بـەو بەڵێنانـەی کـە لـە کاتـی سـوێند خـواردن وەك سـەرۆك وەزیـران دایـە هاوڵاتیانـەوە .

ڕوونکردنـەوەی ئاسـتی وەبەرهەمهێنانـی نـەوت و قەرزەکانـی سـەر حکومـەت خاڵێـك بـوو کـە بـە ڕوونـی بەرچـاوی خسـت کـە هاوڵاتیـان تـا ڕادەیـەك پێشـتر بـەم شـێوەیە لێـی تێنگەیشـتبوون. هەندێـك دیقاکتـۆ لـەم دانیشـتنەدا باسـکران کـە جێگـای ئەوەیـە بەشـێوەیەکی ئەرێنـی هەڵوەسـتەی لەسـەردا بکرێـت ئەمانـەش سـازش نەکـردن بـوون لەسـەر مافـە دەسـتوورییەکانی هەرێمـی کوردسـتان وەك مکـوڕ بـوون لەسـەر ئـەم پرسـەدا کـە جگـە لـە ڕووی دارایـی مافـە سیاسـییەکان خـاك و هاوڵاتیـان بـۆ هەرێمـی کوردسـتان بەرجەسـتە دەبێـت.

ئـەوەی پەیوەسـت بـە خاڵـە سـنوورییەکان بـە جدییەکـی زۆر پۆزەتیفانـە جەخـت لەسـەر ئـەوە کرایـەوە کـە پێویسـتە چاودێریەکـی پتـەو لەسـەر هەمـوو جـۆرە قاچاخچـی یـەك بکرێـت و ئـەم دیاردەیـە نەمێنیـت وبنبڕبکرێـت لـە خاڵـە سـنوورییەکاندا کـە سـەرچاوەیەکی گرینگـی ئابووریـیە بـۆ هەرێـم، هەروەهـا ئـەم پرسـە واتـا خاڵـە گومرگییـەکان لـە چوارچێـوەی پرسـی گەندڵـی دێـت کـە هەوڵـی بنبڕکردنـی دەدرێـت ئەمـەش دەبێتـە هـۆی متمانـە بوونـی زیاتـری هاوڵاتیـان بـە حکومـەت، کۆڕۆنـا کـە ئێسـتا بۆتـە پەتایەکـی سەرتاسـەری جیهـان و کوردسـتانیش لـەم پەتایـە بـەدەر نیـە، سـەرۆك وەزیـران لـەم پرسـەشدا زۆر ڕاشـکاوانە هەنـگاوی بـۆ بەرپابوونـی ئـەم پەتایـە کـە سـەرەتا هەرێمـی کوردسـتان هەنگاوەکانـی زۆر بـە باشـی نـا، بـەڵام بـە هـۆی هەندێـك هەڵسـووکەوت و موزایەدانـەوە ئێسـتا بەداخـەوە ئـەم پەتایـە جیهانیـە لـە کوردسـتان زۆر بـووە و کـە گیـان لـە دەسـتدانی هاوڵاتیانـی لێکەوتـەوە. پێکـەوە ژیـان لەلایـەن پێکهاتـەکان کـە کوردسـتان هەمیشـە شـانازی پێـوە دەکات لەمەشـیان زۆر بـە گرینگیـەوە هەڵوەسـتەی لەسـەر کـرا.

وتـە و وڵامەکانـی مـەسروور بارزانـی بـۆ نوێنەرانـی گـەل وڵامێکـی پـڕ لـە ڕاسـتی و ڕاشـکاوی بـوو، ئـەوەی سـەماند، پرسـی دیموکراتـی لـە کوردسـتان پرسـێکی ڕووحـی یـە و هاوڵاتیانـی کوردسـتان لەسـەری لێڕاهاتـوون .



هەرێمی دیموکراسی و پەرلەمان و حکومەتی خەڵک

ئاری نانەکەلی

سـەرۆکی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و جێگرەکـەی و تیمـی بەڕێزەکەیـان هەنگاوێکـی پیرۆزیـان نـا، پەرلەمانـی کوردسـتانیش گەڕایـەوە نـاو باوەشـی خەڵـک.

ئـەوەی مـن بینیـم لـە دانیشـتنی نێـوان پەرلەمانـی کوردسـتان و حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان و ئیـدارە دانـی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان و پێشـکەش کردنـی وتـاری کاك مەسرور بارزانـی سـەرۆکی حکومـەت لەسـەر بەرنامـە بـە دیقـەت جێبەجـێ کـراوەکان و پرسـەکانی تـر، جێـگای دەسخۆشـیە.

هەروەهـا ئاراسـتە کردنـی زیاتـر لـە ٣٥٠ پرسـیار لەلایـەن سـەرجەم پەرلەمانتـاران و سـەرۆکی فراکسـیۆنەکان بـە ئۆپۆزسـیۆن و غەیـرە ئۆپۆزسـیۆن کـە نوێنەرانـی خەڵکـن.

وەڵام دانـەوەی پرسـیارەکان بـە نەفەسـی درێـژ و دڵێکـی گـەورەوە لەلایـەن سـەرۆکی حکومـەت و جێگرەکـەی و تیمـی بەڕێـزی یاوەریـان ئەوەمـان بـۆ دەرکـەوت زۆر لـە خەمـی کوردسـتان و خەڵـک دانـە، بـەڵام کاتیـان پێویسـتە تـا چارەسـەری هەمـوو گرفتـەکان بکـەن، پەرلەمانتـاران چـی پرسـیار و داواکاری ڕەوای خەڵـک بـوو گەیاندیـان، سـەرۆکی حکومـەت و تیمـی یاوەریشـی بـە ڕوون و ڕاشـکاوی وەڵامـی هەمـوو پرسـیارەکانیان دایـەوە، هـەردوو لا بـە ویژدانێکـی ئاسـوودەوە هاتنـە دەر، خەڵکـی کوردسـتانیش بینەریـان بـوون هـەم داوا و داخوازییـەکانیان گەیەنـدرا، هـەم وەڵامـی موقنیـع و هەندێـك بەڵێنیشـیان وەرگـرت. بەمـەش جارێکـی تـر دڵخۆشـیتان خسـتەوە نێـو دڵـی خەڵـک، کـە نمونەیەکـی جوانـی دیموکراسـی و ئـازادی بیـر و ڕا نیشـانی نـاوەوە و دەرەوە درا..

پێویسـتە ئەم جۆرە دانیشـتنانە بەردەوام بێ و پەرەی پێ بدرێت.

دەسـتتان خۆش بەرەو خزمەت کردنی زیاتر، بەرەو یەکڕیزی و تەبایی.

ون بوون

ناسنامەی کۆلیژی پەروەردە/ زانکۆی صلاح الدین بەشی ڕێنمایی پەروەردەیی بەناوی سۆلین حسن محمدامین بارام وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وونبوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان/لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ١٦٥٠٤ بەناوی اسماعیل کاکەمین عزیز وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وونبوون

ناسنامەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان لەگەل ناسنامەی بیمەی تەندروستی شرکەی ئاسیا سێل لەگەل کارتی پلاتینیوم/ئاسیاسێل بەناوی هۆگر مامند محمود وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وونبوون

پسولەی شارەوانی بنەسلاوە ژمارەی پسولە ٠٧٦٣٣٧٥ بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٠ مەبلەغ ٧١٤٠٠٠ بەناوی رامار فارس حسن/سەفین جمعە عبدالرحمن وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وونبوون

پسولەی شارەوانی بنەسلاوە ژمارەی پسولە ٠٧٦٣٣٧٦ بەرواری ٢٠١٩/١٢/١٠ مەبلەغ ٣٠٠,٠٠٠ بەناوی رامار فارس حسن/سەفین جمعە عبدالرحمن وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ ژمارەی پسوولە ٠٤٢٠٣٨٦ ڕێکەوتی ٢٠١٩/٢/١٠ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی مؤید یاسین شهاب وون بووە تکایە هەرکەسێ دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

الاعتماد اللبناني
CREDIT LIBANAIS

التاريخ: ٢٠٢٠/١٠/٧
العدد: ١٠٧٠

اعلان

قرر مجلس ادارة (بنك) الاعتماد اللبناني ش.م.ل غلق فروعه داخل العراق وحسب موافقة البنك المركزي العراقي بكتابه المرقم ٧٩٨٢/٢/٩ تاريخ ٢٠٢٠/٦/٢٨ يرجى من الزبائن الكرام مراجعة فروعنا في العراق (بغداد و اربيل) لغرض سحب و دائعهم و تصفية متعلقاتهم في المصرف. ادارة (بنك) مصرف الاعتماد اللبناني ش.م.ل

***

محكمة بداءة العمادية

العدد/١٤٠/ب/ ٢٠٠٦
التاريخ/٢٠٢٠/١٠/١١

إعلان

عطفا على الحكم الصادر من المحكمة بالعدد (١٤٠/ب/٢٠٠٦) والمتضمن إزالة شيوع العقار المرقم(٥٥٧) والموصوف أدناه تعلن هذه المحكمة عن تمديد بيع العقار بالمزايدة العلنية لمدة (١٥) خمسة عشر يوما اعتبارا من اليوم الثاني للنشر فعلي الراغبين بالشراء مراجعة محكمة بداءة العمادية في تمام الساعة الثانية عشر ظهرا مستصحبين معهم التأمينات القانونية البالغه١٠٪ من القيمة المقدرة للعقار والبالغة(٩٧٦٤٥١٠٠٠) تسعمائة وستة وسبعون مليونا واربعمائة وواحد واربعون الف دينارا إن لم يكونوا من الشركاء وعند انتهاء المدة المذكورة ستجرى الإحالة القطعية وفقا للقانون مع العلم إن الدفع نقدا والدلالية على المشتري وإذا صادف يوم المزايدة عطلة رسميه فيكون اليوم الذي يليه موعدا لاجراء المزايدة أصوليا

الأوصاف/ رقم العقار (٥٥٧) تقع في روبال العمادية / مصيف سولاف قريبة من الشارع الرئيسي المؤدي الى محافظة دهوك مساحتها (١) دونم و(٩)اولك (١٩) متر جنسها بستان تسقى سيحا نوعها مملوكة للدولة وتشتمل على غرفة صغيرة مبنية بالبلوك والاسمنت وكبرات صيفية

القاضي / طارق رمضان صالح

***

مديرية تنفيذ بردرش

العدد /٢٢١/ت.د/٢٠٢٠
التاريخ /٢٠٢٠/١٠/١١

اعلان

قررت مديرية تنفيذ بردرش بيع العقار المرقم (٥/١) مقاطعة (٧٩/دوستك) بخصوص حصة للمدينين كل من (مي محمد يونس ومرح محمد يونس ومهي حازم قاسم) والتي تم حجزها لقاء دين الدائن (عدنان تحسين امين) فعلى الراغب بالشراء مراجعة هذه المديرية خلال مدة (٣٠) ثلاثون يوما تبدا من اليوم التالي بموجب المادة (٩٥) من قانون التنفيذ النافذ مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة (١٠٪) عشرة من المائة من القيمة المقدرة وان رسم التسجيل والدلالية على المشتري

المواصفات :-

موقعها ورقمها قضاء برده ره ش رقم (٥/١) مقاطعة ٧٩/ دوستك القيمة المقدرة (١٧٢٢٠٠٠) مليون وسبعمائة واثنين وعشرون الف دينار للدونم الواحد

المنفذ العدل
عنتر فرهاد محمد

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/١٠/٧

بەپێی ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (دانا مصطفی سلیم) لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا داندراوە لە (ڕێگای گوێر) و وەسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو نارازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس
شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- ئامێری ساردککەرەوە برادی ساردکردن، بێ ژمارە، دروستکراوی ایرانی مۆدێلی ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی A.M ٣.
٢- ئامێری گەرمکەری شیر، بێ ژمارە، دروستکراوی ایطالی مۆدێلی ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٠,٣٧.
٣- ئامێری پالاوتنی شیر، بێ ژمارە، دروستکراوی ایطالی مۆدێلی ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ١,٧٥.
٤- مۆلیدەی کارەبا، بێ ژمارە، دروستکراوی صینی مۆدێلی ٢٠٠٦ جۆری سوتەمەنی بەنزین، توانای کارەبایی A.M ١٠.
٥- ئامێری تێکردن و کەپس کردنی شیرو بۆناو قوتو، بێ ژمارە، دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٤,٥.
٦- ٣ دانە بەستەرەی تێکەل کردن و کۆلاندنی شیر ، ژمارە ١١٠/١١١/١١٠، دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٧,٥.
٧- ئامێری پالاوتنی شیر، ٥١٤٤١٠٩٢٢٥٧، دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ١,٥.
٨- ئامێری فرنی دروست کردنی قەیماغ، بێ ژمارە، دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی غاز، شەش چاوەیی.
٩- کۆگای بەستان و ساردکردن، بێ ژمارە، دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ١٠. کۆمپرێسەر و فابرێتەر.
١٠- ئامێری تێکردن و کەپس کردنی ماستاو، بێ ژمارە، دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٢,٥. ٣٠٠ غرام.
١١- ئامێری خەزانی ساردکردنی ماستاو، بێ ژمارە، دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ٢,٥.
١٢- ئامێری پشکێنەری شیر بوخاری، ژمارە ٠٠٠٤٧٠٥، دروستکراوی المانی مۆدێلی ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی A.M ١.
١٣- ئامێری پشکنین و پالاوتنی شیر، ژمارە ٨٠٣٩٤٧، دروستکراوی امریکی مۆدێلی ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی A.M ٢.
١٤- ئامێری پشکێنەری شیری جۆراو جۆر، ژمارە ٩٠٢٣٨٦، دروستکراوی امریکی مۆدێلی ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی A.M ٢.
١٥- ئامێری لێزەری دانانی بەروار لەسەر قوتی، بێ ژمارە، دروستکراوی دانیمارکی مۆدێلی ٢٠١٢ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی A.M ٢.
١٦- ئامێری کۆمپرێسەری ساردکردن و بەستان بێ ژمارە، دروستکراوی المانی مۆدێلی ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی کارەبا، توانای کارەبایی K.W ١٥. فابرێتەر
١٧- مۆلیدەی کارەبا، ژمارە G2-X25G1-A83516، دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١١ جۆری سوتەمەنی گازوائیل، توانای کارەبایی K.V.A ٢٢.

***

فەرمانگەی دادنووسی دەشتی هەولێر
کارگێری و خۆیەتی

ژمارە/ ٢٢٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/٨

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

داوا لە بەرێزتان دەکەین بەبڵاوکردنەوەی ئەم هۆشداریە کە لە فەرمانگەکەمان ئەنجام دراوە ژمارەی گشتی ١٤٢٧٧ تۆمار ٧٢ ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٤ لەنێوان مسعود نزیر محمد و فرهاد عبداللە کریم و بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی نیشتمان لە سنووری بنکەی پۆلیسی دارەتوو کە شوێنی نیشتەجێ مسعود نزیر محمد دیار نییە داواتان لێ دەکەین لە ڕۆژنامەکەتان بڵاوبکرێت بەمەبەست ئاگادارکردنی ناوبراو.

دادنووس/ مسعود سليمان علي

***

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی
خانووبەرەی سەلاحەدین

ژمارە/ ٤٦١
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١١

جاردان یەکەم

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەدین هەلدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی مولکی هاووڵاتی نجاة علی میکائیل مولکی ژمارە ١٨/٩٤٩٧ کەرتی ٩ سەلاحەدین لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا لە جیاتی بڕی پارەی قەرزەکە تەواوی مولکەکە خەملێنراوە بە بڕی پارەی ٤٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار/ تەواوی زانیارییەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی تێبینەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە زیادکردنەکە لە تێبینەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ.

تێبینی/
* کریار دەبێت ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت و ١٠٪ خەملێنراوی مولکەکە لەگەل خۆی بهێنێ ڕسوماتی تۆمارکردنی لەسەر کریارە.
* ناوی خاوەن قەرز بانکی سەربەن
* ناوی خاوەن مولك قەرز نجاة علی میکائیل
* ژمارەی مولك ١٨/٩٤٩٧ کەرتی ٩ صلاح الدین
* شوێنی مولك ڕاپەڕین
* ڕووبەری مولك ٢٠٠م٢
* جۆری مولك مولکی تەواو
پێکهاتووە لە ( ) زەوی بەتال

سفین جیهاد عمر
تێبینەری سەلاحەدین

***

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەدین

ژمارە/ ٤٦٢
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١١

جاردان یەکەم

تێبینەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرەی سەلاحەدین هەلدەستێت بە فرۆشتنی تەواوی مولکی هاووڵاتی نجاة علی میکائیل مولکی ژمارە ١٨/٩٤٧٧ کەرتی ٩ سەلاحەدین لەرێگای زیادکردنی ئاشکرا لە جیاتی بڕی پارەی قەرزەکە تەواوی مولکەکە خەملێنراوە بە بڕی پارەی ١٥٤,٦٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار تەواوی زانیارییەکان لەسەر مولکەکە لە خوارەوە هاتووە هەر کەسێك ئارەزووی بەشداربوونی هەیە با سەردانی تێبینەرایەتیەکەمان بکات لە ماوەی ٣٠ ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە زیادکردنەکە لە تێبینەرایەتیەکەمان ئەنجام دەدرێت لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ.

تێبینی/
* کریار دەبێت ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت و ١٠٪ خەملێنراوی مولکەکە لەگەل خۆی بهێنێ ڕسوماتی تۆمارکردنی لەسەر کریارە.
* ناوی خاوەن قەرز بانکی سەربەن
* ناوی خاوەن مولك قەرز نجاة علی میکائیل
* ژمارەی مولك ١٨/٩٤٧٧ کەرتی ٩ صلاح الدین
* شوێنی مولك ڕاپەڕین
* ڕووبەری مولك ٣٩٨,٦٦م
* جۆری مولکی تەواو خانووەکە ٣ نهۆم و ژێرزەمین
پێکهاتووە لە ٩ ژوور ٢ توالێت ، هۆل ٣ حمام لە بلوك و کونکرێت دروستکراوە.

سفین جیهاد عمر
تێبینەری سەلاحەدین

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی / ٤

ژمارە : ٥٠٤ / ش / ٢٠٢٠
بەروار : ١١ / ١٠ / ٢٠٢٠

ئاگانامە

داواکار : میلاد شکر عباس
داوالەسەرکراو : وسام احمد عبدالرحمن
بۆ / داوا لەسەر کراو

داواکار (میلاد شکر عباس) داوایەکی بە ژمارە (٥٠٤ / ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت، وەلەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری بە هۆکاری جێهێشتنی بێ پاساوی مێرد) دەکات، وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت، بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار. دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە، بۆ ئامادەبونتان لەبەردەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/١٠/٢٧) سەعات (١٠:٥٠) ی سەرلەبەیانی، بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبن یان بریکار نەنێرن، ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا .

دادوەر / کامەران رسول سعید

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی شەقڵاوە

ژمارەی دۆسیە/ ٧/انابە/٢٠١٧
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/١٠/١٢

جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی شەقڵاوە مولکی ژمارە ٣٦/کەرتی ٢٩ کە کەوتۆتە گوندی باشور علیا دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار ابوبکر صالح عبید کە گلدانەوەی خاوەتە سەر لەجیاتی قەرزی کۆمپانیای افلاك بەبری ٧٠٠٠٠٠٠ حەفتا ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەندە لە ماوەی ١٥ پانزە ڕۆژ لە دوای ئەم بڵاوکردنەوەی لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وەڵاتنامەی عێراقی هەبێت و ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.

جێبەجێکاری داد / عیسی حمد حسين

ئاکارەکان:
١- شوێن و ژمارە: ٣٦ کەرتی ٢٩ کەوتۆتە گوندی باشور علیا
٢- ڕەگەز و جۆری: مولکی تەواو
٣- سنوور و ئاکاری: وەك لە نەخشەکەدا هاتووە
٤- پێکهاتەکەی: زەوی دێمی
٥- ڕووبەرەکەی: ٢٨ دۆنم و ٥ ئۆلك
٦- پلەی ئاوەدانکاری: نیە
٧- داهات: نیە
٨- نرخی قرساو: ٧٠٠٠٠٠٠ حەفتا ملیۆن دینار،

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٢١١٨/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢٨

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ عمر قاسم کریم

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٢١) لەیاسای هاتووچۆ لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بازیان) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢١/١/٢٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا: ٢٨٠٤/ك/٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١٣

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ انور
عبدالله حمه مراد

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٤٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (رزگاری) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢١/١/٢٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا: ٧٨٠/ج/٢٠١٣
بەروار: ٢٠٢٠/٩/١٥

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ بدريه احمد قادر

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٣) لەیاسای سزادانی عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بکرەجۆر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢١/٢/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / سەروەر علی جعفر

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢

ژمارە/ ٢٩٧/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٣

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/
بەختیار احمد مارف

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣١٠) لەیاسای سزادان جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢١/١/٢٤ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا / زیاد بشیر محمد علي

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢

ژمارە/ ١٥٤٣/ت/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٣

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری ڕاکردوو/ بلال محمد فرج

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٥) لەیاسای تیرۆر جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢١/١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

سەرۆکی دادگا / زیاد بشیر محمد علي

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ٢٧/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٢

جاڕدان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٥٠٥٧٧/هەولێر/ بارهەڵگر) جۆری (نیسان پیکەب) مۆدێل (٢٠٠٨) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (زرار یوسف عزیز) لەرۆژی (٢٠٢٠/١٠/٢٦) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کرینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێندراوە بەنرخی (٧,٥٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار.

دادوەری یەکەم / طارق حسين كريم

***

ڕێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوك
بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٣٨/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/٦

ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ ڕادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (٥٦) دوکان ل بازارێ نیشتمان ئەوا دکەفیتە بەشەك ژ پارچە ئەردێ ژمارە ٥/١٣ ل کەرتێ ٦٣ بەردەرەش مەزن ل باژێرڤانیا بەردەرەش بۆ ماوێ ١ ئێك ساڵا هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێك زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا چرە بکەت د ماوێ ٣٠ سیە روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا بەردەرەش دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار
دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

***

دادگای بەرایی سلێمانی/٥

ژمارە/ ٦٦٠/ب/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/١٠/٤

ئاگاداری

داواکار/ خسرۆ فريق حمه فرج
بریکارەکەی پارێزەر ناصح جمال لطيف
داوالەسەرکراوان/ شوان طالب عبيد و کاروان طالب عبيد و ڤیان طالب عبيد

داواکار ئەم داوایەی لەسەر ئێوەو داوا لەسەرکراوانی تر تۆمارکردووە کە ناویان هاتووە لە داوانامەکەدا و داوای لابردنی فرەبەشی دەکات مولکی ژمارە ٠/٢٦٠ سەرشەقام بەشکردن لە نێوانتاندا ئەگەر شیاوی بەشکردن بوو وە بە فرۆشتن ئەگەر بەشیاوی بەشکردن نەبوو، وە لەبەر ئەوەی لە ئێستادا شوێنی نیشتەجێونتان نادیارە لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆییەوە ئاگادارتان دەکەینەوە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/٢٧ کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی لەم دادگایە ئامادەبن بەپێچەوانەوە دادگا بە نائامادەیی بە دادبینی داواکە دەڕوات.

دادوەر/ د. ئاوات عمر قادر

***

وەزارەتی پێشمەرگە
ئەمینداریەتی گشتی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان

ژمارە/ ٤
بەروار/ ٢٠٢٠/١٠/١٢

بانگەوازی ژمارە/ ٤ی ساڵی ٢٠٢٠
ب/ کەمگەری نهێنی ژمارە
٤ی ساڵی ٢٠٢٠

وەزارەتی پێشمەرگە/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان ئاگاداری گشت کۆمپانیاکان دەکاتەوە بۆ بەشداریکردن لە کەمگەری کراوە بۆ دابین کردنی ئەم پێداویستیانە:

(موکیتی تورکی-قازمەی سینی جۆری باش+خاکەناس+داری تورکی-سوپای نەوتی توربوی یابانی ئەصلی-تانکی ئاو ٤٦٠٠ چوار هەزارو شەش سەد لتری بە پلیتی تورکی ٢ ملم گێچ ١٤+پەیژە+بەلوعە+قولابی بلندکردن ٦ ملم-تانکی ئاو ١٠,٠٠٠ دە هەزار لتری بە پلیتی تورکی ٢ ملم گێچ ١٤+پەیژە + بەلوعە+قولابی بلندکردن ٦ ملم-تانکی ئاو ١,٠٠٠ یەك هەزار لتری گێچ ١٦ بە پلیت تورکی ١,٥ ملم+بەلوعە- نایلون ڕەنگی خاکی جۆری نکسان تورکی مادەی UV دژە خۆری تێدابێت.

مەرجەکان:
١- کۆمپانیای بەشداربوو دەبێت بەڵێننامەی دەستنووسی گرێنتی تەندەر پێشکەش بکات (التعهد الخطي الضامن للعطاء) کە پەسەند کراو بێت لە دادنووسی وەزارەتی پێشمە رگە .
٢- نرخی فرۆشتن تەندەر ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار دیناری عێراقیە، کە ناگەڕێتەوە بۆ خاەنەکەی.
٣- کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە دەکەوێتە ئەستۆی کۆمپانیای براوە.
٤- هێنانی بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا و هێنانی ئەستۆ پاکی باجی دەرامەت.
٥- گەڕاندنەوەی تەندەر دەبێت لەناو زەرفێکی داخراو بێت و مۆرکراو بێت.
٦- فرۆشتنی تەندەر دەست پێدەکات لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٤ تاکو ٢٠٢٠/١٠/٢٩ لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی گرێبەستەکان لە هەولێر-هەولێری نوێ لە کاتژمێر ٨:٠٠ی بەیانی تاکو ٢:٠٠ی پاشنیوەڕۆ.
٧- ڕۆژی کردنەوەی تەندەر لە بەرواری ٢٠٢٠/١١/٢ دەبێت لە بارەگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی گر ێبە ستە کا ن .
٨- دەسەلاتی گرێبەست پابەند نیە بە کەمترین نرخ لە بەرامبەر کوالیتی و ماوەی جێبەجێ کردن.
٩- بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە ژمارە تەلەفۆنی (٠٧٥١١٨٧٦٠٠٩)

بەڕێوەبەری گشتی گرێبەستەکان

***

پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٨٩
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (قیرکرن و صەبکرنا جادا ل تاخی قەندیل ل شیلادزێ) (٣٦) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی پلە ٢ تاکو ٨.
ئەڤ سەر ئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوێ ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو ههمی کۆمپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا ههر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پاریزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/٢٢
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (دوو شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٢٦)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پاریزگەهێ
ماجد سید صالح
جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ وەکالەت
* * *
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٨٢
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١١
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (سەخێرکرنا رێکا دێوکێ-هلورا بدرێژاهیا ٨,٨کم ل قەزا ئامێدیێ) (٣٣) CODE بهایێ تەندەری ٢٠٠,٠٠٠ دوو سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی دا پلە ٢ تاکو ٦.
ئەڤ سەر ئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوێ ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو ههمی کۆمپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا ههر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پاریزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/٢٢
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٢٥)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پاریزگەهێ
ماجد سید صالح
جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ وەکالەت
* * *
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٩٠
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرن و قێرکرنا رێکێن نافخویی ل شێلادزێ تاخی شەهیدان/مالێت هێتیتیا) (٣٨) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی پلە ٢ تاکو ٩.
ئەڤ سەر ئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوێ ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو ههمی کۆمپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا ههر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پاریزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/٢٢
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (دوو شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٢٦)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پاریزگەهێ
ماجد سید صالح
جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ وەکالەت
* * *
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٩١
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرن و قێرکرنا رێکێن نافخویی ل شیلادزێ/ بیرا روژ هەلات) (٣٧) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی دا پلە ٢ تاکو ٨.
ئەڤ سەر ئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوێ ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو ههمی کۆمپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا ههر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پاریزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/٢٢
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (دوو شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٢٦)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پاریزگەهێ
ماجد سید صالح
جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ وەکالەت
* * *
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٨٤
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرنا رێکێت بستانێت گوندی طروانش بدرێژاهیا ٢,٢٥٠ کم ل قەزا ئامێدیێ) (٣٢) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی دا پلە ٢ تاکو ٨.
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٨٥
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (قیرکرن و صەبکرنا جادا ل تاخی قەندیل ل شیلادزێ) (٣٦) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی پلە ٢ تاکو ٨.
ئەڤ سەر ئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوێ ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو ههمی کۆمپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا ههر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پاریزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/٢٢
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٢٥)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پاریزگەهێ
ماجد سید صالح
جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ وەکالەت
* * *
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٨٦
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرن و قێرکرنا رێکێن نافخویی ل شیلادزێ/ تاخی شەهیدان/مالێت هێتیتیا) (٣٨) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی پلە ٢ تاکو ٩.
ئەڤ سەر ئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوێ ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو ههمی کۆمپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا ههر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پاریزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/٢٢
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (دوو شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٢٦)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پاریزگەهێ
ماجد سید صالح
جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ وەکالەت
* * *
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٨٧
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرنا رێکێت بستانێت گوندی طروانش بدرێژاهیا ٢,٢٥٠ کم ل قەزا ئامێدیێ) (٣٢) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی دا پلە ٢ تاکو ٨.
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٨٨
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (قیرکرن و صەبکرنا جادا ل تاخی قەندیل ل شیلادزێ) (٣٦) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی پلە ٢ تاکو ٨.
ئەڤ سەر ئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوێ ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو ههمی کۆمپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا ههر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پاریزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/٢٢
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (ئێك شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٢٥)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پاریزگەهێ
ماجد سید صالح
جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ وەکالەت
* * *
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٩٠
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرن و قێرکرنا رێکێن نافخویی ل شیلادزێ/ بیرا روژ هەلات) (٣٧) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی دا پلە ٢ تاکو ٨.
ئەڤ سەر ئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوێ ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو ههمی کۆمپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا ههر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پاریزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/٢٢
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (دوو شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٢٦)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پاریزگەهێ
ماجد سید صالح
جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ وەکالەت
* * *
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٩١
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرن و قێرکرنا رێکێن نافخویی ل شیلادزێ/ بیرا روژ هەلات) (٣٧) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی دا پلە ٢ تاکو ٨.
ئەڤ سەر ئێك کیم کرنە لدیف رێنمایێن جێبەجێکرنا گرێبەستێن گشتی یا ژمارە ٢ یا سالا ٢٠١٦ ب شێوێ ڤەکری دهێتە ئەنجام دان بو ههمی کۆمپانییێن خودان شیان بو ڤی پروژەی.
ئەڤجا ههر کومپانیا بڤێت پشکداریێ بکەت بلا سەرەدانا (کارگێریا خوجهی ل دیوانا پاریزگەهێ) بکەت بو وەرگرتنا تەندەر و مەرج و ساخلەتێن تایبەت ب کاری ڤە و دێاهیك ژڤان بو فروتنا تەندەران ٢٠٢٠/١٠/٢٢
بو زانین سەرئێك کێم کرن ل دیف دەم و جهێ دیارکری دێ هێتە ئەنجامدان:
- روژ (دوو شەمبی)
- رێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٢٦)
- دەم ژمێر (١٢ نیڤرو)
- جهـ: دیوانا پاریزگەهێ
ماجد سید صالح
جێگرێ پاریزگاریێ دهوکێ وەکالەت
* * *
پاریزگەها دهوکێ
کارگێریا خوجهی/ ریڤەبەریا گرێبەستان
ژمارە: ١١٨٣
رێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/١١
ئاگەهداری
پاریزگەها دهوکێ/ کارگێریا خوجهی رادگەهینیت بو ههبوونا سەرئیك کێم کرنەکا نهێنی بو پروژێ (چێکرنا رێکێت بستانێت گوندی طروانش بدرێژاهیا ٢,٢٥٠ کم ل قەزا ئامێدیێ) (٣٢) CODE بهایێ تەندەری ١٠٠,٠٠٠ سەد هزار دینار/ بو کومپانییێن بیناسازی دا پلە ٢ تاکو ٨.

دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٥٩/ك/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٩
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (میرفت جوهر محمد ظاظا- طارق وصف الدین عیسی سلیمان-نیروز وصف الدین عیسی سلیمان)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٦١/ك/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (رابەر کریم احمد)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٢٥٨/ك/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٩
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو (میرفت جوهر محمد ظاظا- طارق وصف الدین عیسی سلیمان-نیروز وصف الدین عیسی سلیمان)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە:٤٦/ك/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٣٠
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو (حازم حسام الدین نجم الدین)
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بونت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی سزایی دادگاکەمان بڕیاری دا لەرێگای دوو رۆژنامەی ناوخۆیی هەرێم ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لە کاتژمێر (٩) بەیانی لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١١/١٧ بۆ دادگایی کردنت بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری دەبیت بەرامبەر دادگا.
دادوەری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
* * *
دادگای بازی کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/٦٦٧/ش/٢٠٢٠
رێکەفت/١٢/١٠/٢٠٢٠
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (علی عادل سلیمان) ل دیف داخازیا داواکار (رونق فارس ذنون) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا بریارا (تفریق للضرر) ئاکنجیبونا تە نە دیارە هەڤژینێ تە یی داواکار دداوایا شەرعی یا ژمارە ٤٥/ش/٢٠٢٠ دژی تە تومارکریە کو داخازا ژێك ڤەبونێ (تفریق) دکەت دگەل تە ژبەر کو جهێ ئاکنجیبونا تە ل دیف رابورتا هەلبژێرێ ناحیا شیلادزێ نەدیارە بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بهێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت نافخویی کو تو ئامادەبی ل ڤێ دادگەهێ روژا ٢٠٢٠/١٠/٢١ ئەگەر نە دێ دادگەە پاشملە داوایا داواکارێ لدیف یاسایێ ب رێڤەبەت
دادوەر / ئەڤراز مصطفی طه
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر
ژمارە: ٤٤٢٠/٢٠١٧
رێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٢
جارِدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ژمارە ٢٩/١٠٣ کە کەوتۆتە ٤٥ وارش دەفرۆشێت خاوەنەکەی قەرزار ئازاد فتاح رشید کە گلدانەوەی خراوەتەسەر لە جیاتی قەرزی تارا فرهاد وهاب بەبری ٧٤,٧٠٧,٠٠٠ ملیۆن دینار، هەرکەسێ ئارەزوومەندە لەماوەی ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخەقرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادەبێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکاری داد / کالی قادر پیرۆت
ئاکارەکان:
١- شوێن و ژمارەی: هەولێر ئازادی ٢٩/١٠٣ ٤٥ وارش
٢- رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣- سنوورو ئاگاداری/ نازادی
٤- پێکهاتەی/ پێکدێت لە پێنج ژوور و حەمام و مرافق و مطبخ لە بلوك و کونکرێت.
٥- رووبەرەکەی/ ٥٩٠م٢ دروست کراوە
٦- پلەی ئاوەدانکاری/ بەڕێوەبەرایەتی ئاراستەکردن و رابەری کردن معنوی وەزارەت
٧- نیشتەجێکەی/ ناوخۆی تێدابوو، داوای مانەوەت کرد بەپێی گرێبەستیان.
٨- نرخی قرساو/ ٧٢٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٧٧٢٤/١٠
رێکەوت:٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم شوێنانەی لە خوارەوە هاتووە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئامادە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (٣٠) سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی مولك/ بەشێك لە (٣/٤٠٩١ ك ٧٦ کونە گورگ رووبەر/ ٤٠٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ سوپەر مارکێت ماوەی بەکرێدان/ ٤ چوار ساڵ.
٢- ژمارەی مولك/ بەشێك لە (٤٣/١٨٥٨ م ٤٤ وارش رووبەر/ ١٥٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ سوپەر مارکێت ماوەی بەکرێدان/ ٤ چوار ساڵ.
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٧٧٢٣/١٠
رێکەوت:٢٠٢٠/١٠/١٢
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم شوێنانەی لە خوارەوە هاتووە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لێژنەی ئامادە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (٣٠) سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی مولك/ ٧٥/٨٣٤ ك ٤٤ وارش رووبەر/ ١٥٠٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ بازاری هاوچەرخ ماوەی بەکرێدان/ ٢٠ بیست ساڵ.
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر


ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (SAKA) ساکا) دامەزراوە لە وولاتی تورکیا (للمواد البنائیة و الصناعة و التجارة الداخلیة و الخارجیة/ المساهمة) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ صبحی حسین خان اودل
ناونیشان/ هەولێر/ موفتی
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٩٠٠٨٨٨٩

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (Beautiful Line) بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکە/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)
پاکتاوکار/ پاریزەر/ نجاة اسماعیل صالح
ناونیشان/ هەولێر/ عدالە
ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٧٩٥٢٥٢٠

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
بەشی یاسا
ژمارە: ١٠٥٣٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/٢٤
بڕیار
ئامازە بەبریاری ئەنجوومەنی کارگێری لقی کۆمپانیاکان (SAKA) ساکا) دامەزراوە لە وولاتی تورکیا (للمواد البنائیة و الصناعة و التجارة الداخلیة و الخارجیة/ المساهمة) راستێندراوە لە وەزارەتی دەرەوەی عیراق ژمارە (٢٥٨) لە ٢٠٢٠/٩/٧ و فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ژمارە ٢٩٤٨ لە ٢٠٢٠/٩/٨ تایبەت بە داخستنی لقی کۆمپانیا، و ئامازە بەبریاری بریکاری لقی کۆمپانیا تایبەت بە دانانی بەڕێز (صبحی حسین خان اودل) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای ناوبراو.
من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوم پەسندکرد پالپشت بە ماددەی (١٥) لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩.
ئەم بریارە نووسراوە لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٤
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

چەند سەرنجێکی پاچڤەلۆجی

((۲))



حەمەکەریم عارف

یەکێك لەو گرفت و کێشە دژوارانەی کە پاچڤەوانانی تازەکار روو بەڕووی دەبنەوە، هەڵبژاردنی گونجاوترین وشەیە لە نێو کۆی ئەو وشانەدا کە لە فەرهەنگەکاندا وەکو هاوتاو هاو مانای یەك وشەی بیانی تۆماری دەکەن. مەبەست لە زاراوەی هاومانایی، ئەوەیە کە دوو وشە یان زیاتر، یەك مانا بگەیەنن، واتە مانایەکی یەکسانیان هەبێت. هەڵبەتە وەکو چۆن دوو بەشەری دەقاو دەق وەکو یەك نییە، بەو ئاوایەش هاومانایی رەها لە نێوان پەیڤ و وشەێن زماندا نییە و هیچ دوو وشەیەك دەقاو دەق هاومانا نین و نابن، زۆر زەحمەتە لە یەك زماندا دوو وشەی بەمانا یەکسان، پێکەوە بژین. هەڵبەتە جگە لە کێشەی هاومانایی، کێشەی چەند مانایێش هەیە، کە ئەمە لە ناو ڕستەداو بە تایبەتی لە زمانی نووسیندا، جۆرە ئاڵۆزی و گۆنگیەکی لێدەکەوێتەوەو پاچڤەوانی تازەکار تووشی سەرەگێژکێ دەکات و ناتوانێ بە ئاسانی هاوتاو هاو واتای گونجاو بۆ کارەکەی بدۆزێتەوە. بۆیە نابێ پاچڤەوانی تازەکار، کاری وەرگێڕان بەساده بزانێ، تا نەکەوێتە گێژاوی هەڵەو کێشەی گەورەوە.

بە هەرحاڵ کاری پاچڤە، کارێکی زۆر دژوارە، بۆ نموونە ئەگەر دەقێك بە جیا بدرێت بە دوو وەرگێڕی زۆر چاك، بۆ پاچڤە کردن، مەحاڵە، پاچڤەیەکی یەکسان بە دەستەوە بدەن، تەنانەت ئەگەر یەك وەرگێڕ، دوای پاچڤەی دەقێك، هەمان دەق دووبارە پاچڤە بکاتەوە، مەحاڵە هەردوو پاچڤەکەی وەکو یەك دەربچن کە ئەمە خۆی لە خۆیدا دژواری و هەستیاری کاری پاچڤە دەگەیەنێت. بۆیە پاچڤەوان لە هەڵبژاردنی وشەو ڕستەدا دەبێ یەجگار بە سەلیقەو شارەزا بێت و نزیکترین هاوتای وشەو ڕستەێن زمانی یەکەم لە زمانی دووەمدا بدۆزێتەوەو ڕوونی و ڕەوانی دەقەکە لە لای خوێنەر بپارێزێت، یانی هەمیشە ئەوەی لە بیربێ کە پەیامی دەقەکە بە شێوەیەکی مەفهووم و ڕوون و ڕەوان بگەیەنێت. یانی لە هەڵبژاردنی وشەو ڕستەو دارشتنەوەی پاچڤەکەیدا کەسێکی بە سەلیقە بێ، خۆی لە بەکارهێنانی وشەێن فرەمانا و نامانا دوور بگرێت، لە کاتی وەرگێڕانی دەقێکدا ئەو کات و شوێن و باگراوندە ڕۆشنبیرییە باوە ڕەچاو بکات کە دەقەکەی تیا بەرهەم هاتووە، بچێتە بنج و بناوانی هەموو رازو ڕەمزەکانی دەقەکەو بە کەرەستەی زمانی دووەم ئاشکرای بکات، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە زانینی زمانی دووەم و شارەزایی لە تایبەتمەندییەکانی، بۆ پاچڤەوان، ئەگەر لە زانینی زمانی یەکەم زۆر گرینگتر نەبێ. هیچی کەمتر نییە. یانی ئەگەر پاچڤەوان ئاگاداری ئەمە نەبێت و ڕەچاوی نەکات تووشی هەڵەی گەورە دەبێت، هەروەها پاراستنی شێوازی دەق یەکێکە لە مەرجەکانی پاچڤەی دروست و پەسند، مەبەست لە شێواز لێرەداو بەش بە حاڵی ئەم وتارە، دەکاتە شێوەی دەربڕینی دەقی زمانی یەکەم. دیارە نووسەر بە گوێرەی بابەت و وەرگر، شێوازی دەربڕینی تایبەتی خۆی هەڵدەبژێرێ، واتە لە هەڵبژاردنی شێوازدا پابەندی هەردوو فاکتەری بابەت و وەرگر (موخاتەب) دەبێت. واتە ڕەچاوکردن و پاراستنی شێوازی دەقی زمانی یەکەم، یەکێکە لەو مەرجانەی کە وەگێڕ ناچارە پابەندی بێت. بۆ نموونە شێوازی چیرۆکێك جیاوازە لە شێوازی وتارێکی زانستی، وەسفی زانستیانەی ڕووداوێك جیاوازە لە وەسفی ئەدەبی هەمان ڕووداو، چۆنیەتی ئەو وەسفە بۆ خەڵکانی گەورە جیاوازە لە چۆنیەتی هەمان وەسف بۆ منداڵان.. واتە پاچڤەوان بۆی نییە دەسکاری شێوازی دەق بکات، چونکە ئەمە دەکاتە کوشتنی شێوازی دەقی زمانی یەکەم. کە ئەم دیاردەیە زۆر جار لەلای ئەو وەرگێڕانە بە دی دەکرێت کە بە خۆیان نووسەرن، ئەوانە هەوڵدەدەن شێوازی نووسینی خۆیان بەسەر دەقەکەدا بسەپێنن، دیارە ئەم جۆرە پاچڤەیە بەپێی ڕەخنەی زانستی وەرگێڕان، بە پاچڤەیەکی نا دروست لە قەڵەم دەدرێ.

دیارە هەر نووسەرێك شێوازی تایبەتی خۆی هەیەو زۆر جار بەو شێوازە دەناسرێتەوە، ئەو شێوازە بۆی بووە بە جۆرە ناسنامەیەك، هەندێجار دەبینی نووسەرێك بە حوکمی شارەزایی تەواو لە بابەتێکدا، مەسەلەو بابەتێکی ئاڵۆزو گۆنگ بە شێوەیەکی سادەو ڕوون و ڕەوان و نزیك لە تێگەیشتنی عەوامی خەڵکەوە دەخاتە ڕوو، هەڵبەتە نووسەرانێکیش هەن کە بەوە نە شارەزایی و بێ توانایی خۆیان لە بابەتێکدا دەشارنەوە کە پەنا دەبەنە بەر شێوازێکی زۆر گۆنگ و نا مەفهووم... بە هەرحاڵ شێوازی سادە یان ئاڵۆزی دەقی یەکەم، دەبێ هەر چۆنێ بووە، لە دەقی دووەمدا نیشان بدرێتەوە. دەنا بە نیشانەی ناکامی وەرگێڕ دێتە ژمارەدن، چونکە نەیتوانیوە شێوازی نووسینی نووسەرەکە، بە خۆیەر نیشان بدات یان بۆی دیاری بکات..

جا لێرەدا دەبێ ئاماژەیەکی خێرا بۆ ئەوەش بکرێ کە هیچ وەرگێڕێك، ناتوانێت بە تەواوەتی خۆی لە کارەکەی دوور بگرێت و بێ لایەنانە کار بکات و هیچ ئامادەبوون وحوزورێك بۆ خۆی نەبەڵێتەوە، هەر وەرگێڕێك بگرێت، جۆرە حوزورێکی کاڵ یان تۆخ، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، زەق یان پەنهان، مەبەستدار یا ن بێ مەبەستی لە کارەکەیدا هەیە... تاقمە پاچڤەوانێك هەن ئەوەندە، پابەندی شێوازی نووسینی خۆیانن و تیایدا قاڵ بوونەتەوە کە بە شێوەیەکی نا ئاگایانە شێوازی خۆیان لە دەقەکە بارادەکەن. ئەمانە کە بە تەرجەمەکانی خۆدا دەچنەوە هەست دەکەن، کە شێوازی دەقە پاچڤەکراوەکەیان دەگەڵ شێوازی دەقی یەکەمدا جیاوازەو هیچ پاساوێکیان بۆ ئەم کارە نییە، بۆیە دووبارە و سێ بارە پاچڤەکەی خۆیان دەگەڵ دەقە ئەسڵەکەدا بەراورد دەکەنەوەو هەوڵ دەدەن بە گوێرەی توانا شێوازی تەرجەمەکەی خۆ لە شێوازی دەقی یەکەم نزیك بکەنەوە، هەندێجار تا رادەیەکی باش لەم کارەدا سەرکەوتوو دەبن، بەڵام زۆربەی کات، ناتوانن دەستبەرداری خۆ ببن و کەسێتی خۆیان بە تەواوەتی لە تەرجەمەکەیان دوور بخەنەوە، تاقمە وەرگێڕێکی دیکە هەن، بە ئانقەست و بە مەبەستی خۆ نواندن کەسێتی خۆ لە دەقی پاچڤەکە بارادەکەن. دیارە ئەم تاقمە وەرگێڕە، مەبەستیان ئەوە نیە پەیامی نووسەرەکە، وەکو خۆی ویستوویەتی، بگەیەنن. بەڵکو مەبەستیان ئەوەیە کە بە شێوازی تایبەتی خۆ، توانای پاچڤەوانی خۆیان بنوێنن. بۆیە وەرگێڕانی کارێکی ئەدەبی یان کارێکی زانستی بەلای ئەوانەوە، هەمووی وەکو یەکە.. بە هەرحاڵ ئەگەر لە ڕوانگەی پاچڤەلۆژیەوە تاقمی یەکەم بە وەرگێڕی نا سەرکەوتوو بێنە ژمارەدن ئەوا تاقمی دووەم بە هیچ کلۆجێ بە وەرگێڕ دانانرێن.

ئەگەر وەرگێڕێك، خۆی لە هەردوو جۆری وەرگێڕانی وشە بە وشەو ئازاد بوێرێ و وەرگێڕانی ڕستە بە ڕستە بکات بە بنەمای کارەکەی، دەبێ ئەوە بزانێت کە ڕەچاو کردنی شێواز، یان شێوەی دەربڕین، بەندە بە هەڵبژاردنی هاوتای دروستی پەیڤان و بونیادی دەستووری و ڕێزمانی ڕستەوە، لە زمانی دووەمدا. یانی بە کورتی و بە کوردی پێویستە لە نێوان چەند پەیڤی هاوتاو چەند بونیادی دەستووری و ڕێزمانیدا، ئەوەیان هەڵبژێردرێ کە بە شێوەیەکی گشتی بتوانێ شێوازی دەقی یەکەم لە دەقی دووەمدا بنوێنێتەوە... بە هەرحاڵ وەرگێڕان چەند ئەمین و ورد بێ، هەمیشە ئەو وەرگێڕانە سەرکەوتووترە کە بتوانێ شێواز یان شێوەی دەربڕینی دەقی یەکەم، بە وردی لە دەقی دووەمدا دووبارە بکاتەوە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
* - هفت گفتار دربارەی ترجمە / دکتر کورش صفوی / نشر مرکز/ چاپ دهم/ ۱۳۹۰ (۲۰۱۱).
* - خیانەتی حەڵاڵ/ حەمەکەریم عارف /چ۱ /۲۰۱۰/ لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردا/ زنجیرە(۱۰۶)
* - گفتمان و ترجمە، علی صلح جو/چاپ اول/۱۳۷۷/نشر مرکز:تهران، خیابان دکتر فاتمی.
* - شیعر کۆژی/چ۱/ ۲۰۱۰/ کۆمەڵەی ڕوناکبیری کۆمەڵایەتی کەرکووک/ ن:حەمەکەریم عارف



سەردار شاکر سلێمانەی*


ما قفل هەمی گرتینە؟!

یا خویایە سروشتێ مروڤی لسەرهەبونا ژیانەك تەنا و ژین وژیارەکا ئارام هاتیە دروستکرن، و مروڤ هەمی پێکولان دکن دا بسەربلندی و سەقامگیری بژین و دناڤا جڤاکێ خودا هەولا گەشەکرن و پێشخستنا خوە ددن، لێ هندەك جاران ژبەر تێکچونا ئاستێ ژین و ژیارێ و نەئارامیێ وگەلەك فاکتەرێن ئابووری و سیاسی و کومەلایەتی هەولا ڤەگوهاستن یان کوچکرنێ دکن دا بکارن ئەو نەئارامی و نەخوەشیا لناڤچەیەکێ بو پەیدابویی لناڤچەیەکا دی ژیبرکن. زێدەباری دیاردەیا کوچکرنێ ژ دیاردەیێن سروشتیە د ژیانا مروڤان دا هەر ژ کەڤن وەرە و هەتا نوکە و ئەف دیاردەیە هاتیە گرێدان بلێگەریان لخوارن و ڤەخوارنان و دیسان لسەقامگیرییێ، هەر دیسان لڤان سالێن دوماهیێ کوچکرن زێدەبویە ژ لایێ گەنجان ڤە و بتایبەتی بۆ وەلاتێن ئەوروپی و ژبەر کوچکرنا زێدە رێکخراوانیڤ دەولی یا کوچکرنێ هاتیە دامەزراندن ل سالا (۱۹۵۱) بو هاریکاریکرن و ڤەگەراندنا کوچبەران بو وەلاتێن وان و ئاراستەکرن و دانا رێنما و شیرەتان بۆ حکومەتێن وەلاتان دا بکارن خوە ژ ئاریشەیێن کوچکرن و کوچبەران خلاس بکن، بەلێ د وەختێ نوکەدا و ژبەر گەلەك ئەگەران ئەڤ کوچکرنە پەیدا دبت مینا: کوچکرن ژ بو دیتنا کارەکێ گونجایی، پەیدابونا کریز و قەیرانێن ئابووری و دارایی، پەیدابونا شەر (جەنگ) و ئاریشەیان، مفا نەوەرگرتن ژ شیان و باوەرنامەیان، کێم بونا دەلیڤەیێن ئابووری و کرێ و پاداشتان، زێدەبونا هژمارا ئاکنجیان، و هاتن خوارا ئاستێ ئابووری و هندەك جاران بۆ تێرکرنا حەز و ئارەزووێن قەدەغەکری ئەوێن کو داب و نەرێتێن وەلاتی رێکێ پێ نەدن. و ئەڤ کوچکرنا پەیدا دبت دوجورە و پێکهاتیە ژ کوچکرن بو ژ دەرڤەی وەلاتێ دایك و کوچکرنا ناڤخویی یا کو تاکیێن وەلاتیێن دی دهێنە ناڤ وەلاتێ دایك. هەلبەت کا چاوا کوچکرنێ خالیێن ئەرێنی هەنە وەسان خالیێن نەرینی ژی هەنە و ژ خالیێن باش ژ کوچکرنێ ئەڤەنە: کوچکرن دبیت ببتە ئەگەرێ باشترکرنا ژین و ژیارا کوچبەری، فێربون و راهاتن لسەر کەلتورێن بیانی، زێدەبونا دراڤێ وەلاتیێن بیانی بو ناڤا وەلاتێ دایك، باشترکرنا ئاستێ روشەنبیریێ، لێ ژ خالیێن نەرێنی یێن کوچکرن پەیدا دکت مینا: هەستکرن ب دیراتیێ و خەریبیێ، کارتێکرن لخێزانا خوە بتایبەتی دایك و بابان، توش بون ب نەخوشیان و تێکچونا باریّ دەروونی، کێم بونا رێژا دەستێن کاری، و نەدیورە هندەك جاران دابو نەریتێن وەلاتیێن بیانی کارتێکرنەکا نەرێنی هەبت و ئەڤ کوچبەرە بریکا ڤان داب و نەرێتان رەوشت و رەفتارێن وی تێکبچن مینا ئالودەبون بکحول و دەرمانێن بێهوشکەر. گەنج و تاکێ کورد ژی ژ کوچکرنێ خلاس نەبویە و ل سالێن دەستهەلاتا رژێما فاشست گەلەك گەنج و هەڤوەلاتیان کوچکریە بو وەلاتێن بیانی، لێ جهێ داخێ یە دوەختێ نوکەدا گەنجێ هەرێما کوردستانێ بەرەف وەلاتێن بیانی باردکن و کوچکرن بویە هیڤیەك مەزن بۆ زوربەیا گەنجێن هەرێما مە و لشوونا هیڤییێن مەزن بپاشەروژا خوە ببینت لناڤا وەلاتێ خوە تنێ هیڤیا ب وەلاتێن بیانی ڤە دبت و هزر دکت کو هەمی قفلێن ژیانێ لهەرێما کوردستانێ هاتینە گرتن و تنێ ببەرتەنگی هزر و بیران ددارێژن و بیرا خوە لگوتنا کوردی نائینن وەختا پێشی و مەزنێن کوردان گوتیە (هەرە شامێ تەبایی عامێ)، براماناکو تنێ کاودان بو گەنجێ کوچبەر خوەشنینن ما ئەگەر مللەتەکێ هژمارا ئاکنجییێن وی زێدەتر ژ شەش ملیونان، ئەرێ قفل هەمی بوان ڤەکرینە و بو کوچبەران ژی گرتی نە؟!. لڤێرە هەلبەت هەمی گاڤان (دورکا مروڤی هەمی وەختا یا دوهن دایی نابت) و ژیان پرە ژ سەرنشیف و سەرئەڤرازیان و ئەو گەنجێ د تەنگاڤیان دا و د کاودانێن سەختدا خوە ل مللەتێ خوە نەکت خودان و هەر هزرا کوچکرنێ دسەری دابت ئەو گەنج هەر یێ خوسارەتە، چونکی بێهنفرەهی لسەر نەخوەشیان هێزا سەرکەفتنێ پەیدادکت، و دیسان ئەو گەنجێ ژناڤ وەلاتی باردکت ئەم نابێژن هەمی لێ زورباەیا وان ل وەلاتێن بیانی نابنە وەزیر و پەرلەمانتار و هندەك جاران خزمەتکاری ژی بدەست ناکەڤت و نکارت پارێ زکێ خوە تێربکت و لکولانێن خەریبێ بپاریەکێ نان و زك چاوا حەویا وی دێ هێت. زێدەباری هیڤیا مە هەمویان بزیترین وەخت ئەڤ کاودانێن نەخوەش دەربازبن و ئابووریّ هەرێما کوردستانێ گەشە بکت و ب یەکسانی داهات و دەلیڤەیین کاری بهێنە دابەشکرن دا هێزا کاری لناڤ هەرێما کوردستانێ کو گەنجە بەرزە نەبن و هەمی قفلێن گرتی ڤەبن.

* مامۆستای زانکۆی دهۆك.



١١تشرینی ئەکەم-٢٠٢٠



ڕزگار نوری شاوەیس

ئەمە سەنعەتە و سەبەتە ....

مرۆڤ .. هەموو مرۆڤێک گەر زەخیرەیەکی ڕۆشنبیریی تێر و تەسەلی نەبێت مەحاڵە سەرکەوتوو بێت لە بووارەکانی (سیاسەت و ئابووری ، مێزوو ، میواندارى ، ئاشپەزى و هونەرووێژە بە هەموو ڕەنگ وشێوەکانیانەوە ، هەروەها لە میدیاکانی ڕاگەیاندن و پەخشی هەواڵدا ...) نا ڕۆشنبیر مەحاڵە لە توانایدا بێت پەیامێکی سوودبەخش بە کۆمەڵگەکەیی بگەیێنێت . بێگومان توانا ڕادەی ڕۆشنبیریش کاریگەریی لەسەر ژیانی تاک و گشت هەیە و هۆکار و تەوەرەی سەرەکیی چالاکی و پێشکەوتنی هەموو کۆمەڵگەیەکە .

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بە ڕێکەوت توشم بوو بە تووشی دیتنی دیانەیەکەوە لەسەر ڕووی یەکێک لە کەنااڵ ئاسمانییەکانی ئەم کوردستانەمانەوە .. دیانەکە دگەڵ خانمێک بوو کە لە ڕاستیدا نەمزانی لە کام بوار لە بووارەکانی ژیاندا پسپۆرە یان با بڵێین بڕێک شارەزایە ، بەندە یەکەم جارم بوو ببینم ، هەر لە زمانی پێشکەشکاری دیانەکەوە ناوی بزانم ..

نایشارمەوە .. زۆر بەزەییم بە خۆمدا هاتەوە بۆ ئەو کاتەی لە تەمەنی کورتم بە تەماشاکردنی چەند بڕگەیەکی ئەو دیانەیە بەهەدەرمدا ..!

خانمەکە لە بڕگەیەکدا بۆ ماوەیەک بەدیار وێنەیەکی خوالێخۆشبوو باوکیەوە کەوتە گریان ، بەدەم هەنسکی گەرم و قوڵ هەڵکێشانەوە خوڕ خوڕ فرمێسک بەسەر کوڵمە ناڵەکانیا دەڕژان و دەبریسکانەوە .. ئەمەیش لە کات وسات و شوێنی خۆیدا شتێکی ڕەوا و سروشتییە ، چونکە بە شێوەیەکی گشتی پەیوندیی دەروونی و ڕوحی لە لایەنی کیژانەوە بە باوکانیانە هەمیشە پەیوندییەکی هێجگار پڕ سۆز و تایبەتمەندییە ، بەڵام ئەوەی پاش ئەوە دیم و تەرازووەکانی لە لام قڵپ کردەوە ئەوە بوو کە ڕاستەوخۆ دوای ئەو بیرەوەرییە غەمگینە پڕ ئاخوئۆف وفرمێسک ڕشتنە ، پێشکەشکاری بەرنامەکە بە خانمە میوانەکەی گووت :

- سەبارەت بە هەڵپەرکێی کوردی ، وا بڵاوە کە جەنابتان زۆر جوان هەڵدەپەڕن .. ئایا وایە ، خۆت دەڵێیت جی .. ؟

خانمەکە لە ولامدا ووتی(بەڵێ وایە).. بۆ سەلماندنی ئەم بەهرەیەشی لەگەڵ پێشکەشکاری بەرنامەکە دەستیان گرت و لەسەر ڕێتمی گۆرانی و ئاوازێکی بەجۆشی میللی ، دوو قۆڵی کەوتنە هەڵپەرکێ .

دیسان با بڵێنەوە ئەمەش گرفت نییە ، زۆر ئاساییە مرۆڤ بەسەر خەم و پەژارەکانیا زاڵ بێت ، بە قەڵەمبازێک لە دۆخێکی هێجگار ناسۆر و غەمگینەوە خۆی بهاوێژێتە دۆخێکی فرە شادی پرکەیف و سەفاوە . بەڵام ئەوەی لەم (کودەتا کژوپڕە دەروونییە) ی ئەم خانمە سەرنجی ڕاکێشامو سەرسامی کردم ، ئەوە بوو کە تا ئەو سات و کاتە بەدرێژایی تەمەنم هیچ خانمێکم نە دیبوو بەدەم هەڵپەرکێی کوردییەوە بەو شێوە (ئۆریەنتاڵییە) واتە ڕۆژهەاڵتییە –عەیبە نە بێت – ئاوها پاشی با بدات ..!

ئەوەشم تێپەڕاند ، گووتم قەیناکە با ئەمیش بچێتە سەر حسابی مەسەلەی داهێنان و نوێخوازییەکە ..

پێشکەشکاری بەرنامەکە دڵی زۆر خۆشبوو ، دەتگووت هەنگوینی لە کلۆرە داردا دۆزیوەتەوە ، زوو زوو جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە ئەم ئەڵقەیەی بەرنامەکەی لە ئەرشیفدا هەتا هەتایە بۆ مێژوو هەڵدەگیرێت .. پرسیارێکی دیکەی لە خانمەکە کرد (ئایا خیانەتی کردبێت یان نا ؟) خانم لە ولامدا ووتی (نا) .. لە پرسیارێکی دیکەدا لە میوانەکەی پرسی (هیوایەتت چییە ؟)

خانم دەسوبرد ولامی دایەوە، ووتی (هیوایەتم گیپەیە ..)

(تۆخوا) ئەوە حالە ..؟ ئاخر گیپەیە و هیوایەتیان گووتووە ؟!! هەر بۆیە لە تەلەفزیۆنەکەم تورە بووم ، دام بەدەمیا ، سەدا و سیاییم بڕی ،، کوژاندمەوە و بڕیارمدا بۆ ماوی هەفتەیەک (کەرەنتینی) بکەم .

ئیتر ئەوە حاڵوڕەوشەکەی هەموو سەنعەت و کاسبییەکی ئەمڕۆی ولاتە هەر لەسیاسەتەوە هەتا نازانم چی کە بەدەم کەمیی ڕێژەی (ئیتامین ڕۆشنبیرییەوە) لنگە فرتێیانە و بوونەتە هۆکاری تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی جۆرەها ئایرۆسی فیکری و دەروونیی مەترسیدار ،

ئێمەی کورد هەر لە دێر زەمانەوە گتوومانە (نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب) ، هەروەها (ئەمە سەنعەتە و سەبەتە ، مزگەری نییە و قنگ هەڵسوراندن) ئەگەر جیش نکۆڵی لەوە ناکرێت کە مزگەریش پیشیەک بوو بە هەموو کەس نەدەکرا ، بێ لە توانا جەستەییەکە شارەزاییەکی ئەقلیی تەواوی لە نهێنی و وردەکاری بەکار هێنانی کەرستە کانی گەرەک بوو ، سەنعەتێک بوو لە باب و باپیرانەوە بۆ نەوەکانیان جێدەما و بە بێ تێپەڕاندنی چەند قۆناغێک لەو پیشەیەدا کەس لە پرێکدا تیادا نەدەبووە وەستا ..

ئەڵێم : کێ دەزانێت مزگەری چییە ..؟



عێراق لە قۆناغی حوکمڕانیی مستەفا کازمیدا

خەبات: تریفە ئازاد

لەوتەی مستەفا کازمی پایەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی وەرگرتووە ، کەوتۆتە جموجۆڵ و نواندنی چالاکی جۆراوجۆر ، ئەمەش ئاستی ناوخۆی عیراق و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵیشی خستۆتە دوو بەرەوە ، بەرەیەك پێی وایە لەبەر ئەوەی هیچ پارتێکی دیاریکراو پشتی ناگرێ بۆیە ئاستەمە بتوانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە عیراق بخولقینی و ئەو تەنانەت دەستی بەسەر میلیشیا چەکدارەکانیشدا ناشکێ ، هاوکات باس لەوە دەکەن کە کێشەکانی عیراق لەو گەورەترن، لەولاش بەرەیەکی دیکە باس لەوە دەکات کە کازمی کەسێکی بوێرە و توانیویەتی خۆی لە قەرەی چەند دۆسیە و کێشەیەك بدات کە ئەوانی پێش خۆی نەیانتوانیوە ئەمە بکەن. لەو بارەوە کۆمەڵێك پرسیارمان ئاراستەی چەند شارەزا و ئەکادیمییەك کرد و بۆچوونەکانیان دەخەینە روو.

د. جێگر عەزیز عەلی :

ئەستەمە لە عیراق بتوانرێت پیشەسازیی نەوت و گاز لەلایەن وەزارەتی نەوت و حکومەتی عێراقەوە بە رەهایی کۆنترۆڵ بکرێت



کازمی و کۆنترۆلکردنی پرسی نەوت

بەغدا و هەندێ لایەنی عێراقی و تەنانەت کوردیش، وای پێشان دەدەن، کە تەنیا نەوتی هەرێم کێشەیە، ئایا بەغدا نەوتی ناوچەکانی دیکەی عێراقی کۆنترۆل کردووە؟ کە زۆر بە هەدەر دەچێت و میلیشیاکان دەستیان بەسەردا گرتووە. بەپێی ئەو تەجروبەیەی کە بینراوە لە دوای رووخانی رژێمی بەعسی عێراق، کارێکی ئەستەمە بتوانرێت پیشەسازی نەوت و گاز لە عێراق لەلایەن وەزارەتی نەوت و حکومەتی عێراقەوە بە ڕەهایی کۆنترۆل بکرێت. حکومەتی عێراق جگە لەوەی کە کۆمپانیای نیشتیمانی هەیە بەڵام تاکو ئێستا نە توانراوە پیشەسازی نەوت و گاز بە بەکارهێنانی هێزی مرۆیی ناوخۆ بەرێوە بەبات و چەندین کۆمپانیای نێودەوڵەتی لە عێراقدا کار دەکەن. راستە نەوتی کوردستان لە لایەن حکومەتی ناوەندەوە بەرێوە نابردرێت بەڵکو وەکو هەموو سێکتەرەکانی دیکە حکومەتی هەرێم بەرپرسە لە بەرێوەبردنی کەرتی نەوت و گازیش بەپێی دەستوور. دەکرێت نەوتی کوردستان لەژێر چاودێری حکومەتی ناوەندا بەرێوە ببردرێت ئەگەر هاتوو رێککەوتن و هەماهەنگی تەواو هەبێت لە نێوان هەردوو حکومەتەکە. لە ئێستادا، بە رێژەیەکی زۆر نەوتی عێراق لەژێر هەیمەنەی وەزارەتی نەوت و حکومەتی فیدرالڵ دایە بەڵام لە هەمان کاتدا گەندەڵییەکی بەرفراوان لە کەرتەکەدا دەکرێت و بواەرکانی وەبەرهێنان و بەبازاڕکردن لەلایەن کەسانی دەستڕۆیشتووی سەربازی و حیزبی و ئاینییەوە قۆرغ کراوە. بێگومان ئەمەش وادەکات کە داهاتێکی زۆری نەوت لە عێراقدا بە هەدەر بچێت و نەگەڕێتەوە بۆ حکومەت و هاوڵاتیان. هەربۆیە دەتوانین بڵێین کە کەرتی نەوت و گاز لە عێراق بە شێوەیەکی خراپ بەرێوە دەبردرێت و تێکەڵ بە مللانێی سیاسی، تایفی و ئیقلیمی بووە، تا ئەو رادەیەی کە هەندێك کۆمپانیا و وڵاتانی دەرەوە خۆیان بە خاوەنی نەوتی عێراق دادەنێن. ئەمە جگە لەوەی کە حزب و کەساییەتی دیاری عێراق چەندین بیری نەوت و پرۆژەی گرنگی ئەو سێکتەرەییان قۆرغ کردووە.

یاسای نەوت و کانزا

حکومەتی عێراق دەبوایە دوای رووخانی رژێمی پێشووتری عێراق، هەر زوو یاسایەکی مودێرنی بۆ کەرتی نەوت و گاز دابڕشتبا بۆ بەرێوەبردن و کۆنترۆلکردنی ئەو سامانە سروشتییە گرنگە. بەڵام بە پێچەوانەوە تاکو ئێستا هیچ یاسایەك یاخود سیستەمێکی مودێرن نیە بۆ بەرێوەبردن و پێشخستنی پیشەسازی نەوت و گاز لە عێراقدا. ئەگەر یاسایەکی مۆدێرن بۆ بەرژەوەندی گشتی هەبێت لە عێراقدا بۆ چۆنێتی بەرێوەبردن، دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت و گاز، گەندەڵی لە کەرتەکەدا کەم دەبێتەوە و بەرژەوەندی تاك و قۆرغکاران لەبارەدچێت. هەربۆیە تاکو پێیان بکرێت کەسە دەسترۆیشتووەکانی بەغدا رێگر دەبن لە هەبوونی یاسا و سیستەمێکی گشتگیر و مۆدێرن. بەمەش پیشەسازی نەوت زیانی زۆری بەر دەکەوێ لە رووی بنیاتنانی کادرێکی لێهاتوو، بەهێزکردنی کۆمپانیای ناوخۆ و نیشتیمانی، ڕاگرتن و زیادکردنی عەمبارەکانی ژێرزەویی نەوت، بەکارهێنانی گازی سروشتی و بەبازاڕکردنیەوە. تاکو حکومەتی عێراق یاسایەکی بەهێزی نەبێ ناتوانرێت پیشەسازی نەوت و گاز بە باشی کۆنترۆل بکات و سەربەخۆیانە و بە گوێرەی سیستەمێکی مودێرن و پێشکەوتوو کەرتەکە بەرێوە ببات .

نەوتی عیراق و کاریگەریی هێزە نێودەوڵەتی و ئیقلیمییەکان

نەوت وەکو کالایەکی ستراتیژی کاریگەری ئابووری و سیایی بەهێزی هەیە لەسەر پێگەی نێودەوڵەتی وڵاتان، بۆیە وڵاتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەمیشە هەوڵ دەدەن پێگەی ئابووری و سیاسی خۆیان بەهێز بکەن لەسەر ئاستی جیهان. هەروەکو روونە وڵاتی عێراق پێگەیەکی سیاسی لاوازی هەیە بەهۆی هەبوونی ناکۆکی زۆری ناوخۆیی و نەبوونی ژێرخانێکی پیشەسازی و ئابووری بەهێز و لە هەموشی گرنگتر نەبوونی دەسەلاتێکی بەهێزی سەربەخۆ. ئەم هۆکارانە دەرفەتێکی گەورەیان بۆ دەوڵەتانی ئیقلیمی و جیهان رەخساندووە کە ڕۆڵ لە ناوخۆی عێراقدا بگێڕن بە پێی بەرژەوەندی خۆیان، جا چ لە رووی بەدەستهێنانی نەوت بێت یان پیادەکردنی ئامانج و ئەجێندای دیکە. لەبەر ئەوە پێویستە حکومەتێکی فیدرالی بەهێز هەبێت کە پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا هەبێت، بەمەش دەتوانرێت سامانی سروشتی ناوخۆیی لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی ناوەندیدا بێت. جگە لە سیاسەتی گشتی کۆنترۆلکردنی کەرتی نەوت و گاز و هەبوونی یاسایەکی مودێرن، حکومەتی عێراق دەکرێت لەگەڵ حکومەتی هەرێم پێکەوە روبەڕووی هێزە دەرەکییەکان ببنەوە لە رێگەی بەهێزکردنی کادری ناوخۆیی و هەبوونی کۆمپانیای ناوخۆیی و نیشتیمانی بەهێز. چونکە هەبوونی ململانێ ناوخۆیی و نەبوونی کۆمپانیای نیشتیمانی بەهێز وای کردووە کە هێزە دەرەکییەکان بە ئاسانترین شێوە دەست بخەنە نێو ئەو سامانە سروشتییە گرنگە تا ئاستێك کە خۆیان بە خاوەنی چەندین کێڵگەی نەوت و بیری نەوت دادەنێن و گرانترین کرێ وەردەگرن و بە نرخێکی هەرزان نەوتەکە دەکڕنەوە.

ئایا نەوت کێشەیە بۆ عیراق؟

نەوت کالایەکی سروشتی زۆر گرنگە و ئەو وڵاتانەی کە بەپێی خواستی بەکارهێنانیان نەوتییان هەیە ، وڵاتانی خاوەن چانسن و ئەوانەی کە نەوت هەنارەدە دەکەن دووجار چانسیان هەیە. وڵاتی عیراقیش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە دووجار خاوەنی چانسە چونکە هەر نەوتی بۆ پێداویستی رۆژانەی خەڵکی هەیە و هەم بە رێژەیەکی زۆر هەنارەدەی دەرەوەی دەکات. پرسیارەکە ئەوەیە : ئایا نەوت بۆ عێراق عیللەتە یا خود چارەسەر؟ سیاسەتی بەرێوەبردنی پیشەسازی نەوت و گاز وای کردووە کە نەوت ببێتە عیللەت بۆ خەڵکی عێراق. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە عێراق نەیتوانیووە نەوت و گازی وڵاتی خۆی کۆنترۆل بکات وەکو وڵاتانی سعودیە، کوێت، قەتەر و ئەوانی تر. جگە لەوەش، گەندەڵیەکی زۆر لە کەرتەکەدا دەکرێ لە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران. ئەوەش بەوە چارەسەر دەکرێ کاتێك عێراق بەخۆی کۆنترۆلی گەڕان و بەرهەمهێنان وپاڵاوتن و بەبازاڕکردنی نەوت بکات. دەبێ کۆمپانیای نیشتیمانی کێڵگەکانی نەوت و گاز بەرێوە ببەن، پاڵاوگەی گەورە دروست بکرێت بۆ دابینکردنی سووتەمەنی بۆ هەموو عێراق بە بێ هاوردەکردنی هیچ جۆرە سووتەمەنییەك، پیشەسازیی پترۆکیمیایی گەورە دروست بکرێن کە مەوادی سەرەتایی بۆ کارگەکانی بەرهەمهێنانی کالا دابین بکەن. لە لایەکی دیکەوە گازی سروشتی دەبێ سوودی لێ ببینرێ بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی و بگرە هاوردەش بکرێت. بەمە بەهای دراوی عێراق بەرز دەبێتەوە و پێگە سیاسی و ئابووریەکەشی بەهێز دەبێت. لەو کاتەدا، هیچ هەڵە نیە ئەگەر حکومەتی عێراق پشت بە نەوت و گاز ببەستێت.

ئایندەی نەوتی عێراق

پیشەسازی نەوت و گاز پێویستی زۆریان بە پێشخستن و پەرەپێدان و رێکخستنەوەیە، سەرجەم بواەرکانی پەیوەست بە نەوت و گاز پێویستە لەلایەن کەسانی پسپۆڕەوە بەرێوە ببرێن ، هەر لە دۆزینەوەی کێڵگەی نەوت و گازی نوێ، واژووکردنی رێککەوتنامە نەوتیەکان (contract)، دروستکردنی پاڵاوگە و وێستگە گەورەکان، هێلی گواستنەوە و هەناردەکردنی نەوت و گاز. لەبەرئەوە، نەبوونی یاسایەکی گشتگیری نەوت و گاز لە پاڵ کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند، دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کە ئایندەی نەوت و گاز لە عێراقدا لەوەی لە ئێستادا هەیە باشتر نابێت و بە هەدەردانی سامان و داهاتی گشتی بەردەوام و زیاتر دەبێت، بۆیە هیچ ئومێدێك بۆ دروستکردنی سیستمێکی بەهێزی نەوت و گاز لە عێراقدا نابینرێت. هەروەکو روونە، وڵاتی عێراق یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان لە سامانی سروشتی کانزایی، بێگومان ئەم سامانە سروشتییەش پێویستی زۆری بە یاسا و سیستەمێکی گشتگیر و مودێرن هەیە کە بتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت و داهاتی ناوخۆی پێ زیاد بکرێت. بە نەبوونی یاسایەکی باش لە عێراقدا، جگە لە قۆرغکردنی داهاتی نەوت و گاز و کانزا سروشتییەکان، سامانی سروشتی بەهەدەر دەچێت. بۆ نموونە، لە غیابی نەبوونی سیستەمێکی گونجاو بۆ بەرێوەبردن و پێشخستنی پیشەسازی نەوت، عەمبارەکانی ژێرزەوی نەوت تواناکانی خۆیان لە دەست دەدەن بەمەش ناتوانرێت سوود لەو هەموو یەدەگی نەوتە وەربگیرێت کە لە عێراقدا خەمڵێنراوە.

•دکتۆرا لە ئەندازیاریی نەوت.
•سەرۆکی بەشی ئەندازیاریی نەوت – زانکۆی سۆران و مامۆستا لە زانکۆی ئەمەریکی - کوردستان

مانشێت

دۆڕچە ڤیلە:

بەهۆی زیادبوونی ژمارەی تووشبوان بە ڤایرۆسی کورۆنا ، حکومەتی ئەڵمانیا بڕیاری دا لە ژمارەیەك شار و شارۆچکە رێوشوێنی خۆپارێزیی بگیرێتە بەر.



ئۆبزێرڤەر:

لە رۆژهەڵاتی دەریای سپی ،جارێکی دیکە کەشتیەکانی تورکیا دەستیان بە گەڕان بەدوای دۆزینەوەی نەوت و گاز کردەوە یۆنانیش ناڕەزایی دەربڕی.




سکای نیوز:

یەکێتی ئەورووپا رایگەیاند کە بەرامبەر پێشێلکردنی ئاگربەستی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لە هەرێمی کاراباخ نیگەرانە.



یۆرۆ نیوز:

لە ئەتلانتای پایتەختی ویلایەتی جۆرجیای ئەمەریکا شەمەندەفەرێك لە رێرەوی خۆی دەرچوو و ئاگر لە ناوچەکە کەوتەوە ، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەك لە دانیشتوانی ئەو دەڤەرە مالەکانیان چۆل کرد.



رۆژنامەی نەلشەرقولئەوسەت:

لە ناوچەی باگوای لە ئەفغانستان و لە ئەنجامی تەقینەوەی بۆمبێك 10 سەرباز و 3 کەسی سڤیل گیانیان لەدەست دا.



کەنالی ئار تی:

چەند میدیایەکی ئیسرائیلی رایانگەیاند لە ماوەی چەند رۆژی رابردوودا ژمارەیەك ئەفسەری مەغریبی بە نهێنی سەردانی تەل ئەڤیڤیان کردووە.



بەکولتوورکردنی ڕێبەری گەشتیاری و گرنگی لە گەشتی گەشتیاراندا





ئارام دیلان*
2 کۆتایی

ڕێبەری گەشتیاری ئەوکەسەیە کە ڕێنیشاندەری تاکێك یان گروپێکە لەدەرەوە یان ناوەوەی وڵات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەکات، بەتێچوویەکی گونجاو بۆ نیشاندانی شوێنەوار و شوێنە کولتووری و ئایینی و مێژووی و کەلەپووری، بەو زمانەی کە داوای لێکراوە.

ڕێبەری گەشتیاری پێویستە کەسێکی ڕاستگۆ بێت لە گەیاندنی پەیامەکەی و توانای باشی هەبێت لە زانینی زمانی گەشتیارەکانی، جگە لەو خاسیەتانەی سەرەوە ڕێبەری گەشتیاری نمونەیی سێ بەرپرسیارەتی گرنگی لە بەرامبەر گەشتیارەکان هەیە: دەبێت لە بەرزترین ئاستی خزمەتگوزاریدا بێت، بەرامبەر بەو کۆمپانیایەی کاری لێ دەکات، پێویستە بە ئەمەکەوە کاربکات و گرنگی تەواو بە کۆمپانیاکەی بدات، لە ریگەی ئەو ڕاستگۆییەی کە هەیەتی بەرامبەر بە گەشتیارەکان کۆتا بەرپرسیاریش بەرامبەر بە نیشتیمانەکەیەتی کە دەبێت بە شانازیەوە باسی وڵات ونیشتیمان و هەرێم وشوێنە گەشتیاریەکانی بکات.

ڕاستییەکی تر لەسەر ڕێبەری گەشتیاری ئەوەیە، کە ئەم پیشەیە چەند جۆرێکی هەیە، ئەوانەش ڕێبەری گەشتیاری ناوخۆ و نیشتمانی وشوفێرو ڕێبەری نێودەولەتییە.

لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زۆر کەم بەم پیشەیە دراوە، لە هەمانکاتدا ژمارەیەکی زۆر لە دەرچوانی بەشی ڕێبەری گەشتیاری بوونیان هەیە، ئەو هەلومەرجەی ئێستای هەرێم و کەمی گەشتیاری بیانی، پێویست بەوە دەکات کە دەرچوانی ئەم بەشە بیر لە ئەنجامدان و پلاندانانی بەکولتوورکردنی گەشتی ناوخۆ بکەنەوە، کە وەکو ڕێبەری گەشتیاری لە سەرتاسەری هەرێم کاری لەسەر بکەن، بە واتایەکی تر بازاڕی ناوخۆی کوردستان کراوەیە و دەتوانن هاوواڵتییەکانی هەرێم بە شوێنە جیاجیاکان و ناوچە گەشتیاریەکان بناسێنن، بۆ نمونە گروپێکی 10-6 گەشتیار لە شاری هەولێری پایتەختەوە ئامادە بکەن و گەشتێکیان بۆ دەڤەری هەورامان بۆ ئەنجام بدەن، هەروەها گەشتێك بۆ گەشتیاری سلێمانی و هەورامان بەرەو بادینان ئەنجام بدەن. بەردەوامی ئەم دیاردەیە وا دەکات کولتووری گەشتکردن لەناو هەرێم زیاتر بێت و تۆش وەکو ڕێبەری گەشتیاری دەتوانیت لێرەوە پراکتیزەی پیشەکەت بکەیت و لە هەمانکاتدا داهاتی خۆت پەیدا بکەیت و ببیت بە خاوەن کۆمپانیای خۆت.

دەبا ئیتر بە دروشمی بەکولتوورکردنی گەشتی ناوخۆ لە ڕێگەی ڕێبەرە گەشتیاریەکانمانەوە بتوانین بازاڕگەرییەکی زانستیانە بۆ بە کولتوورکردنی گەشتی ناوخۆ بکەین، کوردستان سروشت وکولتوورێکی ناوازەی هەیە، کە شایانی ئەوەیە هەموو تاکێکی کوردستان ئاشنایی لەسەر تەواوی شوێنە گەشتیاریەکان بەبێ جیاوازی و ناوچەگەری هەبێت. ئێوە ڕێبەری گەشتیاری کوردستانن، کوردستانیش چاوی لە ڕێبەرە نمونەییەکانیەتی بۆ ئەوەی بە هاوواڵتییانی بناسرێت.

*مامۆستای زانکۆ


پەرەپێدانی گەشتوگوزاری گوندەکان دەچێتە بواری جێبەجێ کردن


ساڵانی رابردوو کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان بە خێرایی بەرەو پێش هەنگاوی ناوە، لە زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران و لە زیادبوونی شوێنە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان، ئەمەش بەپێی پلانێکی ستراتیژی کە لە لایەن دەستەی گشتی گەشتوگوزار، مامەڵە لەگەڵ ئەم گەشەسەندن و پێشووەچونە دەکرێت، هەروەها ماستەرپلانی گەشتوگوزاری کوردستان ئێستا دەست بەکارە و تاکو ساڵی 2025 پلانی بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتیاری داڕشتووە.

لە چوارچێوەی پلانەکەدا پەرەپێدانی گەشتوگوزاری لادێ داڕژراوە و بە یەکێك لە چالاکییە سەرەکییەکانی پلانی 2020 دانراوە، بۆیە لە ڕۆژی جیهانی گەشتوگوزار بە دروشمی (بە گەشتوگوزار گوندەکانمان دەبوژێنینەوە) گرنگی بە پەرەپێدانی گەشتوگوزاری لادێ درا، کە هاودروشم بوو لەگەڵ گەشتوگوزاری جیهان.

بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری گوندەکان تیمێك لە دەستەی گەشتوگوزار و لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی گشتی گەشتوگوزار پێکهاتووە، بە ئامانجی هەڵسەنگاندنی زەمینەی کارکردن و بە کرداری کردنی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری لادێ، تیمەکە سەردانی مەیدانی هەندێك ناوچەی گوندنشین دەکات و لە بنەما سروشتی و مرۆییەکانی دەکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی دواتر هەنگاوەکانی پەرەپێدانی گوندەکان دەست پێ بکەن، لە ئێستادا چەند ناوچەیەك بە نموونە وەردەگیرێن و دواتر فراوانتر دەکرێن.

لە چەند ڕۆژی رابردوو 7گوند لە دۆڵی ئاکۆیان لە قەزای ڕواندز بۆ ئەم مەبەستە بەسەرکرانەوە (بنەکاول، گەرۆیانی سەرو و خوارو، فەقیان، ئاکۆیان، سەران، کەڕەك) لە داهاتووش چەند گوندی دیکە لە ناوچەی جیاوازتر بەسەر دەکرێنەوە، بۆ ئەوەی بنبنە هەنگاوی کرداری و زەمینە خۆشکردن بۆ جێبەجی کردنی پلانی پەرەپێدانی گوندەکان، بەڵام مەرج نییە هەموو ئەو گوندانەی سەردانیان دەکرێ بکرێنە مەیدانی کار، چونکە پێویستە چەند بەنمایەك هەبێت بۆ بە کرداری کردنی کارەکان.





گرنگی کەرتی گەشتوگوزار بۆ ئابووری وڵات



سەرکۆ یونس*
2 کۆتایی

کەرتی گەشتوگوزار لەزۆربەی ئابووری وڵاتانی جیهاندا بەیەکێك لە پایەکانی ئابووری وڵات دادەنرێت و بەشداری کارای هەیە لە بەدەستهێنانی داهات و بزوێنەری گەشەپێدانی بەردەوامە بۆ ئابووری وڵاتان، نموونەی ئەو وڵاتانەی کە زیاتر پشت بە داهاتی گەشتوگوزار دەبەستن زۆرن، لەوانە (سویسرا، کەنەدا، تورکیا، ئیتالیا، ئیسپانیا، ئیماراتی عەرەبی، یۆنان و فەرەنسا). لەساڵی (2019) لە ئیسپانیا گەشتوگوزار بەڕێژەی (14.2%) بەشداری ئابووری نەتەوەیی کردوە و لە وڵاتانی تریش ئەم کەرتە گرنگە بەڕێژەی جیاواز بەشداری دەکات.

هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردودا تاڕادەیەکی زۆر باش سوودی لەم کەرتە گرنگە بینیوە و خۆشبەختانە زۆربەی ڕەگەزەکانی بواری گەشتیاری تێدا هەیە، سەرەڕای کەموکوڕییەکان، بەڵام هەرچۆنێك بێت توانرا کوردستان وەك هەرێمێکی گەشتیاری لە ناوچەکە بناسرێت و ژمارەی گەشتیارانی بیانی و ناوخۆی عێراق گەواهیدەری ئەم ڕاستییە بدەن، کە لە ساڵانی ڕابردودا بەسەدان هەزار گەشتیار ڕوویان لەناوچە گەشتیاریەکان و ئوتێل و میوانخانەکانی شار و شارۆچکەکانی کوردستان کردووە. لەهەندێ ساڵدا بەپێی ئامارەکانی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم ئومێد بەخش بوون، ئەمەش بووە بەسەرچاوەیەکی باشی داهات بۆ حکومەت و کەرتی تایبەت، هەتا پێش سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ساڵی(٢٠١٨) زیاتر لە (3)ملیۆن گەشتیار هاتونەتە هەرێمەوە، لەم ڕێژەیە (80%)ی لەناوخۆی عێراقەوە بووە و ڕێژەی (20%)ی گەشتیاری بیانی بوون. بەداخەوە سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە(2020)دا کاریگەری ڕاستەوخۆی کردوەتە سەر ئەم کەرتە گرنگەی ئابووری هەرێم و بەشێوەیەك نزیك بەووبەوە لە داڕمانی تەواو، خۆشبەختانە لەماوەی پێشوودا حکومەت بڕیاری کردنەوەی سەرجەم ناوچەگەشتیارییەکانی دا و وورد ووردە ئەم کەرتە خەریکە دەبوژێتەوە و جموجوڵی گەشتیاری ناوخۆیی پەرەی سەندوەتەوە و ڕۆژانە بەدەیان ئۆتۆمۆبیلی گروپەکانی گەشتیاران لە ڕێگاوبانەکان دەبینرێن.

ئەوەی جێگای سەرنجە، بەداخەوە بەشێکی خەڵك و هەندێ لایەنی سیاسی، ئەم بەرەو پێشچوون و گەشەسەندنی کەرتی گەشتیاری بە شتێکی خراپی بۆ سەر کۆمەڵگا دەزانن بەگشتی و چینی لاوان بە تایبەتی، تەنانەت هەندێ کەس و لایەن بەبێ ئەخلاقی ناودەبەن، ئەمەش بەهۆی نەبوونی هۆشیاریی لە گرنگی ئەم کەرتە بۆ داهات و ئابووری وڵات و بە خراپ سەیر کردنی بەوەی بەرەو پێش بردنی گەشتوگوزار بە بەرەڵای و خراپە ئەژمار دەکەن. هەر لەبەر ئەمە پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان کۆمەڵێك هەنگاو بۆ ئاسایکردنەوەی دۆخەکە و گرنگیدانی زیاتر بەم کەرتە نیشتیمانییە بنێن و هەوڵی جێبەجێ کردنی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بدەن.

1_ هۆشیارکردنەوەی هاونشتیمانیان بەوەی کە تێبگەین گەشتوگوزار داهات پەیدا دەکات و دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ڕێژەیەکی بەرچاوی هاووڵاتییان بەگشتی و دانیشتوانی ناوچەگەشتیارییەکان.

2- بەرەودان بە گەشتوگوزار دەبێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجانی خاوەن بڕوانامەی بێکاری هەرێم، کە لەئێستادا ڕێژەی بێکاری لەئاستێکی مەترسیدار دایە.

3- پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان گرنگی زیاتر بەم کەرتە بدەن، ئەویش بەکردنەوەی ئامادەیی گەشتوگوزار یان بەشێك لە پەیانگاو زانکۆکان لەو شارانەی کە گەشتیاری تێدا بوونی هەیە، ئەمەش بەمەبەستی پێگەیاندنی کادری گەشتیاری خاوەن بڕوانامە.

4- پێویستە حکومەت بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ هێزێکی تایبەت ئامادە بکات بۆ ڕاگرتن و پاراستن و ئارامی ناوچە گەشتیارییەکان کە ڕاهێنانی باش و سەردەمیانەیان پێ کرا بێت و لەژێر ناوی (پۆلیسی گەشتیاری) دا کار و فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن.


5_ پێویستە یاسایەکی تایبەت لەپەرلەمانی کوردستانەوە دەربچێت کە ئەم کەرتە گرنگە ڕێکبخات و بەیەکێك لەسەرچاوەکانی داهات ئەژمار بکرێت، ئەو داهاتەی بەدەست دێت وەك باج دابنرێت، یان بچێتەوە وەزارەتی دارایی یان لەخزمەت شوێنە گەشتیارییەکاندا بێت.

6_ پێویستە وەزارەت و دامودەزگاکانی تری حکومەت بەچاوێکی گرنگەوە لە گەشتوگوزار بڕوانن و هاوکار بن لەبەرەوپێش بردن و گەشەپێدانی ئەم کەرتە و هەموو ئاسانکارییەك بکەن بۆ بڕەوسەندن و بەرەوپێش چوونی گەشتوگوزار، بەتایبەت لەئێستادا کە حکومەت بەدەست کەمی داهاتەوە دەناڵێنێت و تەنانەت توانای پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی نەماوە، بۆیە گرنگە حکومەت هەموو ئاسانکارییەك بکات و ڕێگرییەکان نەهێڵێت.

*ئابووریناس



میران شیروان: یوگا راهێنانی جەستەیی و دەروونی و رۆحییە لە ئێستادا بە تەواوی جیهاندا بڵاوبۆتەوە





دیانە: پەریهان عومەر

میران شیروان ڕاهێنەری یۆگایە لە شاری سلێمانی خاوەنی گرووپی چاریا یۆگایە، گرووپێکی فەرمییە لە کوردستان و خۆی لە بواڕەکانی ژینگە دۆستی و ئاژەڵ دۆستی و هونەریشدا دەبینێتەوە، هەروەك چۆن یۆگا هونەری ژیان کردنە، ماوەی سێ مانگە لە پارکی ئازادیدا یۆگا ئەنجام دەدەن و زیاتر چالاکییەکانیان لە ناو سروشتدا بە ئەنجام دەگەیەنن.

لە پرسیاری ئەوەی بۆیا یۆگا سوودی چییە بۆ مرۆڤ؟ ڕاهێنەر میران بۆ خەبات گوتی: یۆگا جۆری زۆرە و لەهەر جۆرێکدا کۆمەڵێك راهێنانی جەستەیی دەروونی و رۆحییە، لە ئێستادا بە تەواوی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، پزیشکان و زانستی پزیشکیش بۆ زۆرێك لە چارەسەری کێشە تەندروستیی و دەروونییەکان پێشنیاری ئەنجامدانی راهێنانی یۆگا دەکەن.

یۆگا سووڕی خوێن چالاك دەکات

هەروەها باسی سوودەکانی راهێنانی یۆگا دەکات و دەڵێت: کەمکردنەوەی فشاری دەروونی، هاوسەنگ کردنەوەی سووڕی هەناسەدان و چارەسەری نەخۆشییەکانی وەك تەنگە نەفەسی و نەخۆشی ڕەبۆ و جیوب و کێشەکانی هەناسەدان، بەرگری لەش زیاد دەکات لە بەرامبەر نەخۆشییەکاندا، سووڕی خوێن چالاك دەکات، بۆ ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی کۆرۆنا بوون و وە ئەو کەسانەی ئێستا چاك بوونەتەوە زۆر بە سوودە و هاوکار دەبێت بۆ دووبارە جەستەیەکی پتەو بەهێز.

هەروەها ئەو راهێنەرە زیاتر باس لە گرنگیی یۆگا دەکات و دەڵێت: یۆگا واتە یەکبوون لەگەڵ گەردوونداو مەبەست لێی لە ئێستادا ژیانە، مرۆڤ گەر لە ئێستادا بژی و بە ئاگا بێت لە ئێستا گیرۆدەی یادەوەریەکانی نەبێت! لە هەوڵدان زیادەڕۆیی نەکات بۆ داهاتوو کە ببێتە هۆی ستڕێس و ناجێگیری، ئەوا بە دوور دەبێت لە کێشە دەروونییەکان، یۆگا ڕێگایەکی ئاسانە بۆ دەروونێکی و ئارام و جێگیر، وادەکات مرۆڤ چێژ لە ساتەکانی ئێستادا ببینێت و ڕووناکی لە دەروونیدا پەخش بێت و بە دوور بێت لە نائومێدی.

لە کۆتاییدا گوتی: لە وڵاتی ئێمەدا جەنجاڵی تەکنەلۆژیا و بارگرانی ژیان کردن هەستی ماندووێتی لە هەردوو ڕەگەزدا دروست دەکات، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئافرەت لە ڕووی دەروونییەوە ناسکتر و هەستیارترن بۆیە زیاتر پێویست دەکات یۆگا بکەن، وە ڕێژەی پیاوانیش لە بەشداربوانی یۆگادا زۆرن بەڵام پیاوان زیاتر سەرقاڵی کار و ژیانن ئەمەش وادەکا کەمتر کات بۆ یۆگا تەرخان بکەن.

دیکۆڤیچ تێکدەشکێنێ و تاجی ڕۆلاند گارۆس لەسەر دەنێت

لە پاریس، ڕافاییل نادالی ئیسپانی دوای بردنەوەی لە دیکۆڤیچی سربی نازناوی ڕۆلان گارۆسی بردەوە.

ڕافاییل نادالی ریزبەندی دووەمی جیهانی، توانی یاری کۆتایی ڕۆلان گارۆس بە شەش گێمی بێ وەڵام 6-0 و 6-2 و 7-5 لە دوو کاتژمێر و 41 خولەکدا، لە دیکۆڤیچی سربی بباتەوە. بەم سەرکەوتنە نادال ریکۆردەکەی ڕۆجێ فێدەرەری سویسری یەکسان کردەوە بە 20 نازناوی گراند سلام. ئەم نازناوە 56 مین نازناوی کورە ئالتونیەکەی ئیسپانیابوو. ئەم بردنەوەیە چوارەم بردنەوەی لەسەریەکی ڕۆلان گارۆس و 13 یەمین نازناوی نادالە لە 16 پاڵەوانێتی فەرەنسا و 100 مین بردنەوەی یاریە لە ڕۆلان گارۆس.



رۆنالدۆ دوای مۆندیال واز لە یاری کردن دەهێنێت

بەپێی سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەوانی، کریستیانۆ بریاری داوە لە دوای مۆندیالی 2022 چیتر دریسی هەڵبژاردەی پورتوگال نەپۆشێتەوە.

ڕۆژنامەی sportbible لە هەواڵێکیدا ئەوەی بڵاوکردەوە کە مۆندیالی قەتەری 2020 دوا یاریکردنی ئەستێرە جیهانیەکە دەبێت بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی. بەپێی سەرچاوەیەکە دەبێت بۆ هەڵبژاردەی خۆی بڕیاری خۆی داوە و ڕاستەوخۆ دوای بەشداریکردنیان لە مۆندیال واز لە هەڵبژاردەی پورتوگال دێنێت و بۆ یاکجاری ماڵئاوایی لەو هەڵبژاردەیە دەکات.

کریستیانۆ ڕۆنالدۆ خاوەنی میژووێکی دڕەوشاوەیە لەگەڵ هەڵبژاردەکەی و زیاتر لە 100 گۆڵی بۆ هەڵبژاردەکەی تۆماکردووە. جامی یۆرۆ و جامی جیهانی کیشوەرەکانیشی لەگەڵ ئەو هەڵبژاردەیە بەدەست هێناوە کە پێشتر هیچ یارێزانێك نەیتوانیوە ئەو نازناوانە بۆ پورتوگال بباتەوە.

دی برۆین: مێسی بەلامەوە گرنگ نییە

کیڤین دی برۆین، ئەستێرەی هەڵبژاردەی بەلژیکا و یانەی مانچستەر ستی ئینگلیزی، توانجی لەو دەنگۆیانە دا، کە باسیان لە چوونی لیونێل مێسی، کاپتنی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی، بۆ ریزەکانی سیتیزن دەکرد. دی برۆین، لە لێدوانەکەیدا کە تۆڕی سکای سپۆرتس بڵاوی کردووەتەوە گوتی: هاتنی لیونێل مێسی بۆ مانچستەر ستی، بەلامەوە گرنگ نییە؛. گوتیشی: بۆ ئەوەی ڕاستگۆ بم، ئەگەر بێت، بۆ ئێمە زۆر باش دەبێت، بەڵام ئەگەر نەشێت، یاریزانی باشی زۆرمان هەیە، کە چێژ لە یاریکردن لەگەڵیاندا دەبینم، بۆیە ئەو پرسیارە بۆ من هیچ گرنگ نییە؛. شیاوی باسکردنە، دەنگۆی چوونی مێسی بۆ ریزەکانی مانچستەر ستی، لە میرکاتۆی هاوینەی ڕابردوودا زۆر گەرم بوو، ئەوەش بۆ ئەو قەیرانە دەگەڕایەوە، کە مێسی لەگەڵ بەرشلۆنەدا هەیبوو و بڕیاری ڕێشتنیشی دابوو، بەر لەوەی لە بڕیارەکەی پاشگەز بێتەوە و لە کامپ نو بەردەوام بێت. هێشتا دەنگۆی گواستنەوەی مێسی بۆ مان ستی کۆتایی نەهاتووە، هەرچەندە ماوەی میرکاتۆش کۆتایی هاتووە، چونکە گرێبەستەکەی لەگەڵ تەواوبوونی وەرزی ئێستا کۆتایی دێت، مان ستیش، یەکێ لەو یانانەیە کە چاوی لە تواناکانی لیۆ بڕیووە، لە هەموو یانەکانی دیکەش داراترە، بۆ ئەوەی بتوانێت مووچە قەبەکەی مێسی بدات.

ڕەمزی میرەکانی

نابی توشی کۆرۆنا بوو

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی پشتڕاستی کردەوە کە یاریزانێکی دیکەی لیگەرپووڵ توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە .

بەپێی ماڵپەڕی « foot224 » گانایی ، نابی کیتا یاریزانی هێڵی ناوەڕاست لیگەرپووڵ توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە، ئەوە لە کاتێکدا یاریزانەکە لەگەڵ تیمە نیشتمانییەکەی گەشتی کردووە .

ڕاپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە کە سەرجەم یاریزانانی تیپەکە چوارشەممە و هەینی ڕابردوو تاقیکردنەوەی کۆرۆنایان بۆ کراوە ، پێش یارییە دۆستانەکەی بەرامبەر گامبیا، دەرکەوتووە کیتا توشی پەتاکە هاتووە.

ڕوونیشیکردەوە کە ئەنجامی تاقیکردنەوەکان دەریخست کە پێنج توشبووی کۆرۆنا لەنێوان یاریزانانی گینیادا هەیە کە لەگرنگترینیان نابی کیتایە .

بەپێی ماڵپەڕەکەی گینیا ، تەواوی تیمەکە تاقیکردنەوەی کۆرۆنایان بۆ دەکرێت و ئەگەر هاتوو توشبووی نوێ هەبوو یاریە دۆستانەکە هەڵوەشێنرێتەوە .

شایەنی بیرهێنانەوەیە کۆرۆنا پێشتر تیاگۆ ئەلکانتارا و سادیۆ مانێی لە ڕیزەکانی لیگەرپووڵ دوورخستەوە.



خەبات

ماسك بەستن

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP

info@xebat.net
www.xebat.net

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

Tue. 13 Oct. 2020 No.:(6021)

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com


بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616







سروشتی کوردستان و جوانی وڵاتی نەرویژم لە تابلۆکانمدا لەیاد نەکردووە

شێوەکار تارا محەمەد ئەمین: بۆ کارکردن لەهەر بەرهەمێکی باش پێویستیم بەکاتێکی ئارام هەیە



دیمانە: هێمن ئاری



خانمە هونەرمەندی شێوەکار تارا محەمەد ئەمین، لە هونەری شێوەکاری خاوەن ئەندێشە و فڵچەیەکی جوانە، ئەو خانمە هەمیشە لەڕێگەی تابلۆکانیدا جوانی سروشت و ئازار و ئاریشەکانی ژن و تابلۆیی شاعیر و کەسایەتییە ناوادارەکانی نیشاندداوە. تارا، دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی ئەواو کردووە لەساڵی ١٩٨٨،هەروەها کۆلیژی هونەری خوێندووە لە نەرویج لە شاری ڕاولاند لە تەلمارک
Telemark university college (Art)



(سروشتی کوردستان وڵاتی نەرویژ)

تارا مەحەمەد ئەمین سەبارەت بە هونەرەکەی ئەو کەرەستانەی لە هونەری شێوەکاری بەکاریان دەهێنێت دەڵێت: ئەو کەرەستانەی بەکاری دێنم بریتین لە بۆیەی ئاوی ، قەڵەم بۆیە ، ئەکریلیک ، قەڵەم ڕەش HB,2B،خەڵوزی ڕەش و قاوەیی سوورباو ، ئەکریلیک ، هەندێ جاریش پاستیلی وشک بەکار دەهێنم بۆ تابلۆکانم.
دواتر سەبارەت بەپرۆسەی کارکردنی دەڵێت: سوودم لە کۆمەڵێ وێنەی فۆتۆی هاوڕێیانم وەرگرتووە بەسوپاسەوە تابلۆم کێشاوە، لەکاتی گەڕانەوەشم بۆ کوردستان فۆتۆی جوانی سروشت و موتیڤی هەمە جۆرم گرتووەو هەندێکیانم کێشاوە. **دەشڵێت:** بەنامەی زیاتریشم هەیە بۆ هەندێکی تریان لە داهاتوو کارییان لەسەربکەم، هەروەها دەڵێت: سوودم لە وێنەی پەیجەکانیش وەرگرتووە ، سروشت و جوانی وڵاتی نەرویژیشم لەیاد نەکردەوە زۆریشیم کێشاوە.

(کاتی گونجاو)

هەروەها تارا دەڵێت: کارەکانیشم ئەگەر پۆڵێن بکەم لەسروشت، پۆرترێت ، ئازارەکانی ژن و ڕووداوە نەخوازراوەکان ، شاعیر و کەسایەتییە ناوادارەکانی کورد پێکهاتوون.
تارا، ئاماژە بە کاتی کارکردن و گونجاوی کات دەکات بۆ هەر کارێکی ئەنجامی دەدات و دەڵێت: ماوەتەوە بڵێم کاتی کارکردنم ئارامترین و باشترین کاتی بۆ ئامادەدە ئەکەم بۆ بەرهەم هێنانی کارێکی باش.

(هونەر و بەهرە)

سەبارەت بە هەڵپژاردنی هونەری شێوەکاری و لەڕێی ئەو بواڕە دەتەوێ چی بگەیەنیت، ئەو خانمە شێوەکارە دەڵێت: سەرهەڵدانی بەهرەی هونەری خۆڕسکە و لەگەڵ دروست بوون و گەورەبوونی مرۆڤەکاندا چڕۆ دەکات و پەروەردە دەبێت، خۆشبەختانە منیش لەو بەهرە و دنیا جوانە بێبەش نەبووم و هونەری شێوەکاری بەتایبەت ڕاپێچی ناو جیهانە ڕەنگاو ڕەنگەکەی خۆی کردم .

(بایەخی هونەری شێوەکاری)

هەروەها سەبارەت بە بایەخدان بەهونەری شێوەکاری لەکوردستان بەبەراورد لەگەڵ بواڕەکانی دیکەی هونەر تارا مەحەمەد دەڵێت:
ئەوەندەی من ئاگادارم و بەهۆکاری گەڕانەوەم بۆ چەند مانگێک بۆ کوردستان هاوکات دەستبەکاربوونم بۆ کردنەوەی پێشانگەیەک ، ئەوەندە پشتگۆێ خستن و بایەخ پێنەدانم بەرچاو ئەکەوت ڕاشکاوانە ئەڵێم هونەرمەند خۆی لێ وەشاوەو دڵسۆزی ڕاستەقینەی هونەرەکەی نەبێت تەنها هەنگاوێکیشی بۆ نانرێ !
ماوتەوە بڵێم ئەگەر هونەرمەند تەنها بۆ خزمەت هونەرەکەو هاوڵاتیانی کار بکات بێگومان نەخوازراوەو پشت گوێ ئەخرێ و بەپێچەوانەشەوە.
سەبارەت بەو پێشەنگایانەی تاهەنووکە کردنیەتییەوە دەڵێت: لەکوردستان و لەوڵاتی نەرویژ لە 11 لە پێشانگای هاوبەش بەشداریمکردووەو 2 پێشانگای تایبەتیشم لە سلێمانی کردۆتەوە.

(پەیام و هونەر)

سەبارەت بە گەیاندنی ئەو پەیامەی لەهونەر هەیەتی تاچەند گەیاندوویەتی تارا ئەمین دەڵێت: بەڕای من هونەری ڕاستەقینە گەیاندنی پەیامە ،هەوڵمداوە ئەو پەیامە بەپیرۆزی بگەیەنم.
هەروەها سەبارەت بە سروشتی کوردستان و ڕەنگدانەوەیان لەنێو تابلۆکانی دەڵێت: سروشت بەگشتی و بەتایبەت سروشتی کوردستان پانتاییەکی جوان و فراوانی لە ئەندێشە کاردانەوەی زۆریشی هەیە لە کارەکانما.

(هونەر و فانتازیا)

هەروەها سەبارەت بەڕەنگ و تێکەڵکردنیان بۆ نەخشاندنی هەر تابلۆیەک دەڵێت: تێکەڵ کردنی ڕەنگ وەک بواڕە ئەکادیمییەکەی بریتییە لە کۆمەڵێ ڕەنگی دژ بەیەک کۆنتراست و، هارمۆنی، ئەم تێکەڵ کردن و گونجاندنانە پێویستی بەزانیاری و ئەزموونە.
وەک لایەنە فە لسەفییەکەی تێکەڵاوکردنی ڕەنگەکان بەمیوسیکی هەست و ساوێک بەهارمۆنییەتی گەرم و خێرا و گوزارشت و فەنتازیایەکی ڕۆحی تەواو لەئامێزی تابلۆیەکی تەواو کراو جوانترین دەخولقێنی.



کوردستان.. وەرزی دروستکردنی دۆشاوی تری یە

خەبات:شێروان مەلازادە

لە ناوچەی خۆشناوەتی لە مانگی(9) کاتێک تری بەتەواوتی پێدەگات خاوەن ڕەز و ئەو کەسانەی دەیانەوێت دۆشاوی تری دروست بکەن، دەست دکان بە دروستکردنی دۆشاوی تری..
دەربارەی چۆنیەتی دروستکردنی دۆشاوی تری سالّح غەفور کە خەریکی دروستکردی دۆشاوی تری بوو باس لە چۆنیەتی دروستکردنی بۆخەبات کردو گوتی: سەرەتا کاتێك تری کەمان تەواو پێگەیی دەستدەکەین بە لێکردنەوە و کۆکردنەوەی دواتر دەیشۆینەوە ئینجا کەم کەم دەیکەینە ناو گوش (گونیە) لەناو کۆل جاران کۆل لە دار دروست دەکرا ،بەڵام ئێستا لە بلۆك و چیمەنتۆ یان لە ئاسن دروست دەکرێت، کۆل لێوارەکانی لە ناوەندەکەی بەرزترە و تریّی ئامادەکراوی ناو گوشەکە لە ناو کۆلەکە کەسێك بەپێکانی بەسەری دەکەوێت ئاوەکە لە تڕێکە جیا دەبێتەوە بەلوولەیەك دەچێتە ناو دەفڕێك یان هەر شتێك دواتر دەیگوازینەوە بۆ ناو مەنجەڵێکی گەورە و ئامادەکراو بۆ کوڵاندن، دوای چەند خولەکێك لەکوڵاندنی ئینجا جۆرە خۆڵێکی تێ دەکرێ و لە کوڵان بەردەوام دەبێ تا خەست دەبێتەوە، ئیتر دوای سارد بوونەوە ئامادەیە بۆ خواردن.

